# داعش

## لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی

# داعش
# لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی

ستیڤان شەمزینی

داعش
# لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی


نووسینی: ستیڤان شەمزینی

تایپ: نووسەر

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

ساڵی چاپ: ٢٠١٥

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

شوێنی چاپ: سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (    ) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە

## پێشەکی

قسەکردن لە هەمبەر دیاردەیەکی ئاینیی- سیاسیی وەك فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی پێویستی بە توێژینەوە و رامانی قووڵ هەیە لە کەلەپوور و مێژووی ئیسلام و نەشونماکردنی بزووتنەوە توندئاژۆکان و ماکە فکریی و ستراتیجییەکانیان. ئەمەش پێویستی بە کات و لە خۆبردوویەکی زۆرە. ئەوەی ئێمە لێرەدا خستوومانەتە روو، هەوڵێکی بچووکە لە راستای خوێندنەوەی دیاردەیەکی وەك ئیسلامی سیاسیی، بەڵام بە زمانێکی رۆژنامەوانی رووت، چوون زمانی رۆژنامەوانی جیاوازییەکی قووڵی هەیە لەگەڵ زمانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و زانستی.

کۆی ئەو چواردە وتارەی لە توێی ئەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٥ نووسراون، بەڵام دەبێت خوێنەر ئەوە بزانێت سەرجەمیان بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان نووسراون و لە ساتەوەختی تایبەتی خۆیاندا بڵاوکراونەتەوە. بە بۆچوونی تایبەتی خۆم گرنگی و بایەخی ئەم کتێبە لەوەدا دەردەکەوێت خوێندنەوەیەکی رۆژنامەوانیانەیە بۆ ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی

و سیاسییەی ئیسلامی ئسوڵی تێیدا گەشەی کـردووە، بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان لە دوای راپەڕینیساڵی ١٩٩١ەوە بە شێوەیەکی چڕتر رووبەڕووی ئەو دیاردە ئاینییە سیاسییە بـووەوە کە دەمێك ساڵ بوو لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی ناوچەکەدا خۆی تەرح کردبوو.

بێگوومان ئەم هەوڵەی ئێمە تاکە هەوڵ نییە لەو بوارەدا، بەڵکو لە مـاوەی چەند ساڵی رابـــردوودا، دەیـان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی و رۆژنامەوانی، لەمەڕ ئیسلامی سیاسیی بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کتێبخانەی کوردیی پێویستییەکی زۆری بە سەرچاوەی زیاتر هەیە بە زمانی کوردیی لەو بـارەوە، لەم پێناوەشدا بە هەستکردن بە گرنگی بابەتەکە و پێویستی کۆمەڵگە بە رەخنەی سکۆلاریستی لە ئاین و خودی ئیسلامی سیاسیی، ئەو زنجیرە وتارەمان لە میانەی ئەم کتێبە خاکەڕایەدا بە چاپ گەیاندووە.

پێشتر ویستم ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانی «ئیسلامی سیاسیی وەك دوژمنی دیموکراسی» چاپ و بڵاو بکەمەوە، بـەڵام بەهۆی زەقبوونەوەی رۆڵـی داعش لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کە لە هەنووکەدا لە هەموو رێکخراوە ئیسلامییە جیهادییەکان بەناوبانگتر و مەترسیدارتریشە. ئێستا داعش چەترێکی فراوانە بۆ گشت جووڵانەوە و رێکخراوە

تێرۆریستییە ئیسلامییەکان لە تەواوی جیهاندا، بەو بۆنەوە پێمان خۆشبوو ناونیشانی کتێبەکە بگۆڕین بۆ «داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی» کە یەکێك لە وتارە چڕەکانی ناو ئەم کتێبەش خوێندنەوەیەکی مێژوویی و هەمەلایەنەیە بۆ داعش و بنەما ئاینییەکانی کاولکاریی و تیرۆریزمی ئەو ڕێکخراوە.

لە کۆتاییدا خوازیارم ئەم تەقەلا بچووکەی ئێمە لە راستای رەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسیی و پەردە هەڵماڵین لە ئاست کوشندەیی ئەجینداکانی ئەو تەوژمە ئسولیانە، خزمەتێکی کۆمەڵگە و کۆمەکێکی سادەی بزووتنەوەی سکۆلاریزممان لە کوردستان کردبێت. لێرەوە بانگەوازی نووسەرانی سکۆلار و ئازادیخواز دەکەم بە جیددی قۆڵی خەبات و کارکردن بە دژی ئەو بیرۆکە سامناکانە هەڵبماڵن کە دەکرێت مەترسییەکی هەمە رۆژە بێت لەلایەن ئەو رەوتە تاریکبیرانەوە لە دژی کۆمەڵگەی کراوە و شارستانی. پێویستە کەس خۆی بە کەم نەبینێت و هەرەوەزییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەوژمە کۆنەپەرستانە بێتە ئاراوە، تاکو هەمووومان لە سایەی ئازادیی و دوور لە مەترسیی تیرۆر و تۆتالیتاریزم و فاشیزمی ئاینی درێژە بە ژیانی خۆمان بدەین.

نیسانی ٢٠١٥

-١-

## داعش یان ئیسلام بە ئۆرسۆدۆکسی؟

ڕەنگە هیچ ناوێك هێندەی داعش «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام» لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا، نەبووبێتە مایەی تێڕامان و جێگەی باس و خواسی هەمەلایەنە چ لەسەر ئاستی میدیا و ناوەندەکانی سیاسەت، چ لەسەر ئاستی گەلێری و میللی. ئەگەرچی گۆشەنیگاکان لەمەڕ تێفکرین و خوێندنەوە بۆ خودی داعش و ئامانجەکانی ئەو تەوژمە تیرۆریستییە لێك جودان، بەڵام دەکرێت خاڵی ناوکۆیی و بەیەك گەیشتنی دیتن و شرۆڤەکان لەوەدا یەکبگرنەوە کە زۆرینە کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم گروپە تیرۆریستییە دژی هەموو بەها مرۆیی و مودێرنەکانی ژیانی هاوچەرخە و دەیەوێ گالیسکەی مێژوو بۆ سەدە تاریکەکان بگەڕێنێتەوە.

ئەم ڕێکخراوە ئەگەرچی نوێباوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و واقیعی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو دنیابینییەی داعش نوێنەرایەتی

دەکات، زۆر دێرینە و تەمەنێکی چەند سەدەیی تێپەڕ کردووە.
لە باری واقیعییەوە ڕێکخراوێك بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام» بۆ دوای رووخانی ریژێمی عێراق و سەدام لە نیسانی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، واتە هاوزەمان لەگەڵ گواستنەوەی شەڕی شانە و تۆڕە تیرۆریستییەکان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و پارچە پارچەبوونی ئەلقاعیدە، ئەم گروپە لە ناو کەشێکی پڕ تیرۆر و خوێناوییدا سەرهەڵدەدات.

ڕەگوڕیشەی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوی (التوحید و الجهاد) بە سەرپەرشتی (ئەبو موسعەب زەرقـاوی)، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ پاش بەرفراوانبوونی چالاکییەکانیان و بەیعەتدانیان بە(ئوسامە بن لادن) و وەرگرتنی ڕەزامەندیی لەلایەن قاعیدەوە، ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ڕێکخراوی (القیادە الجهاد فی البلاد الرافیدین) و بوونە باڵی قاعیدە لە عێراق. ساڵی (٢٠٠٦)دا (ئەبو موسعەب زەرقاوی) لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە باکووری بەعقوبە کوژرا، هەر ئەوکات (ئەبو ئەیوب میسری) ناسراو بە (ئەبو حەمزەی مهاجر) شوێنی گرتەوە. پاشان لە ١٥-١٠-٢٠٠٦ ئەم ڕێکخراوە بڕیاری خۆ ڕێکخستنەوەیاندا لەچوارچێوەی فۆرمێکی نوێتردا خۆیان بەناوی ( دوله العراق الاسلامیه) ڕاگەیاند و (ئەبو عومەر بەغدادی) کرابە ئەمیری ڕێکخراوەکە.

لە بەرواری ١٩-٤-٢٠١٠دا لە ڕێی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمەریکا و سوپای عێراق (ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزەی مهاجر) پێکەوە لە بەغداد کوژران. دە ڕۆژ پاش کوژرانیان، ئەنجوومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا بڕیاریدا (ئەبوبەکر بەغدادی) دەستنیشان بکات، وەك ئەمیری نوێی ڕێکخراوەکە.

هەر دوای تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی سوریا و بەرپابوونی شەڕی چەکدارانە بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕیژێمی ئەسەد، (ئەبو بەکر بەغدادی) خۆی گەیاندە سوریا و هەر لەوێ چاوی کەوت بە کەسایەتییە دیارەکان و باڵە جیاکانی دیکەی ڕێکخراوی قاعیدە لە و وڵاتەدا، بەتایبەت (الجبهە النصرە). بەغدادی پێشنیاری یەکگرتنی گروپە جیهادییەکانی بۆ (ئەیمەن زەواهیری، ڕابەری ڕێکخراوی قاعیدە) بەرزکردەوە لە سوریا و عێراق. دوای دوو مانگ لەم پێشنیارە (زەواهیری) ڕەزامەندیی نیشاندا، بەم چەشنە لە بەرواری ٩-٤-٢٠١٣ لە ڕێی تۆمارێکی دەنگییەوە (بەغدادی) ڕێکخراوی (الدولە الاسلامیە فی العراق و الشام- داعش)ی ڕاگەیەند.

پاشتر بەهۆی لاوازبوونی ڕیژێم لە سوریا، توانیان سەرەتا چەند ناوچەیەکی ستراتیجی لە سوریا داگیر بکەن و شاری «ڕەققە» بکەنە پایتەختی خەلافەتەکەیان، دواتریش بەهۆی

لاوازیی حکوومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی «نوری مالیکی» توانیان چەند شارێکی گەورەی وەك موسڵ و تکریت و بەشێك لە پارێزگای ئەنبار و دیالە و کەرکووك بگرن، هاوکات بەرەو ناوچە کوردستانییەکانی وەك شەنگال و جەلەولا و مەخموور و گوێڕ پێشڕەویی بکەن. لە ئێستادا داعش قەڵەمڕەوی هەیە بەسەر ناوچەیەکی فراوان و ستراتیجی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریادا و لە شەڕێکی قورس و یەکلاکەرەوەشدایە لەگەڵ سوپای عێراق و پێشمەرگە لەلایەك و هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی رۆژئاوایی بەتایبەت ئەمەریکا، لەلاکەی ترەوە.

ئەوەی ئێمە گەرەکمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین، هۆکار و شێوازەکانی دروستبوونی رێکخراوی داعش نییە، هەروەك چۆن نامانەوێ گریمانەی سەرەنجام و کۆتایی ئەو رێکخراوەش بکەین. جگە لەوەش نامانەوێ باسی ئەو گەمە ناوچەیی و نێودەوڵەتییانە بکەین کە لە شەڕی داعشدا هەیە، هەروەك چۆن ئەوەی جێگەی باسی ئێمە نییە ئەو سیناریۆیانەشە لە پشت هاتنە ئارای رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش هەیە. ئامانجی سترۆکتۆری ئێمە بریتییە لە بەراووردکاریی لە نێوان رەفتار و کردەوەکانی داعش لەگەڵ دەقە ئاینییەکانی ئیسلام و ئەزموونی چەند سەدەیی دەسەڵاتی ئیسلامی،

چوونکە هەندێك دەیانەوێ ئەو مامەڵە دڵڕەقانەی داعش و تاوانکارییەکانیان بخەنە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلام.

ئێمە لێرەدا بەڵگەی ئەوە دەخەینە روو، مامەڵەی داعش و تاوان و کاولکاریی و رەفتارە هۆڤانەکەیان شتێکی نامۆ نییە لەناو مێژووی ئیسلامیدا، تەنانەت شتێکی نامۆ نییە بە تێکستە قورئانییەکان. تەنانەت نامۆ نییە بە هەڵسوکەوتی ئیسلام لە پێغەمبەرەوە تا هەنووکە. بە پێچەوانەوە زۆربەیان لە میانەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامیدا پیادە کراون، رەنگە داعش رێکخراوێکی نوێ نەبێت لە بواری داهێنانی کوشتن و بڕیندا، بەقەدەر ئەوەی هێزێکی تازەیە کە نوێنەرایەتی عەقڵییەت و مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی زۆر دێرینتر دەکات. هەربۆیە من داعش بە دیاردەیەکی تازە نابینم لە مێژووی ئیسلامیدا، بەقەد ئەوەی زیندووبوونەوەی رۆحێکی وێرانکارە کە بارگاوییە بە رۆحی ئیسلامگەریی.

ئەگەر ئێمە سەیری قورئان بکەین، وشەی «کوشتن- قتل» بەهەموو مانا و رەهەندە جۆراوجۆرەکانییەوە ١٧٤ جار دووبارە بۆتەوە، بەڵام وشەی «نوێژ» کە یەکێکە لە سەرەکیترین کۆڵەکانی ئاینی ئیسلام تەنیا ٩٩ جار دووبارە بۆتەوە. یەك ئایەت هەیە کە رۆژووی کردووە بە یەکێك لە روکنەکانی ئیسلام و ساڵانە ملیۆنان موسڵمان یەك مانگ بەرۆژوو دەبن، بەڵام

دەیان ئایەت هەیە کە هانی کوشتن و خوێنڕشتنی ناموسڵمانان دەدەن، چەندین ئایەت هەیە جیهاد و کوشتاری کردۆتە یەکێك لە بنەماکانی ئاینەکە. بۆیەکا لەم روانگەوە دەتوانین بڵێین خودی ئاینەکە ئەوەندەی بواری تێدایە بۆ توندوتیژیی و سڕینەوەی بەرانبەر، بە چارەگی ئەوە زەمینەی پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن و تولەرانسی تێدا نییە.

رەنگبێ خەڵکانێك هەبن، نموونەی کۆمەڵێك ئایەت بهێننە پێشەوە کە باس لە ئازادیی ئاین و هەڵبژاردنی بیروڕا دەکات، لە چەشنی «لا اکراه فی الدین» و کۆمەڵێك ئایەتی تری هاوشێوە، بەڵام بە سەرنجدان لە خودی ئەوەی پێی دەوترێ «علوم القران» بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی ئەو ئایەتانە «نەسخ» بوونەتەوە، ئایەتی نەسخبووەش حوکمی لێ وەرناگیرێت، بە پێچەوانەوە هەموو ئەو ئایەتانە بە ئایەتەکانی سورەتی «التوبة» نەسخ بوونەتەوە. چوونکە ئەو ئایەتانەی پێشوو زادەی قۆناغی مەککە بوون، چون لە قۆناغی سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا ئاینەکە بانگەشەی ئازادیی ئاین و ئامانجی هاوبەشی ئاینەکانی تری دەکرد، بەڵام لە قۆناغی مەدینەدا کاتێك باڵانسی هێز بەلای موسڵماناندا دەشکێتەوە، ئایەتەکان زمانیان دەگۆڕێت بۆ زمانی هەڕەشە و کوشت وبڕ.

نووسەری نێوداری عەرەب «هادی عەلەوی» لە کتێبەکەیدا

«مێژووی ئەشکەنجەدان لە ئیسلامدا» بە وردیی و هەمەلایەتە تیشکی خستۆتە سەر شێوازەکانی کوشتن و ئەشکەنجەدانی نەیارانی ئیسلام بە درێژایی مێژووی ئیسلام، ئەگەر بە وردیی بەراوورد بکەین لە نێوان ئەو فۆرمانە لە توندوتیژیی کە داعش بەکاریدەهێنێت لەگەڵ ئەو شێوازانەی لە مێژووی ئیسلامیدا بەکارهاتووە، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەین شیاوی باسکردن بێت.

عەلەوی لە کتێبی ناوبراودا، چەندین شێوازی توندوتیژیی و ئەشکەنجەدان و لەناوبردنی فیزیکی خستۆتە روو، لە نموونە «کەوڵکردن، سووتاندن، سەرپەڕاندن، لێدان و جەڵدە لێدان، پەل و پۆ بڕین، ئەشکەنجەدانی جنسی، ئەشکەنجەدان بە چەرخ، زگ هەڵئاوساندن لە رێگەی چەرخەوە، کوشتن بە قسڵ «الموت بالنورە»، تەزاندن و رەقکردنەوەی پاش قامچیکاریی، زگ هەڵئاوساندن لە رێگەی بەنجەوە، پچڕینی گۆشت لەلاشە، شکاندن بە دوو داری ئەستوور، تێڵا تێبڕین و کوت کوتکردن، کوشتن لە رێگەی برژاندن، گوێ و لوت بڕین و چاو هەڵکۆڵین، بۆری ئاگرین، نینۆك کێشان، ئەشکەنجەدان بە قامیش، زیندە بەچاڵکردن، لە خاچدان و هتد.....».

ئەگەر سەیر بکەین داعش شتێکی نوێی لە بواری کوشتن و توندوتیژیدا دانەهێناوە، جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەو

شێوازانەی بە درێژایی دەسەڵاتی ئیسلامی پەیڕەوکراون. سەرپەڕاندن بە شمشێر و سووتاندن دوو شێوازن داعش زۆرترین جار پەیڕەویی لێ دەکات، ئەوەش لە مێژووی ئیسلامیدا زیاتر لە چەندین جار دووبارە بۆتەوە.

هادی عەلەوی دەنووسێت: ئەبوبەکری سدیق لە میانەی ئامۆژگارییەکانی بۆ ئەو سوپایەی بۆ لەناوبردنی هەڵگەڕاوەکان ناردوویەتی فەرمانی پێداون بیانسووتێنن. هەروەها «تەبەری» دوو کتێبی لەمبارەوە هەیە و رووداوی وەهای تێدایە کە بە فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ کراون. «بەلازەڕی» لە «فتوح البلدان»دا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە «خالیدی کوڕی وەلید» هەندێك لە هەڵگەڕاوەکانی دوای بەدیل گرتنیان سووتاندووە.

بەشێکی بەرچاویش لە فوقەهای ئیسلامی رێگە دەدەن بە سووتاندنی مرۆڤ بەتایبەتی بە پشت بەستن بە نموونەی سووتاندنی هەڵگەڕاوەکان و پیاوێکی نێرباز لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیقدا. داعش پاساوی شەرعی و نموونەی پیادەکراوی کردۆتە پاڵشت بۆ سووتاندنی نەیارانی خۆی. لە نووسراوێکدا رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وەڵامی ئەو پرسیارە (حوکمی سووتاندنی کافر تاوەکو دەمرێت چییە؟) دەداتەوە و چەند بەڵگە و فەرمووده و تەفسیرێك دەهێنێتەوە و شەرعیەت دەداتە سووتاندنی مرۆڤ.

لەو نووسراوەدا داعش رایگەیاندووە لە هەر دوو مەزهەبی شافعی و ئەحناف سووتاندن بە رەهایی رێگەپێدراوە و پشتیان بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (محەمەد) بەستووە کە وتوویەتی (کەس بەئاگر سزا نادرێت تەنیا خودا ئەو کارە دەکـات)، واتـا خـودا خۆی خەڵك دەسوتێنێت، مەهلەبیش وتوویەتی «ئەو رەتکردنەوەیەی خودا مەبەستی حەرامکردنی نییە بە رەهـایـی»، بەڵکو رێگەپێدراوە. لە بەشێکی تری نووسینەکەدا داعش ئاماژەی بەوە کردووە کە ئیبن حەجەر «رێگەی بە سووتاندن داوە و هاوەڵانیش ئەوەیان کردووە، تەنانەت پێغەمبەریش ئاسنی سوورکراوەی بە ئاگر کردووەتە چاوی عەرەنییندا و خالیدی کوڕی وەلیدیش چەندین کەسی لە خەڵکی (رەدە) سوتاندووە».

خودی توندوتیژییەکە لەسەردەستی پێغەمبەر «محەمەد» دەستی پێکردووە، لە سەردەمی ئەودا توندوتیژیی و جیهاد وەك پارێزەری ئاینەکە ناسێندرا، لە رێگەی ئایەتەکانی جیهاد بەتایبەت سورەتی «تەوبە» فۆرمۆڵەی جیهادی ئیسلامی کرا، بۆ نموونە دەستکەوت و غەنیمەتی شەڕ بە پێی ئایەتێك دیاریکرا کە دەبوو پێنج یەکی هەر غەنیمەیەك بۆ خودی پێغەمبەر بێت، هاوکات خوێن و ماڵی نەیارانی ئیسلام حەڵاڵ کرا، ئەمە جگە لەوەی هاوسەرەکانیان دەکرانە کەنیزەك و وەك دەستکەوتی

شەڕ بەسەر سوپای ئیسلامیدا دابەش دەکران.

لە سەردەمی پێغەمبەردا، تیرۆری نەیارانی ئاینەکە لەلایەن خودی پەیامبەرەوە ڕەوایی پێدرا و چەندین جار پیادەکرا لە نموونەی: کوشتنی «عەسمای کچی مەروان». کە پێغەمبەر «عومەیری کوڕی عودەی» نارد بۆ کوشتنی، ناوبراو لە ناو منداڵەکانیدا کە بەدەوریدا نوستبوون ئەم ژنەی کوشت، بە پاساوی ئەوەی زەمی پەیامبەری کردبوو.

کوشتنی «ئەبی عەفەکی یەهودی» کە تەمەنی لە ١٠٠ ساڵ تێپەڕیبوو، نموونەیەکی ترە لە تیرۆر لە سەردەمی پێغەمبەردا. ئەبی عەفەك شیعری هەجوی لەسەر پەیامبەر دەوت، ئەوەبوو پێغەمبەر «سالمی کوڕی عومەیر»ی نارد بۆ کوشتنی، ئەویش لە کاتی خەودا شمشێرێکی کردە ناو جەرگی و کوشتی. پاشان کوشتنی «کەعبی کوڕی ئەشرەف» کە قوڕەیشی هاندەدا دژی موسڵمانان، نموونەیەکی ترە لە تیرۆر لە سەردەمی پێغەمبەردا، چوون خودی پێغەمبەر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کوشتنەکەی کرد و ٥ پیاوی نارد بۆ لەناوبردنی و تاکو «بقیع الفرقد»یش چوو لە تەکیاندا، پاش ئەوەی «کەعب»یان کوشت و سەرە بڕاوەکەشیان هێنایەوە بۆ پێغەمبەر.

هاوزەمان کوشتنی «ئەبی ڕافع کوڕی عەبدوڵڵا، سەلامی کوڕی ئەبی حەقیق، دایکی قرفە، ئیبن شەیبنینە» کۆمەڵە

کوشتنێك بـوون لـەسـەر راسـپـاردەی خـودی پێغەمبەر ئەنجامدران بەتۆمەتی هەجوکردن و دژایەتی پەیامبەری ئیسلام. ئەگەرچی لە گرتنی مەککەدا لێبوردنی گشتیی دەرکرا، بەڵام وەك «عەلی دەشتی» لە کتێبەکەیدا «بیست و سێ ساڵ پێغەمبەریی» ئاماژەی بۆ کردووە: پێغەمبەر چەند کەسێکی جیاکردەوە و فەرمانی دا لەهەر جێگەیەك دۆزرانەوە بیانکوژن تەنانەت ئەگەر پەنایان بردبێتە بەر کەعبەش. ئەمانە بریتی بوون لە: سەفوان کوڕی ئومەییە، عیکرمە کوڕی ئەبوجەهل، عەبدوڵڵای کوڕی خەتەل، مقبس کوڕی سەباب، حویرس کوڕی نەفیر. شەشەم کەس «عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەرح» بوو کە ماوەیەك لە مەدینەدا دەستەی نووسەرانی وەحی بوو. هەروەها دوو کەسی تر بەناوەکانی «فرتنا و قریبە» لەبەرئەوەی چەندین بەیت و دێڕی گاڵتەجاڕانەیان لە بارەی پێغەمبەرەوە بڵاوکردبووەوە.

هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا، قەلاچۆی هەر سێ هۆزە جولەکەکەی مەدینە کرا، تەنانەت بەپێی ژێدەرە مێژووییەکانی خودی موسڵمانان خۆیان، تەنیا لە هۆزی «قریزە» نزیکەی ٨ هـەزار کەس زیندەبەچاڵکران و سـەروەت و سامانیان بە غەنیمەت گیرا و ژنەکانیان کرانە کەنیزەك و مناڵەکانیشان بە کۆیلە. دواتر لە ساڵی حەوتەمی کۆچی، پێغەمبەر فەرمانی

گرتنی قەڵای خەیبەر دەدات کە شوێنی ئاوارە جووەکان بوو، پاش ئـەوەی کوشتارێکی زۆریـان لێدەکات، سامانەکانیان تاڵان دەکرێت و ژنەکانیان دەکرێنە کەنیزەك، تەنانەت خودی پێغەمبەر «سەفیەی کچی حـەی کـوڕی ئەختەب» وەك دەستکەوتێکی شەڕ لە خۆی مارە دەکات کە دیلێکی جوو بوو.

ئیبن ئیسحاق، باسی گرتنی قەڵای خەیبەر دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر «کینانەی کوڕی رەبیع» بانگ دەکـات کە شوێنی گەنجینە شاراوەکەی بەنی نەزیری دەزانی، پرسیاری شوێنی گەنجینەکەی لێکرد، ئەویش ئینکاری کرد شوێنی گەنجینەکە بزانێت. بۆیە پیاوێکی یەهودی بانگ کرد و ئەو یەهودییە بە پێغەمبەری وت بەچاوی خۆم کینانەم دیوە هەموو رۆژێك دەهات بۆ ئەم کەلاوەیە. پێغەمبەریش بە کینانەی وت دەزانی ئەگەر گەنجینەکە لێرە بدۆزمەوە دەتکوژم؟. کینانەش وتی بەڵێ. پێغەمبەر فەرمانی کرد کەلاوەکە هەڵبکەنن و ئەوانیش هەڵیانکەند، شوێنی چەند گەنجینەیەك دەرکەوت، پێغەمبەر پرسیاری لە کینانە کرد شوێنی گەنجینەکە لە کوێدایە؟. کینانەش ئینکاری دەکرد، پێغەمبەر بە زوبێری کوڕی عەوامی وت بڕۆ کینانە ئەشکەنجە بدە تا پێی دەردەخەیت. دواجار پێغەمبەر کینانەی ناردە لای محەمەدی کوڕی مسلمە و ئەویش ملی پەڕاند.

دەبینین سوپای ئیسلام دەستی نەپاراستووە لە کوشتن و سەرپەڕاندن، تاڵانکردن و بە کەنیزەك گرتنی ژنان. تەنانەت بەشێك لە مێژوونووسان پێیانوایە فاکتۆری دەستکەوت و غەنیمەت رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە سەرکەوتنەکانی سوپای ئیسلام هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا دوا چرکەساتی قۆناغی فتوحاتی ئیسلامی.

عەلی دەشتی، لە کتێبی «ئیسلامناسی»دا دەنووسێت: لە «فتوج البلدان»ەوە وا دەردەکەوێت کە ئەبوبەکری سدیق، لە ناردنی سوپا بۆ شام، لە هاندەری دەستکەوت و غەنیمەت کەڵکی وەرگرتووە و بەهیوای چنگکەوتنی دەستکەوت و غەنیمەت سوپاکە بەرەو شام هاندراوە. هەروەها لە رۆستەم «فەرماندەی سوپای ئێران» و «مغیرەی کوڕی شعبە»ش وا گەیەندراوە کە هاندەری شەڕی عەرەبەکان لە باوەڕێکی ئاینییەوە نەهاتووە بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و غەنیمەت بووە.

«بارتولد» و «گلدزیر» و «فیلیپ حتی» و توێژەرانی دیکەش لە لێکۆڵینەوەکانیان وای دەردەخەن کە جەنگاوەرانی عەرەب پتر بەمەبەستی چنگخستنی ماڵ و دەستکەوت و سامان وەك هاندەرێکی سەرەکی شەڕیان دەکرد. لەم روانگەوە عەرەبە بەدووەکان کە نانی خۆیان لە رێی غەزەوات و بە نووکی شمشێر پەیدا دەکرد، بوونە بزوێنەری سوپای عەرەبی ئیسلامی. بەم

بۆنەوە بوو «ئیبن خەلدون» گەیشتە ئەو بڕوایەی عەرەبی موسڵمان دەستی بگاتە هەر شوێنێك وێرانی دەكات.

ئەگەر چاوێك بە «فتوحاتی ئیسلامی»دا بخشێنینەوە و بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری مێژوو بکەین، رەنگە سوپای ئیسلام لە ریزی دڵڕەقترین و وێرانكەرترین سوپاكاندا بێت بە درێژایی مێژوو. مرۆڤ كاتێك مێژووی «تەبەری» و «تەواوی مێژوو»ی «ئیبن ئەسیر» و چەندان كتێبی تری مێژوویی دەخوێنێتەوە، تێدەگات ئەوەی ئیسلامی بەو خێراییە گەیاندە زۆر جێگەی دوور و ئاینەكە لەماوەیەكی پێوانەیدا گەیشتە رۆژهەڵاتی دوور و نزیك لێوارەكانی ئەوروپا، حیكمەت و بەخشندەیی ئاینەكە نەبوو، بەقەدەر ئـەوەی ترس بوو لە سوپایەكی دڵڕەق كە تەنیا و تەنیا كوشتن و كاولكاریی دەزانی.

د.كامیل نـەجـاڕ، باسی فتوحاتی ئیسلامی دەكـات و دەنووسێت: غەزای سیند و هیند لەسەردەمی «حەجاجی كوڕی یوسفی سەقفی»دا بە لوتكەی توندوتیژیی جیهاد لە ئیسلامدا پێناسە دەكرێت. سەركردەی سوپای حەجاج لە سینددا ساڵی ٧١٢ی زاینی «محەمەدی كـوڕی قاسم» بـوو. حەجاج ئەو فەرمانەی بۆ دووپاتكردەوە كە هەڵستێت بە كوشتنی هەموو ئەو پیاوانەی شەڕیان كـردووە و كەنیزەكەكانیش بەدیل بگرێت. لەسەر ئەم بڕیارە كاتێك موسڵمانەكان چوونە ناو شاری

«برهامباد»ەوە «محەمەدی کوڕی قاسم» فەرمانی دەرکرد هەموو ئەو پیاوانەی سەرباز بوون سەریان بپەڕێنرێت. ژمارەی سەربڕاوانەی ئەو کارەساتەش بە شەش هەزار کەس مەزندە کراوە و هەندێکیش دەڵێن شانزە هەزار بووە.

هیندیش کە لە ساڵی ١٠٠٠ی زاینی لەلایەن «مەحموود قارنی»ەوە داگیرکرا، لەگەڵ خۆیدا گەردەلولێکی بردە ئەو وڵاتە، پەرستگاکانی رووخاند، ئاڵتوون و زێڕ و زیوویان هەڵلووشی، ئەوەندەی خوا حەز و ئارەزووی کرد کوشتاریان کرد، یەکەمجار بە دیلکردنی پاشا «بنجاب» دەستیپێکرد و دواتر دانیشتوانی «قور»یان ناچار کرد ببنە موسڵمان، کاتێکیش شاری «ماتورا»یان داگیرکرد کە شوێنگە و قیبلەگای خوا «کریشنا» بوو، گەورەترین پەرستگایان رووخاند و تێیدا دەستیان گرت بەسەر ٥٠٠ پەیکەری ئاڵتوونی رەشادی کە درێژیی هەر پەیکەرێك پێنج یارد بوو. هەروەها لە شاری «سومنات»یش «مەحموود قارنی» زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسی کوشت و ئەوەی بۆی کرا تاڵانی کرد.

لە ساڵی ٧٩٣دا ئەمیر هیشام، سوپایەکی بە سەرکردایەتی «عبدالملك بن عبدالواحد» ناردە ناوەڕاستی ئەندەلوس و ئەویش قەڵەمڕەوی کرد تا گەیشتە قەیرەوان. بە درێژایی چەند مانگێك لە تەواوی وڵاتەکەدا کاری هەر ئەوە بوو بکوژێت و هەڵلووشێ و ژنەکانیان بە کەنیزەك ببات. کاتێکیش بە

سەلامەتی گەڕایەوە ئەوەندە دیل و کەنیزەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە مەگەر هەر خودا دەنا کەس ژمارەیانی نەدەزانی.

سوپای ئیسلام نەك هەر دەستی لە کوشتوبڕ نەباراستووە، بەڵکو گەیشتبێتە هەر شوێنێك پرۆسەیەکی کاولکاریی دەستپێکردووە، تەنانەت بە بڕوای «عەلی دەشتی» نووسەری کتێبی «ئیسلامناسی» کوشتنی «عومەری کوڕی خەتاب» لەسەردەستی «فەیرۆز ئەبو لولوئە» کاردانەوەی ئەو دڕندەییەی سوپای ئیسلام بووە. بۆیە دەنووسێت: کاتێك دیلەکانی شەڕی «نەهاوەند»یان بۆ مەدینە دەبرد، فەیرۆز لەولاوە وەستابوو، سەیری دیلەکانی دەکرد و دڵی منداڵە وردەکانی دەداوە و دڵنەوایی دەکردن و دەستی بەسەردا دەهێنان و دەیگووت: «عومەر جەرگی خواردم». ژن و کچە دیلەکانی ئەم شەڕانەیان لە بازاڕی مەدینە فرۆشت و ناوی «وسبانا» و «ئوسرا»یان لێنان.

ئەو پرۆسە وێرانکارییەی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا دەستیپێکرد و تا دواڕۆژەکانی تەمەنی خەلافەتی عەبباسی بەردەوام بوو، لە ئاستێکدایە، جاری وا هەیە مرۆڤ تووشی شۆك دەکات. تەنانەت ماتریاڵە بێ رۆحەکانیش لە دڕندەیی سوپای ئیسلامی دەرباز نەبوون. چەندان پەیکەری بەنرخیان شکاند، چەندان پەرستگا و کتێبخانەیان سووتاند، هەزارەها جێگەی پەرستنیان کاول کرد، هەزارەها ئاسەواری

شارستانێتییە دێرینەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد.

«ئیبن خەلدون» لە کتێبی «المقدمە»دا دەنووسێت: کاتێك سەعدی کوڕی وەقاس شاری «مەداین» داگیر دەکات، بە نامەیەك لە «عومەری کوڕی خەتاب»ی پرسی چی لەو هەموو کتێبانە بکات کە لە مەداین هەن؟. عومەر لە وەڵامدا نووسیبووی: هەموویان بە ئاودا بدە. ئەگەر ئەو شتانەی لەو کتێبانەدا هەن بۆ رێنماییکردن بن ئەوا خوا قورئانی بۆ ئێمە ناردووە کە لەمانە رێنیشاندەترە، خۆ ئەگەر ئەم کتێبانەش بێجگە لە مایەی گومڕایی شتێکی دیکە نەبن ئەوا خوا لە شەڕی ئەم کتێبانە بەدوورمان دەگرێت. لەبەرئەوە هەموو ئەم کتێبانە بە ئاودا بدە یان بیانسووتێنە.

وەنەبێت ئەمە شەپۆلی توندوتیژییە تەنیا لە سەردەمی خەلاقەتی عومەرەوە سەریهەڵدابێت، بەڵکو لە ساتەوەختی جەنگی «بەدر»ەوە دەستیپێکردووە و پێغەمبەر خۆی لە چوارچێوەیەکی پیرۆزدا فۆرمۆڵەی کردووە. دواتر لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیق ئەو توندوتیژیی و وێرانکارییە پەرەیسەندووە و پاشان قۆناغ بە قۆناغ زیاتر تەشەنەی کردووە، بەڵام هەموو ئەمانە بە پاڵپشت بە دەقی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر ئەنجام دراون.

ئەگەر نموونەیەك بهێنینەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی

«ئەبوبەکر»دا، هێرشی سوپای ئیسلام بوو بۆ سەر ئەوانەی بە «هەڵگەڕاوە» ناوزەد کراون، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوان باوەڕداربوون بە ئیسلام بەڵام ئامادە زەکاتدان نەبوون. کەچی ئەبوبەکر بە سووتاندن و کوشتن و سەرپەڕاندن وەڵامی داونەتەوە. بۆ وێنا هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، خالیدی کوڕی وەلید، پاش ئەوەی لەسەر نەدانی زەکات «مالیکی کوڕی نویرە» لەناوچەی «بەتاح» دەکوژێ و دەیسووتێنێت و بەزۆرەملێ ژنەکەی مارە دەکات لەخۆی، خودی خەلیفەی ئیسلام بێدەنگ بووە لەم تاوانە لەکاتێکدا کەسێکی وەك مالیك باوەڕی بە ئیسلام هەبووە.

ڕەفیق سابیر، لە کتێبەکەیدا «ئیمپراتۆریای لم» دەنووسێت: ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕووداوی دەوڵەتی ئومەوی ئەو پەلامارە بێت بە فەرمانی یەزیدی کوڕی مەعاویە کرایە سەر خەڵکی شاری مەدینە. کە بەحکومڕانی یەزید ڕازی نەبوون. دوای داگیرکردنی شارەکە سەرلەشکری ئومەوییەکان «مسلمی کوڕی عەقەبە» ڕێگەی بە سەربازەکانی دا تاکو سێ شەو و سێ ڕۆژ بە ئارەزووی خۆیان بکوژن و تاڵان بکەن و دەستدرێژیی بکەنە سەر ژنان. سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی دەنووسن کە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە جنسییەی کرایە سەر ژنانی مەدینە حەوت هەزار منداڵی بێژوو لە شارەکەدا لە دایکبوون.

هەموو نامەی کتێب

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەم نموونە مێژووییانە و دەیان نموونەی تری هاوشێوە هەر لە غەزای بەدرەوە تاکو دوا هەناسەی دەوڵەتی خەلافەت، بەو ئەنجامە دەگەین داعش ئیزافەیەکی پێ نەبووە بۆ سەر ئەو شێوازانەی لە میانەی ١٤ سەدەی تەمەنی ئاینی ئیسلامدا پەیڕەو کراون، رەنگە تەنیا ماتریاڵەکان و میکانیزمەکانی ئەو پرۆسە کاولکارییانە گۆڕابن، بەو واتایەی ئەگەر پێشان بە پاچ و گۆپاڵ پەیکەر و شوێنەوارەکان کاولکرابن، ئێستا داعش بە تی ئێن تی کاولیان دەکات، ئەگەر پێشوو بە شمشێر و تیر جەنگیان کردبێت، هەنووکە سەربازەکانی داعش بە تازەترین چەکی پێشکەوتوو شەڕ دەکەن. ئەگەر جاران ئەسپسوار بووبن، حاڵی حازر داعش خاوەنی هەزاران ئۆتۆمبیلی جۆری هەمەرە.

من پێموایە ئەو بۆچوونە زۆر سادە و کرچ و کاڵە کە پێیوایە داعش رێکخراوێکی نامۆیە بە ئیسلام. یان ئەوەتا خاوەنانی ئەو بۆچوونە وێنایەکی خەیاڵی لە ئیسلامیان وەرگرتووە و فاکتە مێژووییەکان نەدیوە، یان ئەوەتا بە ئەنقەست پاکانە بۆ خودی ئیسلام دەکەن. چوونکە بمانەوێ یان نەمانەوێ خودی ئاینەکە زەمینەیەکی شێداری هەیە بۆ پەروەردەکردن و رسکانی ئەو تەرزە لە تیرۆریزم. چوون ناکرێت موسڵمان بیت و باز بەسەر سورەتی «تەوبە»دا بدەیت یان چاو لە ئاست

ئایەتەکانی توندوتیژیی و جیهاد بنووقێنیت.

ئەوەی داعش دەیکات، نموونەی پیادەکراوی هەیە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەم ساتەوەختە. داعش هیچ دیاردەیەکی نوێی لە توندوتیژیی و فاناتیسم و وێرانکاریی دانەهێناوە. بە دەربڕینێکی تر داعش ڕێکخراوێکی نوێیە، بەڵام نوێنەرایەتی عەقڵییەتێکی کۆن و دێرینتر دەکات، کە تا ئەم چرکەساتەش ئامادەبوونێکی جیددی هەیە و هەڕەشەیەکی پلە یەکیشە بۆ سەر ژیـار و ژیانی شارستانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ. ئەوانەی دەڵێن نەخێر داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات. هەرگیز ناتوانن وەڵامێکی پڕاوپڕ و لۆجیکی ئەم پرسیارە بدەنەوە. ئەگەر داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات، ئەی نوێنەرایەتی کام ئایدولۆجیا و ئاین و دیدگا دەکات؟.

ئەوانەی پێیانوایە داعش و ئیسلام دوو کایە و دوو پێدراوی جیاواز لە یەکترن، چۆن وەڵامی مێژوو دەدەنەوە کە دیرۆکی ئیسلامی تژیەتی لە نموونەی ئەو کاولکاریی و کوشتارەی داعش ئەمڕۆ پیادەیان دەکـات؟. ئاینەکە خۆی بەرپرسیاری یەکەمە نەك خودی کەسەکان. نەك خوێندنەوە و روئیاکان. چوونکە کەسانێك هەن دەیانەوێ بڵێن ئەوە تەنیا ئیجتهادێکە لە ئیسلامدا، بەڵام بە خوێندنەوەی دیرۆك و تەماشاکردنی شکستی ڕەوتە عەقڵانییەکانی ناو ئاینی ئیسلام لە نموونەی

«موعتەزیلە» و هەرەسی خولیای ریفۆرمیستە ئیسلامییەکان، دەگەینە ئەو بڕوایەی خودی ئاینەکە چەقبەستوو و توندوتیژە نەك خوێندنەوە و روانگەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین کاریگەریی چەند کەسایەتییەکی وەك «ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن تەیمییە، محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، سەید قوتب» نادیدە بگرین لە فۆرمۆڵەبەندیی ئیسلامی فێندەمینتالیست و ریشەییخواز. ئەو چوار کەسە زیاتر لە هەر کەسی تر بۆ بزووتنەوە ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیرییەکان، گرنگ و پڕ بایەخترن، چوونکە ئەوانە داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ ساتەوەختی «سەلەفی ساڵح» و هەموو بۆچوونە عەقلانی و ریفۆرمیستەکانیان رەت دەکردەوە.

رۆڵی سەید قوتب لەگەڵاڵەکردنی ئەو دیدگا جیهادیی و تەکفیرییەی ئێستا هەیە، رەنگە کاریگەرتر بێت، چوونکە قوتب پیاوێکی حەرەکی بووە و لە هەموویان هاوچەرختر بووە. ئەو لە رێگەی نووسینەکانییەوە فۆرمۆڵەی بزووتنەوەی جیهادییەکانی کرد. بەتایبەت لە رێگەی کتێبە بەناوبانگەکانی وەکوو «١-هذا الدين. ٢-المستقبل لهذا االدين. ٣- الاسلام و مشكلات الحضارة. ٤- في ظلال القران. ٥- مقومات التصور الاسلامي. ٦- خصائص التصور الاسلامي. ٧-معالم في الطريق. ٧- لماذا اعدموني». قوتب لە کتێبی «مەشخەڵەکانی رێ» بەم

دێڕە دەستپێدەکات «ئەمڕۆ تەواوی جیهان لە جاهیلییەتدا دەژی».

بە بـڕوای قوتب، جاهیلییەت ناولێنانێکی رووت نییە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام دەگرێتەوە، بەڵکو جاهیلییەت لە دەرەوەی زەمەنەکانە و هەموو ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی ئیسلامن یان لە بەها و عەقیدەی ئیسلامی لایانداوە. سەید قوتب دنیای وەك دوالیزمێك دەبینی لەنێوان ئیسلام و کوفردا، لەم سۆنگەوە جیهانی دابەشی دوو دنیا کردبوو «جاهیلییەت و ئیسلام» یان «دارولسەلام و دارولحەرب». ئەو جیهادی بە تاکە میکانیزمی لەناوبردنی ئەو جاهیلییەتە دەزانی کە بە جاهیلییەتی نوێ ناوەزەدی دەکرد.

قوتب، خەونی بە خەلافەتی ئیسلامییەوە دەبینی، لەم روانگەوە جیهادی بە تاکە میکانیزمی هێنانەدی ئەو خەونە حساب دەکـرد، بۆیە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی تەکفیر دەکرد و داوای هەڵتەکاندنی دامەزراوەکانی دەکـرد. ئەو گەرەکی بوو نەوەیەك دروست بکات لەسەر رقبوونەوە لە شارستانی خۆرئاوا، بۆیە لە جێگەیەکدا دەنووسێت «پێویستە رۆڵەکانمان وا پەروەردە بکەین کە رقێکی زۆریان لە شارستانی ئەوروپی بێت. رقێك لە ئایندەدا وایان لێ بکات تۆڵە لە مرۆڤی سپی

کتێبخانەی عەوال

بکەنەوە، ئەو مرۆڤەی سەر زەوی پڕ کردووە لە گەندەڵی و خراپەکاریی». تۆ بڵێی رووداوەکانی یانزەی سپتامبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ئەمەریکا هێنانەدی ئەو خەونەی قوتب نەبێت لەسەر دەستی تەکفیرییەکان کە لە رێگەی تێزەکانی قوتبەوە پەروەردە و گۆشکرابوون؟.

قوتب، لە هەناوی ئیخوانەوە هاتە دەرەوە، ئەگەرچی ئیخوان بە رووکەش وەك میانڕەو دەردەکەوێت، بەڵام زۆر زوو توندڕەویی قوتب ئیخوانی تێپەڕاند. ئێمە دەتوانین بڵێین سەید قوتب پردی پەیوەندییە لە نێوان ئیسلامییە تەکفیریی و جیهادییەکان بە داعشیشەوە لەگەڵ ئین تەیمییە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و تێزە توندڕەو و ئسوڵییەکانیان، ئەوانیش ئەڵقەیەکی وەسڵن لە نێوان سەید قوتب و ئەو «سەلەفی سالّح»ەی لای قوتب بە «جیل قرانی فرید» ناوزەدکرابوون. واتە بەبێ ئامادەبوونی سەید قوتب لەم نێوەندەدا رەوتی ئیسلامی جیهادی یان بۆ زەمەنێکی تر دوادەکەوت یان قاچێکی ئیفلیج دەبوو.

خولاسەی قسەی ئێمە ئەوەیە ئەو ئیسلامەی داعش نوێنەرایەتی دەکات، ئەو ئیسلامە دڵخوازەی سەید قوتبە، هەمان ئەو ئیسلامەشە ئیبن تەیمییە و ئیبن حەنبەل و ئیبن عەبدولوەهاب تامەزرۆی بوون، ئیسلامەکەی ئەوانیش

هەمان ئەو ئیسلامە ئۆرجیناڵەیە کە لەسەردەمی پێغەمبەر و دەسەڵاتی خەلافەتی راشیدیندا بوونی هەبووە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیدرکێنم ئەوەیە لای من جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان کار و کردەوەی داعش و غەزەواتی سەردەمی سەرەتای ئیسلام، بە پێچەوانەوە هەوڵی گێڕانەوەی هەمان واقیعە لەم زەمەنەدا.

پەیوەندیی نێوان داعش و کرۆکی ئیسلام پەیوەندییەکی کۆنکرێتییە، داعش بێ رتووش داوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشان و ساتەوەختی بانگەوازی ئیسلامیی لە مەککە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەند مامەڵە دزێوەکانی داعش بۆ مرۆڤایەتی سەردەم جێگەی شۆك و ئیست بن، بەڵام هیچ کات ناتوانین خۆمان لەو راستییە ببووێرین داعش هەمان نەریتی کوشت و بڕ و کاولکاریی دووبارە دەکاتەوە کە ئیسلامی پێشین ئەزموونی کردووە. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تەکفیر و خستنە دەرەوەی داعش لە چوارچێوەی ئیسلام نەك شکستخواردووە بەڵکو هەوڵێکی ناکام و کۆمیدییە، چوونکە خەونی خەلافەت و جێگیرکردنی ئیسلام لە رێگەی جیهادەوە هەمان خەونی یەکەم ئەڵقەی موسڵمانان بوو لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە.

-٢-

## ئیخوان موسلیمین
## یان دایکی تیرۆریزمی ئیسلامیی؟

سەرەنجام ئەنجوومەنی وەزیرانی میسر، بڕیاری کۆتایی لە بارەی «ئیخوان موسلیمین»ەوە دا، بڕیارەکەش بە زیانی ئەو حزبە ئیسلامییە کۆتایی هات، چوونکە بە پێی ئەو بڕیارەی حکوومەتی میسریی، ئەو ڕێکخراوە خرایە لیستی تیرۆرەوە، بە پێی ماددەی ٨٦ی یاسای سزادانی ئەو وڵاتەش، هەر ئەندامێکی ئیخوان ئەستۆپاکی خۆی لەلای لایەنە پەیوەندیدارەکان تۆمار نەکات، وەك تیرۆرست مامەڵە لەگەڵ دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر، بە ستراوەتە بە ڕێککەوتننامەی وڵاتانی عەرەبی لە هەمبەر تیرۆر، بەم پێیە بێت، لە ١٤ دەوڵەتی عەرەبی، ئیخوان وەك ڕێکخراوێکی

تیرۆرستی مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت. لێ ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر کاردانەوەی جیا جیای بە دوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگبێ فەرتەنەی ئێستای میسر گەورەتر بکات، بەڵام ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت کە هیچ حکوومەتێکی دیکەی عەرەبی نەیوێراوە توخنی بکەوێت.

لە دیدی ئێمەوە، ئەم بڕیارەی حکوومەتی میسر، ئەگەرچی قورس و سەختە و بەر هەڵچوونی زۆری لایەنگرانی ئیخوان دەکەوێت، بەڵام بڕیارێکی مێژوویی و ڕاتسیۆناڵەیە، کردنەوەی دەلاقەیەکیشە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە، بە پێی یاسای دژە تیرۆر، مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە بکەن، هەرا و زەنای جیهاد و دامەزراندنی حکوومەتی خەلافەتیان گوێی هەموو لایەکی کپ و کاس کردووە.

پێویستە ئـەم هـەنـگـاوەی مـیـسر لـەلایـەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی لێبکرێت، مامەداکی ئیخوان لە ماوەی یەك ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا، لاسایی ڕژێمی تاڵیبان و ئێرانی کردەوە، هەقوایە بەرەی ئازادیخوازیی ناپاکیی لەگەڵ دروشمەکانی خۆیان نەکەن، ببنە فاکتۆرێکی بەهێز لە وزە بەخشین بە حکوومەتی نوێی میسر لە پێنگاڤی بە تیرۆرست ناساندنی ئیخوان، هەرچەندە کاتیش زۆر درەنگ بوو بۆ ئەو بڕیارە.

**پاشخانی فیکریی و مێژوویی**

ڕێکخراوی «ئیخوان موسلمین» لە مارتی ساڵی ١٩٢٨ لەلایەن «حەسەن بەننا» لە شاری «ئیسماعیلیە»ی میسر دروستکرا. ئەم ڕێکخراوە هەرچەند وەك گروپێکی ریفۆرمخواز خۆی نیشان دەدا، بەڵام بەشێوەیەکی پراگماتیکی مامەڵەیان لەگەڵ بەستێنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد، ئامانجیان دروستکردنەوەی حکوومەتی خەلافەت و گەڕانەوە بوو بۆ سەرەتاکانی ئیسلام.

ئەم گروپە لەسەر بنەمایەکی بۆش دروست نەببوو، بەڵکو پەرەپێدەری ئەو تێزە ئاینییانە بـوو، دەمێك بوو لەلایەن «محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب» و «ئیبن تەیمیە» فۆرمۆڵە کرابوو. لە مێژووی نزیکیشدا شێخ «محەمەد ڕەشید ڕەزا» کە قوتابییەکی هـەڵـگـەڕاوەی «محەمەد عەبدە» بـوو، لە ١٩١١ بەدواوە زۆر تەرح و فۆرمۆڵەبەندیی لە ڕێگەی گۆڤاری «مەنار»ەوە پێشکەش کرد، کە یارمەتیدەری گرنگی پێکهاتن و گەڵاڵەبوونی ڕێکخراوێکی وەك «ئیخوان» بـوو، یان بە مانایەکی تر بۆچوونەکانی ئەوان کاریگەریی زۆریان هەبوو لە گەشەکردنی بنەما فیکریی و ئاینییەکانی ئەو ڕێکخراوە ئاینییە سیاسییە.

حەسەن بەننا، نموونەی ئیسلامخوازێکی تەقلیدیی بوو،

هیچ شارەزاییەکی قووڵی لە هەمبەر فیکری هاوچەرخی ئەو کاتەی مرۆڤایەتی نەبوو، تەنیا لە بابەتە ئاینییەکانی ئیسلام شارەزایی هەبوو، کە هەندێك جار لە کۆڕی دەروێشاندا زیکری کردووە، کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە پەرۆشیی «بەننا» بۆ ئیسلام لەسەر بنەمای فیکرێکی قووڵ نەبووە. «د.ماهر شەریف» دەڵێت «بەننا لە ئاوایی لەسەر دەستی مەلایەکی ئەزهەریی، ئاشنایەتی لەگەڵ ئاین پەیدا کرد، پاش چوونی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، کۆمەڵەی -نەهی لە مونکەر-ی پێکهێنا و بەناوی ئەو گروپەوە نامەی هەڕەشەئامێز و پڕگەڤ و چاوسوورکردنەوەی بۆ ئەو کەسانە دەنووسی کە گوێیان بە باوەڕەکانی ئاین نەدەدا».

د.ماهر شەریف، زیاتر کەسێتی «بەننا» روون دەکاتەوە و دەڵێت «حەسەن بەننا وەك رووناکبیرێکی دینداری کلاسیکی دەرکەوت، هەمیشە بێئاگا بوو لە کەلەپووری عەقڵانییەتی عەرەبی ئیسلامی و ئەندێشە و بیر و بۆچوونەکانی رۆشنفکریی ئەوروپایی. بانگەشەکەی حەسەن بەننا، کە پشت ئەستوور بوو بە ئەندێشەی ساکار و وەعزی ئەخلاقی، لە سەردەمێکدا دەستیپێکرد، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتاندا قەیرانێکی ئابووری مەترسیدار تەقییەوە و نازی و فاشیزمی تێدا دەرکەوت، لەسەر ئاستی ناوخۆشدا گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی

وڵات دژوار ببوون و ئەزمووونە پەرلەمانییەکەی میسری تێدا تووشی سەرەنگرێ ببوو».

ئیخوان، سوودی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی دنیا و ناوچەکە وەرگـرت، توانی پـەل و پۆ بهاوێژێت بۆ وڵاتانی دیکە، لە ماوەیەکی پێوانەییدا گەیشتە ئاستی رێکخراوی تۆکمە و خاوەن ناوبانگ. لێ ئیخوان هەمیشە هێزێکی ئۆپۆرتۆنیست بووە و ویستوویەتی ئامانجە راستەقینەکانی وەك تەڵیسم و بە نهێنی بهێڵێتەوە، بەڵام ئەوە لە کەس شاراوە نییە، ئیخوان لە سەرەتاوە تا ئێستا، ئامانجی گەڕانەوەیە بۆ ئاکاری ئیسلامی پێشین و دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت. «مەجید موڕادی رۆدپشتی» بەشێوەیەکی گشتیی بنەما ئایدۆلۆجییەکانی ئیخوان لەم چوار خاڵەدا کورت دەکاتەوە:

یەکەم: سەرتاپاگیریی ئیسلام و گرتنەخۆی ئاین و دنیا و بایەخی جیانەکردنەوەی نێوان ئاین و دنیا. چوونکە ئیسلام، کۆی عیبادەت و حوکمڕانی، ئاین و دەوڵەت، مەعنەوییەت و کار، نوێژ و جیهاد و قورئان و شمشێرە.

دووەم: گەڕانەوە بۆ پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئیسلام.

سێیەم: یەکێتی جیهانی ئیسلام چوونکە موسڵمانان، میللەتێکی یەکگرتوون، نیشتمانی ئیسلام یەك نیشتمانە.

چـوارەم: حکوومەتی ئیسلامی، یەکەم و دوا ئامانجی

ئیخوانە. پاشان پەرەپێدانی پرەنسیپ و بنەماکانێتی.

### توندوتیژیی ئایینی لای ئیخوان

ئیخوان یەکەم رێکخراوی ئیسلامی سیاسییە لە دیرۆکدا، پێش «حەسەن بەننا» هیچ کەس نەبووە، بەو فۆرمە کاریگەرە ئاین و سیاسەت تێکەڵاو بکات، یان بە دیوێکی تردا، «بەننا» بە دروستکردنی ئیخوان یەکەم کەس بوو، ئیسلام و کاری حزبایەتی و سیاسەتی پێکەوە گرێدا. لەم سۆنگەوە ئیخوان بە دایکی کۆی رێکخراوە ئیسلامییەکانی دیکە دادەنرێت و هەموویان لە رەحمی ئەم حزبەوە هاتوونەتە دەر. لێ هەوڵی زۆر دەدرێت ئیخوان وەك هێزێکی میانرۆ بناسێنرێت، بەوەی بڕوای بە «جیهاد» نییە، بەڵام یەکەمین سەرەتاکانی توندوتیژیی لای ئیسلامی سیاسیی هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیخوان.

حەسەن بەننا، تێکۆشانی زۆری کرد، ئەو حەدیسەی پێغەمبەر محەمەد، بە لاواز پێناسە بکات کە باس لەوە دەکات، بەرزترین پلەی جیهاد، جیهاد و رووبەڕووبوونەوەی نەفسە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ماندووبوونی زۆری بینیوە بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکاتەوە، بەرزترین پلەی جیهاد، بریتییە لە خەباتی چەکدارانە و شمشێر هەڵگرتن.

ئەوە بۆ خۆی جێی تێڕامانە کە ساڵی ١٩٣٨ ئیخوانەکان ناوی

«النذير»یان بۆ گۆڤاری هەفتانەی خۆیان هەڵبژارد ناوێك كە لە ناوەڕۆكدا زۆر مانای لە خۆگرتووە، لەوانە كە سامناكترینیانە ئەوەیە، ئەم ناوە لە قورئاندا گوزارشتێكە لە پەیامی خواوەند بۆ وازهێنان لە بت پەرستی و بڕیاردان لەسەر خواپەرستی.

ئەوەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ ئەوەیە، بەننا لە یەكێ لە وتارەكانیدا، تێكۆشانی حزبەكەی، لەگەڵ تێكۆشانی حەزرەتی پێغەمبەر محەمەددا بەراوورد كردووە و وای بۆچووە كە بانگەوازەكەی حەزرەتی پێغەمبەر محەمەد لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بۆ ئافەرۆزكردنی بتپەرستی «چاخی یەكەم» پێكدێنێ، تێكۆشانی ئیخوانیش «چاخی دووەم»ی ئەو بانگەوازەیە. *

ئیخوان و حەسەن بەننا، نەك بڕوایان بە دیتن و روانگەی ئاینی و سیاسیی جیاواز نەبوو، بەڵكو میتۆدێكی توند و تاكڕەوانەیان هەبوو لە هەمبەر هەر هێزێكی دیكە. بەننا، تەنانەت لە یەكێك لە نووسراوەكانیدا جاڕی قەلاچۆ و تەفروتوناكردنی هەموو حزبە سیاسییەكانی ئەوكاتی میسر دەدات و دەنووسێت «یەكدەنگییەك هەیە كە حزبە میسرییەكان گوناهی گەورەی ئەم نیشتمانە و بنچینەی ئەو گەندەڵییەن كە ئەمڕۆ بە ئاگرەكەی دەسووتێین. شتێكی بەڵگە نەویستە مانەوەی حزبەكان لەسەر ئەم رەوتەدا، وڵات بەسەر

گروپ و تاقم و حزبی جیاجیادا دابەش دەکات و تەفرەقە دەخاتە نێو خەڵکەوە. ئیتر لێرەوە چار نییە و هەر دەبێ هەموو ئەم حزبانە لەبەریەك هەڵوەشێنرێنەوە و هێزەکانی گەل لەیەك تاکە حزبدا کۆ بکرێتەوە». بەننا پێیوایە فرە حزبیی نیشانەیەکە بۆ بڵاوبوونەوەی تەفرەقە و ناکۆکیی لە ناو وڵاتدا، لە جێگەی دیکەش وتوویەتی «هەرچی تەفرەقە دەنێتەوە، هەرچییەك بێت، بە شمشێر لێی بدەن».

لە بواری توندوتیژیی بەرجەستەشدا، ئیخوان لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابردووەوە، دەستی کرد بە چالاکی چەکدارانە، ئەمەش وا لە «مەحمود فەهمی نەقراشی پاشا»ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسای میسر کرد لە ٨-١٢-١٩٤٨، چالاکی ئیخوان قەدەغە بکات و فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێکخراوە دەربکات. بەتایبەت کە لەو ساڵەدا ئەندامانی ئیخوان وەك چەکدار بەشدارییان کرد لە جەنگ دژی جوولەکە. هەر لەو ساڵانە ئیخوان یەکەیەکی چەکداریی تایبەتی بۆ تیرۆر و توندوتیژیی لە ژێر ناوی «تنظیم السری» یان «تنظیم الخاص» دروستکرد و لە مانگی یەکی ١٩٤٨یشدا پۆلیسی قاهیرە دەستگیرکردنی کۆمەڵێك لاوی راگەیاند کە بەنهێنی مەشقیان کردووە لەسەر چەك و تەقەمەنی لە ناوچەکانی «جبل المقطم» و هاوکات ١٦٥ بۆمبی جۆراوجۆریان لەو جێگە

دەستبەسەرا گرتووە و ئاشکراش بووە سەرکردەی ئەو گروپە کەسێکە بەناوی «سەید فایز».

لە ٢٢-٣-١٩٤٨ دوو ئەندامی ئەو گروپە دادوەر «ئەحمەد بەگ خەزنەدار» تیرۆر دەکەن، لەبەرئەوەی حوکمی قورسی بەسەر ئەندامانی ئەو گروپەدا داوە، پاش دەستگیرکردنی ئەنجامدەران، پۆلیس پەیوەندیی نێوان بکوژانی «خەزنەدار» و کۆمەڵەی «جبل المقطم» و دەزگای نهێنی ئیخوانی بۆ ئاشکرا دەبێت. لە ٢٠-٦-١٩٤٨ هەندێك ماڵی جولەکە لە قاهیرە ئاگری تێبەردەدرێت، لە ١٩-٧-١٩٤٨ چەند فرۆشگەیەك دەتەقێنرێتەوە کە خاوەنەکانی جوو بوون. لە ١٥-١١-١٩٤٨ پۆلیس دەستدەگرێت بەسەر ئۆتۆمبیلێکی جۆری «جێب» و بەهۆی بەڵگەنامەکانی ناو ئەو ئۆتۆمبیلەوە ٣٢ کادری گرنگی رێکخستنی نهێنی ئیخوان و لەگەڵ چەندین پیلانی تر بۆ کاری تیرۆریستی ئاشکرا دەبن، لەو کاتەدا «حەسەن بەننا» لە حەج دەبێت، بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەی پۆلیس دەستگیری دەکات بەهۆی تێوەگلانی لەو کارە تیرۆرستیانەوە.

لە ٢٨-١٢-١٩٤٨ و لە هۆڵی وەزارەتی ناوخۆی میسر، ئەندامێکی ئیخوان بە بەرگی ساختەی ئەفسەرییەوە، تەقە لە «نەقراشی پاشا»ی سەرۆکوەزیری میسر دەکات و لە ئەنجامدا دەکوژرێت. لە ١٣-١-١٩٤٩ ئەندامێکی ئیخوان

بەناوی «شەفیق ئەنەس» لەرێی جانتایەکی بۆمبڕێژکراوەوە هەوڵی تەقاندنەوەی دادگای دەستپێکردنەوە دەدات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، دواتر تۆمەتبار دان بەوەدا دەنێت ئەندامی ئیخوانە و هەوڵیداوە دادگاگە بسووتێنێ بە ئامانجی سووتاندنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەر ئەندامانی ئیخوان لە دادگا بەرز کرابووونەوە.** ئیخوان بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە توندوتیژیی، تەنانەت لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری «ئەسکەندەریە» لە هەوڵێکی شکستخواردوودا ویستیان «جەمال عەبدولناسر» سەرۆك کۆماری میسر تیرۆر بکەن.

لە قۆناغی دواتر و لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا «سەید قوتب» وەك یەکێك لە سەرکردەکانی ئیخوان، پرسی جیهاد و تەکفیر و تیرۆری ئاینیی دەباتە قۆناغێکی باڵاترەوە، تا ئەو ئەندازەیەی «قوتب» بە باوکی رۆحی تەواوی رێکخراوە ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیرییەکانی دنیا دادەنرێت. بەم شێوەیە و لەسەردەستی «سەید قوتب» ئیخوان بووە منداڵدانی دەیان رێکخراوی تیرۆرستی کە تا ئێستاش هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی جیهان.

خۆ ئەگەر ئاوڕێکیش لە مێژوو بدەینەوە، ئەوە هەمیشە ئیخوان کاتێك بێدەسەڵات بووە، باسی لە تولەرانس و پێکەوەیی کردووە، بەڵام لەگەڵ پەیداکردنی کەمترین

دەسەڵات لە بچووکترین رووبەردا هەوڵی پاکتاویی ئاینیی و مەزهەبیی داوە و توندوتیژییان بەرانبەر بە خەڵکانی دەرەوەی ئیسلام «بەپێی پێناسەی خۆیان» پیادە کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەزموونی حوکمی یەك ساڵەی مورسی لە ٢٠١٢-٢٠١٣ سەرەتاکانی ئەم توندڕەویی و توندوتیژییە ئاینییە لە هەر لایەکی میسرەوە دەرکەوت بەتایبەت بەرانبەر قیبتییەکان. «د.نەجیب جبرائیل» راوێژکاری یاسایی کەنیسەی قیبتی، لە سەردەمی حوکمی «مورسی» بەمشێوەیە گوزارشتی لە چەوساندنەوەی قیبتییەکان کرد «قیبتییەکان لە سەردەمی مبارەك بە خراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، خەڵتانی خوێن کراون. لە زەمانی رۆمانییەکانەوە تا ئێستا قیبتییەکان رووبەڕووی کارەساتی وا نەبوونەتەوە وەك ئەوەی ئێستا رووبەڕووی دەبنەوە».

بە کورتی بیۆگرافی ئیخوان لە ماوەی ٨٥ ساڵی رابردوو، ئەوەی سەلماندووە هەر کات ئەم هێزە ئاینییە دەسەڵاتی هەبووبێ، هیچ کات نەسڵەمیوەتەوە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و پیادەکردنی تیرۆری مەعنەویی و بەرجەستە لە بەرانبەر نەیارەکانی.

## كۆتایی ئیسلامی سیاسیی

ئیسلامی سیاسیی، وەك چەند دەیەی پێشوو ئەڵتەرناتیڤی رژێمە سیاسییەكانی دنیای ئیسلامی نییە. خۆ ئەگەر قسە لەسەر هەڵبژاردنی میسر و تونس بێت بە دوای بەهاری عەرەبیدا، ئەوە بارودۆخەكە جیاوازە و ئیسلامییەكان توانیوە لە هەڵبژاردنێك سەركەوتن بەدەستبهێنن كە لە نیوە كەمتری خەڵك بەشداریی تێدا كـردووە، لە باشترین حاڵەتدا هێز و جەماوەری ئیسلامی سیاسیی لەو وڵاتانەش كەمترە لە ٢٠٪. ئەمە بێ لەوەی لە رووی فیكرییەوە هەرەسیان هێناوە، بەو پێیەی ناوبانگی ئیسلامی سیاسیی لە دەسەڵاتدا زڕاوە و ناتوانن شتێك لەوە باشتر پێشكەشی كۆمەڵگە بكەن كە تاڵیبان و ئاخوندەكانی ئێران پێشكەشیان كردووە.

هاشم ساڵح، لە خوێندنەوەی كتێبی «جیهاد»ی «جێڵ كێبڵ»دا ئاماژە بۆ ئەوە دەكا: فێندەمێنتالیزم شكستێكی گەورەی هێنا لە چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵدا، لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە لە ئێستادا چووینەتە قۆناغی پاش فێندەمێنتالیزمەوە.. تێزی سەرەكی لە كتێبەكەی جێڵ كێبڵ بەمجۆرەیە: ئەو بزووتنەوە ئسوڵیانەی لە ماوەی چارەكە سەدەی رابردوودا لە كۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەكاندا شوێنپێی خۆیان قایمكرد و سەركەوتنی جەماوەریی گەورەیان بەدەستهێنا، لە ئێستادا

ئەستێرەی بەختیان لە ئاوابووندایە و بەرەو دواوە دەچنەوە. بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەمە چی بێت؟.

هـۆکـارەکـەی دەگـەڕێـتـەوە بـۆ هـەڵـوەشـانـدنـەوەی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئەم توێژە کۆمەڵایەتییانەدا هەبووە: بۆرژوازییەتێکی ئیماندار لە شارەکان، لەگەڵ ئەو گەنجانەی بە دەسـت هـەژاریـی و نەبوونییەوە دەیانناڵاند. هەروەها ئەو توێژەش کە لە گەڕەکە میللی و دووره دەستەکانی شارە گەورەکانی وەکو قاهیرە و جەزائیر و دار بەیزادا دەژیان، ئەمە سـەرەڕای خوێندکارانی زانکۆکان کە لە رۆشنبیرانی بزاوتە ئیسلامییە فێندەمینتالیستەکان بوون.

ئیسلامی سیاسیی وەك رەوتێکی کـۆنـەخـواز کـە هیچ شەوقێکی تیا نییە بۆ مرۆڤایەتی نهۆ، ناتوانێت وەڵامـی داخـوازیـی و ویستی مرۆڤی هـاوچـەرخ بـداتـەوە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك دوژمنایەتی لەگەڵ دەکات، نموونەشمان یەك ساڵ ئەزموونی حوکمڕانیی ئیخوان بوو لە میسر. ئەو ساڵە لە حکومڕانیی ئیخوان نەك هیچ پێشکەوتنێکی بۆ میسرییەکان دەستەبەر نەکرد، بەڵکو دۆخێکی هێنایە ئارا، هاووڵاتییانی میسریی تەمەنای رژێمێکی تۆتالیتاریی وەك ئەوەی مبارەك بکەنەوە.

ئەوەی لە ئەزموونی یەك ساڵەی حکومی ئیخواندا بینیمان،

شکستی پـڕۆژەی ئیسلامی بوو لە دەوڵـەتـداریـدا. تەنانەت وتەزاکەی «میشیل کیلۆ»ی بیر هێنایەنەوە «سیستمە کراوەکان، واتە سیستمەکانی هەڵەی شایستەی چاککردن، چاکی شایستەی هەڵەکردن، ئەمانە دەژیـن. سیستمە داخـراوەکـان واتە هەڵە تیایاندا چاك ناکرێ و چاکیش تیایاندا هەڵە ناکات. ئەمانە دەمرن. بۆیە سەیر نییە سیستمەکانی یەکەم وێڕای گیاندانی زۆر دەژین، بەڵام ئەوانەی دووەم لەکاتێکدا دەمرن کە لەوپەڕی لەشساغیدا خۆیان دەنوێنن».

**وتەیەك لە کۆتایدا**

بمانەوێ و نەمانەوێ، ئیخوان منداڵدانی کۆی گروپە ئیسلامییە تیرۆرستییەکانە. ئیخوان هێزێکە لەو ساتەی دەسەڵاتی نەبێ میانڕەوە، بەڵام لە دەسەڵاتدا لە ئەلقاعیدە دەچێت. جیاوازیی نێوان ئەلقاعیدە و ئیخوان هێندەی جیاوازییەکی تاکتیکییە نیو هێندە ستراتیجی نییە. بۆیە بڕیاری بە تیرۆرست ناساندنی ئیخوان بڕیارێك نییە وەك هەندێك دەڵێن سوپرایزە و نامۆیە بە کولتووری دیموکراسیی!! لە کاتێکدا پرسیار ئەوەیە ئایا دیموکراتی شوێنی گروپی توندئاژۆ و داینەمۆی تیرۆری تێدا دەبێتەوە؟.

ڕەنگە خەتای ئیخوان لەوەدا نەبێ دواجار هێزێکە توندوتیژ،

چوونکه هەر کات دین کرایە بزووتنەوەیەکی سیاسیی هەر ئەوەی لێدەردەچێت. «د.عەبدولڕەحمان شاکر» دەڵێت «هیچ ئاینێك نییە قسە لەسەر پاوانکردنی هەقیقەت نەکات و ئاینەکانی تر بە هەڵە یان لە خۆی بە کەمتر نەزانێ. هیچ ئاینێك نییە لە دنیادا دیموکراتخواز بێت و ڕێزی جیاوازیی و یەکسانی و ئازادیی هەمووان وەك یەك بگرێت. هیچ ئاینێك نییە، جیهان رادەستی پیاوانی ئاینی نەکات یان گروهێك بەرهەم نەهێنێت کە خۆیان بە نوێنەری خواوەند نەزانن و لەسەر بنەمای ئەم نوێنەرایەتییە گریمانکراوەش حوکم بەسەر ئازادیی و ژیان و بوونی کەسانی تردا نەدەن». لەم سۆنگەوە دەتوانم بڵێم، ئیخوان ناتوانێت پەرجوو بخوڵقێنێت و لەلایەك داوای حکوومەتی خەلافەت بکات و لەلاکەی تر بتوانێ ڕێز لە مافی هەمووان بە یەکسانی بگرێ. ئەو دوو شتە هەرگیز پێکەوە کۆناکرێنەوە.

*فەرید ئەسەسەرد «سەید قوتب و تیۆری تەکفیری کۆمەڵ و دەوڵەت». چاپی سێیەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

**نەبەز تاڵیب «مێشکە بە مینچێنراوەکان». چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨. لاپەڕە ٤٠٣-٤٠٤.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٣٤»ی گۆڤاری «شەپۆل» لە ڕۆژی ١-١-٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

-٣-

# لە بەهاری عەرەبییەوە بۆ پایزی ئیسلامی

## کۆمیدیای ئیسلامی دیموکراتی

بیست و یەك مانگ بەر لە ئەمڕۆ، لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی، وتارێکم بڵاوکردەوە لە ژێر تایتڵی «ئیسلامی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤی رژێمە عەرەبییەکان نییە». لە وتارەکەدا جەختم کردبووەوە، ئەو باهۆزەی لە وڵاتانی عەرەبیی هەڵیکردووە، بەشێك نییە لەو پرۆسەیەی ئیسلامی سیاسیی پێیدەڵێت «رابوونی ئیسلامی» بەڵکو شۆڕشێکە دژی دیکتاتۆریی، شۆڕشێکە بۆ نان و خۆشگوزەرانی، لێ لە هەمان چرکەساتی بڵاوکردنەوەی وتارەکەمدا ئیسلامییەکان سواری شەپۆلەکە دەبوون و لەو وڵاتانەی رژێمیان تێدا دەگۆڕا دەهاتنە سەر دەسەڵات، بەڵام هێشتا سووربوونی خۆم لەسەر ئەوە راگەیاند ئەو شۆڕشانە ئیسلامی نین و ئامانجەکانیان لەگەڵ

سکۆلاریزم نزیکترە تاکو ئیسلامی فێندەمینتالیستی.

زۆر کەس سووربوونی منیان بەجۆرێك لە دەمارگیریی و لایەنگری کوێرانە و بەسۆزانە بۆ سکۆلاریزم لێکدەدایە، بەڵام هێدی هێدی دەبینم مەیدانی بیرکردنەوەکەی من فراوانتر دەبێت، چوونکە ئەوەی بۆ نموونە هەنووکە لە میسر ڕوودەدات دژی «محەمەد مورسی» سەرۆکی ئەو وڵاتـە، هێندەی تر بۆچوونەکەی ئێمەی پشتڕاست کردەوە، کە ئامانجی شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی بۆ هێنانە کایەی «بەهاری ئیسلامی» نەبووە، بەڵکو ئێستاش شۆڕش درێژەی هەیە بۆ ئەوەی بەهاری ئیسلامی بگۆڕن بۆ پایزی ئیسلامی. شۆڕش بەردەوامە چوونکە ئیخوان و نەهزە و جەماعەی ئیسلامی هیچ شتێکی زیاتریان لە موبارەك و زەینعابدین و قەزافی پێ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر دەستی ئەوان ئەو نوزەیەشی بۆ ئازادیی و دیموکراسیی هەیە زیندەبەچاڵ دەبێت.

بالەوە بگەڕێین، ئامانجی شۆڕش لە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی سیاسیی نییە بەڵکو ئازادیی و خۆشگوزەرانییە، چوونکە شۆڕش لەو وڵاتانەی ڕژێمیان تێدا گۆڕاوە بە کۆتا نەگەیشتووە «میسر نموونەیەکە». ئێمە لەم دەرفەتە دەمانەوێت بڵێین، ئایا ئـەو ئیسلامی سیاسییەی لە وڵاتـانـی عـەرەبـی ئێستا مومارەسەی دەسەڵات دەکات بڕوای بە دیموکراسی هەیە؟.

ئایا ئەو ئیخوانانەی لە زیندانەکانی ئەسکەندەریە و قاهیرەوە ئێستا لەسەر کورسی موبارەك دانیشتوون، تاچەندە ئامادەن دیموکراتی بن؟. ئەم پرسیارەی ئێمەش دوای ئەوە دێت کە تەرزێك لە بیرکردنەوە خەریکە هەڕمێن پەیدا دەکات، گوایە ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسیی هەڵبکات و هیچ هۆیەکیش نییە بڵێین ئیسلامی سیاسیی و دیموکراسی دوژمنی باوەکوژی یەکترن.

**بەهاری عەرەبی یان پایزی ئیسلامی؟**

جارێکی دیکە مێژووی خۆی دووبارە کردەوە، چۆن ئیسلامی شیعە مەزهەب، دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ چنییەوە و خۆی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاند، بەهەمان شێوە ئیسلامی سیاسیی سوونە دەستکەوتەکانی بەهاری عەرەبی دەچنێتەوە، شۆڕشێك کە بۆ نان و ئازادیی کڵپەی سەند، کراوەتە بەشێك لە هەستانەوەی بزاوتە ئیسلامییە رادیکاڵەکان، ئەمەش لە یەکێك لە رەهەندەکانیدا هەرەسی شۆڕشی دەگەیەنێت.

مارك هیلەر، پێیوایە بەهاری عەرەبی دەروازەی بە رووی فێندەمینتالیزمی ئیسلامیدا کردووە، شۆڕشی برسی و ئازادیخوازان، وەرچەرخاوە بۆ دەسەڵات پەیداکردنی

ئیسلامییەکان. هیلەر دەنووسێت «رووخانی رژێمە تۆتالیتارییەکان کە گەشەکردنی زیاتری ئیسلامییەکانی بەدواداهات و پشتیوانییەکی بەرفراوانی بۆ ئەو رەوتانە پەیدا کرد. ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت سیستمێکی نوێی دەسەڵات لە رژێمەکانی پێشوو زیاتر لیبرال دەبێ و بە ئەندازەیەکی زیاتر کەمینەکان دەپارێزێت. لە پاش دروستبوونی ئەو تەوژم و چالاکییە میللییە بێ پێشینانەی دژ بە رژێمە دەسەڵاتدارەکان دروستبوو، مەترسییەکی گەورەتر بەڕێوەیە و پێدەچێت بەهاری عەرەبی بگۆڕێت بە پایزی ئیسلامی».

سەرەتای شۆڕشی لە تونس و میسرەوە، تەنانەت هەندێك لە بیرمەندان و گەورە رۆشنبیرانی جیهانیشی هێنایە، سەر کەڵکەڵەی ئەوەی لە دونیای عەرەبیدا دەگوزەرێت، وەرزێکی تازەی دیموکراسییە، سەرەتای کردنەوەی یەکەم دەرگا بە رووی دیموکراسی و لیبرالیزمدا. بۆ وێنە «جۆرج تەرابیشی» پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەم وەرزە نوێیە شەپۆلێکی دیکەی دیموکراسییە، بۆیە ئەو راپەڕین و شۆڕشانەی بە «شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی» ناوزەد کرد، کە ئەو پێیوایە شەپۆلی یەکەم دوای ساڵی ١٨٤٨ دەستیپێکرد و ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکای گرتەوە. شەپۆلی دووەمیش ساڵی ١٩٨٩ دەستیپێکردووە لە

ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێت.

گەشبینییەکانی تەرابیشی و هاوشێوەکانی لەلایەن هەندێك بیرمەندی دیکەی عەرەبییەوە ڕەتکرایەوە، بۆ نموونە «هاشم ساڵح» پێیوابوو ئەوەی لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی پاش شۆڕشدا دەگوزەرێت مایەی دوودڵییە. بۆیە لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» نووسیوویەتی «ئاشکرایە پرۆسەی ڕۆشنگەریی ڕێگای بۆ شۆڕشی فەڕەنیسی خۆشکرد، بەڵام شۆڕشە عەرەبییەکان بەشێکی کەمی ئامانجەکانی بەدی هات. بۆ بەڵگەش بەراوردێك بکە لە نێوان ئەم دەستوورەی بەم دواییانە خەڵکی میسر دەنگیان پێدا، لەگەڵ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون کە شۆڕشی فەڕەنسا دەریکرد، ئەوەش مایەی دوودڵی و نیگەرانییە».

بەهاری عەرەبی لە هەنگاوی یەکەمیدا، لە بری هێنانە ئارای ئازادیی و پلورالیزم و خۆشگوزەرانی، زەمینەی خۆشکرد، تاکو ئیسلامی سیاسیی بگاتە دەسەڵات. ئەگەر نموونەی میسر بهێنینەوە، هەنووکە ڕەوڕەوەی ئەو وڵاتە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، ئازادییە گشتییەکان لەبەردەم تەهدیدی فەتوا ئاینییەکاندان، هونەر و ڕۆشنبیریی و کایە جۆراوجۆرەکانی دیکە لە پاشەکشەدان، ئەجیندای ئیخوان دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی نوێیە بە دەستوورێکی ئیسلامییەوە، کە

بەها ئیسلامییەکان بکاتە پرنسیپ و یاساکانی ژیان.

لە سەرەتای ئەم وەرزەدا، «عادل ئیمام» ئەکتەری ناسراوی عەرەبی دەکەوێتە بن هەڕەشە، وەك سەرەتای لێپرسینەوەیەکی ئیسلامییانە لە رابردوو. لە ٢-٢-٢٠١٢ حوکمی سێ مانگ زیندانی بەسەر عادل ئیمام درا، لە ٢٤-٢-٢٠١٢ لەلایەن دادگای کەتنی قاهیرەوە حوکمەکە پەسەندکرا بۆ تۆمەتی سووکایەتیکردن بە ئیسلام. لە کاتێکدا ئیمام لە رێگەی فیلمەکانی «الزعیم، مرجان احمد مرجان، الارهابی، الارهابی و الکباب، حسن و مرقص، الواد سید الشغال هتد..» رەخنەی لە ئیسلامی سیاسیی گرتبوو نەك سووکایەتی بە ئاین بکات. بەڵام ئیسلامی سیاسیی پێیوایە نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، بۆیە گاڵتەکردن بە خۆی بە سووکایەتی بۆ ئاین و خودا لێکدەداتەوە.

لە بەرانبەر هەوڵەکانی پاشەکشە بە پارادیمە مەدەنی و سکۆلارەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی، سەلەفییەت و خورافە و فەتوا لە بەهێزبووندان، شەقامی عەرەبی بووەتە مەیدانێك بۆ هوتاف کێشان دژی ئازادیی و مەدەنییەت و دیموکراتی، تەنانەت لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی «قاهیرە» دژی فیلمێکی ئەمەریکی کە سووکایەتی تێدابوو بۆ پەیامبەری موسڵمان، چەندین دروشمی مەترسیدار بەرزکرانەوە. لە یەکێك لە رۆژەکانی خۆپیشاندان کە لەلایەن «محەمەد

زەواهیری» برای سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدەوە سەرپەرشتی دەکرا، دروشمی «ئۆباما.. هەموومان ئوسامەین» بەرزکرایەوە. ئەمەش مەترسییەکی جیددییە کە گۆڕەپانی وڵاتانی پاش شۆڕش بووە بە زەلکاوی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و نەشونماکردنی هێزە کۆنەخوازە ئیسلامییەکان.

بە کورتیی، وەرزی گەشبینی بە ڕاپەڕین و شۆڕشی کۆمەڵگە عەرەبییەکان زۆر کورت بوو، بەهاری عەرەبی بە مردووی لە دایکبوو، ئەوەی هەبوو تەنیا هەڵەیەکی زمان بوو، چوونکە شتێك لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی پاش شۆڕشدا دەگوزەرێت ناوی پایزی ئیسلامییە نەك بەهاری عەرەبی.

## کۆمیدیای ئیسلامی دیموکراتی

هەندێك جار گوێمان لەوە دەبێت، ئیسلامییەکان دەتوانن لەگەڵ دیموکراسیی هەڵبکەن، یان بە دەربڕینێکی تر، ئیسلامییەکان دەتوانن لەناو فەزای دیموکراسی کار بکەن و بەرگەی هەر ئاکامێك بگرن کە دیموکراسییانە بێت. ئەم بۆچوونە، زادەی عەقڵانییەت و واقیع نییە، تەنیا وەك قسەی رووت ماوەتەوە، چوونکە بە ئەزموون دەرکەوتووە، ئیسلامی سیاسیی لەهەر شوێنێك باڵادەست بووبێت، دیموکراسی پاشەکشەی کردووە و کێرڤی ماف و ئازادییە گشتییەکان بەرەو

خوارەوە دابەزیوون.

گەر واز لە دونیای تیۆر و ئەندێشە بهێنین و سەیری واقیع بکەین، ئەو نمایشە دەبینین ئیسلامی سیاسیی نەك دیموکراتییەتی قبوڵ نییە و نایەوێت گەمەی دیموکراسیانە بکات، بەڵکو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە خستۆتە گەڕ، دیموکراسی و لیبرالیزم و سکۆلاریزمی کۆمەڵگەکان تێکبشکێنێت، چوونکە هەر یەك لەوانە بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت، پێیوایە لەو شوێنەی دیموکراتی و ئازادیی هەبێت، هیچ هۆکارێك یان یارمەتیدەرێك نابینێت بۆ ژیانی خۆی، لەم سۆنگەوە ئیسلامی بونیادگەرا و دیموکراسی دوژمنی هەرە دیار و ئاشکرای یەکترن.

ئەو دیمەنەی حاڵی حازر، لە میسردا دەگوزەرێت، مەسجێکە پێماندەڵێت، ئیسلامی سیاسیی کاری خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ لەناوبردنی هەر نوزەیەك کە بیەوێت ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو دیموکراسیی و کرانەوە ببات. تەنانەت زۆربەی جار دیموکراسییەت وەك دیکتاتۆرییەتی زۆرینە بەکاردەهێنن لە دژی کەمینەکان، بۆ نموونە لە پرسی دەنگدان لەسەر دەستوور پەنایان بۆ ئەم رامیارییە برد. کاتی خۆیشی یەکێك لە سەرکردە ئیسلامییە کوردەکان دەیووت «ئێمە دیموکراسییەتمان بۆ ئەوە دەوێت دیموکراسییەتی پێ لەناو ببەین». هەنووکە هەمان روئیا وەك بەشێك لە ئەندێشەی ئیسلامییە خاوەن

دەسەڵاتەکانی میسر و تونس، لەوپەڕی بەهێزیی خۆیدایە. بۆیە بانگەشەکردن بۆ ئەوەی ئیسلامی سیاسیی دەتوانێت لەگەڵ دیموکراسیی تەکەیف بکات، ئەوپەڕی گاڵتەجاڕییە.

شیرین عیبادی، هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، پێیوایە ئیسلامییە رادیکاڵەکان مەترسین لەسەر دیموکراسیی و مافی مرۆڤ. لە وتەیەکیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ رایگەیاند «فاشیستەکان و بونیادگەرا سەرەڕۆکان، هەردوو لایان دژ بە بەها مۆدێرنەکانی وەك لە خۆبردوویی و دیموکراسین. هەردووکیان لە پێناو باوەڕەکانی خۆیاندا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیان بە رەوا دەزانن. هەردووکیان ئەو هاووڵاتیانەی لەگەڵ رێسا و پرنسیپ و باوەڕە قبوڵکراوەکانی خۆیاندا رەت دەکەنەوە».

هەرچەندە هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە، ئیخوان بەشێوەیەکی گشتیی میانڕەون و دەتوانن خۆیان لەگەڵ رێسا مودێرنەکانی مرۆڤایەتی بگونجێنن، بەو پێیەش دەتوانن بەرگەی گەمەی دیموکراسی بگرن. بەڵام لە ئەرزی واقیعدا، دیمەنەکە پێچەوانەی ئەو تێفکرینەیە، ئیخوان هێزێك نییە بە میکانیزمی قاعیدە و سەلەفییەکان کار بکات، وەلێ بۆ هەمان ئامانج کار دەکات، بۆیە لە کۆتاییدا ئیخوان و قاعیدە خاوەنی یەك خەونی هاوبەشن، ئەویش دروستکردنی دەوڵەتی خەلافەتە، ئەمیان بانگەشەی میانڕەویی دەکات و بە

شانی دیموکراسییدا هەوڵدەدات بۆ ئەوەی بگاتە خەونەکەی، ئەویتریان ڕێگەی تیرۆر و تەقاندنەوەی هەڵبژاردوو بۆ هەمان مەبەست.

لەم نێوەندەدا کۆمەڵێك بیرمەند هەن، گووومان دەخەنە سەر وشەی «ئیسلامی میانڕەو» و پێیانوایە ئەم داتاشینە ساختەیە و ناتوانێت قەناعەت بە هەموو خەڵك بهێنرێت، ئیسلامی میانڕەو شتێکی زۆر جیاوازترە لەو گروپەی پێیان دەوترێت ئیسلامی توندڕەو.

«ئەدۆنیس» یەکێك لەو ڕۆشنبیرانەی هەمان بۆچوونی هەیە و لە وتارێکیدا بە ناوی «دە بۆچوون لەمەڕ بەهاری عەرەبی» دەنووسێت «ئیسلامی سیاسیی یان ئیسلامی میانڕەو مانای چییە؟ هەندێك موسڵمان سیاسین و هەندێك موسڵمان میانڕەون، بەڵام ئیسلام بەو سیفەتەی ئاینێکە ناشێت لە کاتی قسەکردن لەسەر کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بە (سیاسیی) یان (میانڕەو) وەسف بکرێت.. بۆ نموونە لەسەر ئاستی مەدەنیەتی کۆمەڵگە یان هونەر یان بیر یان موزیك یاخۆ ژیانی جەستە و سێکس و خۆشەویستیدا (ئیسلامی میانڕەو) مانای چییە و کێ و چۆن ڕاددەی ئەم (میانڕەوییە) دیاریی دەکات؟ هەروەها (ماهیەتی) ئەم میانڕەوییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا لەخوێندنەوەیەکی تایبەت و تێگەیشتنێکی

تایبەتەوە و چۆن؟ ئایا شوێنی شەرع لەم میانڕەوییەدا چییە بە تایبەتی سەبارەت بە ژن و (ئەوی دی) ناموسڵمان و (ئەوی دی) کە بەموسڵمانی لە دایکبووە و حەزدەکات بە تەواوەتی بچێتە ناو دنیای مەدەنییەوە؟».

ئیسلامی میانڕەو و توندڕەو ناتوانن لەگەڵ بنەماکانی سیستمی دیموکراتی هەڵبکەن، ئەمەش رەنگە پەیوەندیی بە خودی ئاینی ئیسلامەوە نەبێت، بەڵکو پەیوەندیی بە جۆری خوێندنەوەی ئیسلامی سیاسییە بۆ ئاین. فۆکۆیاما پێیوایە «هیچ ئاینێك وەك پێویست ناکۆك نییە لەگەڵ مودێرنێتە و دیموکراسیدا». ئەم بۆچوونە لە زەمینەی واقیعدا، پیادە کراوە، هەزاران موسڵمان و مەسیحی و بوزی دەبینین، کێشەیان نییە لەگەڵ سکۆلاریزم و بەهاکانی مودێرنێتە و دیموکراتیدا، ئەوەی کێشەی هەیە رەوتە بونیادگەرەکانن. ئەوەی ناتوانێت لە زەمینەی دیموکراسیدا درێژە بە ژیان بدات رەوتە ئیسلامییە سەلەفییەکان و رەوتی سەلەفییەکانی ئاینەکانی دیکەن. دواجار ئەوەی دیموکراسی ئەجینداکانی پووچەڵ دەکاتەوە پێش هەر کەس ئیسلامی سیاسییە.

## تێکشکانی خەونەکان

نووسەری جەزائیریی «بوعلان سنساڵ» لە وتارێکیدا بەناوی

نامەیەکی کراوە بۆ «بوعزیزی» دەنووسێت «بوعزیزی برام، ئەم چەند دێڕە کەمەت بۆ دەنووسم، تاکو ئاگادارت بکەمەوە لەوەی هەنگاوەکانی ئێمە بەرەو پێش دە چێت!، هەرچەندە بەرەو پێشچوونەکە رۆژ لە دوای رۆژ جیاوازیی هەیە، هەندێك جار رەشەبا ئاڕاستەمان دەگۆڕێت، بەڵام با بەگشتیی چاو بەم ساتەدا بخشێنین. ئایا ئەوەی نازانێت بەرەو کوێ دەڕوات رێگەکە دەدۆزێتەوە؟. ئایا دوورخستنەوەی ستەمکار کۆتاییە؟. لەو جێگەیەی تۆ کە نزیکی لە خواوەندەوە، دەتوانیت دڵنیامان بکەیتەوە کە مەرج نییە هەموو رێگاکان بمانبەنەوە بۆ رۆما؟. لابردنی ستەمکار نابێتە مایەی ئازادیی، بۆ گۆڕینی دیمەنەکە و بە هیوای ئەوەی شتێکی بچووکیان لە رێکە دەست بکەوێت، زیندانییەکان حەز دەکەن گرتووخانەکانیان بە گرتووخانەیەکی دیکە ئاڵوگۆڕ پێ بکەن».

خەونەکانی بوعزیزی هەرەسیان هێنا، لە بری نان و ئازادیی خەریکە ئیسلامی سیاسی فەتوا و شمشێر دەکاتە خەڵاتی شۆڕش. خەونەکانی ئێوە کە خاوەنی راستەقینەی شۆڕشن، ئازادیی و دیموکراتی و هەڵتەکاندنی حکومی دیکتاتۆریی دەیان ساڵە بوو، خەریکە خەونەکانی ئێوە تێکدەشکێت و دیکتاتۆری کۆماری دەگۆڕێت بۆ دیکتاتۆری ئیسلامی. ئامانجی ئێوە لە شۆڕش چەسپاندنی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت و

خۆشگوزەرانی بوو. خەریکە خەونەکەتان پێچەوانەوە دەبێتەوە و ئەو هەناسە کەمەی لە ئازادیی و مەدەنیەت هەیە پاشەکشەی پێ دەکرێت. ئیسلامی سیاسیی خەریکە یەك یەك خەونەکانی شۆڕش زیندەبەچاڵ دەکات.

هەرچەندە من بۆ چەندەهەمین جار دووپاتی دەکەمەوە، شۆڕش، شۆڕشی ئیسلامیی نەبوو، هەرچەندە خەونی شۆڕش حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەڵتەرناتیڤی بەهێزی چەپ یان دیموکراتیخواز، ئیسلامی سیاسیی سواری ملی شەپۆلەکە بووە و بە قازانجی سیاسیی خۆی شکاندوویەتییەوە. ئەمەش وەك وتم دووبارەبوونەوەی مێژووە، وەك ئەوەی ئایەتوڵاکانی ئێران کردیان و هاتنە سەر سفرەی حازری.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٥٦٤» رۆژنامەی «میدیا» لە رۆژی ٢٢-١-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-٤-

## ئیسلامی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤی رژێمە عەرەبییەکان نییە
## ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکات

تسۆنامییەك لە رۆژئاوای نیشتمانی عەرەبەوە هەڵیکرد و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە، ئەم زریانە زۆر بە خێرایی و چاوەڕواننەکراو هەردوو رژێمی سیاسیی لە تونس و میسر لەسەرکارلادا، بەپێچەوانەی هەموو ئەگەر و پێشبینییەکانەوە، ئەم زریانە لە رەگەوە ئەو سیستمانەی هەڵکێشا کە هۆکاری ئەو بارودۆخە خراپەن هەنووکە مرۆڤی عەرەب پێی ئالودە بوو، چوونکە بەشێك لە ژێدەرە ئەکادیمیی و زانستییەکان پێشبینی ئەوەیان کردبوو، رژێمی موبارەك تا ساڵی ٢٠٢٠ دەتوانێت

بـەردەوام بێت، کەچی بەپێچەوانەوە وەك بینیمان نۆ ساڵ زووتر ئەو رژێمە کۆتایی هات.

حاڵی حازریش ئەو تسۆنامییە بەشێوەیەکی زۆر توند لافاوی توورەیی بەسەر رژێمی لیبیا و یەمەن و بەحرەین و سوریادا دەڕێـژێ، ئەگەر کار وا بڕواتە پێشەوە دوورنییە لە ماوەیەکی نێزیکدا هەر یەك لە رژێمەکانی ئەو وڵاتانەش بڕوخێن. خـولاسـەی قسە ئـەوەیـە شەپۆلێکی نـاڕەزایـی و راپەڕینی جەماوەریی بێ ئایدۆلۆجیا سەرتاپای ئەو پانتاییە جوگرافییەی گرتۆتەوە کە بە نیشتمانی عەرەبی نـاوزەد دەکرێت.

بەڵام پرسیارێکی ستروکتۆریی لێرەدا دێتە ئـاراوە، ئایا رژێمەکانی دوای رژێمە ناسیۆنالیستییە رووخاوەکانی دنـیـای عــەرەب، چ جـۆرە رژێمێك دەبــن؟. ئایا ئیسلامی فێندەمینتالیستی توانای ئەوەی هەیە وەك ئەڵتەرناتیڤ خۆی تەرح بکات؟. ئایا لیبرالیزمی عەرەبی خەملیوە کۆمەڵگەی عەرەبی بەرەو دیموکراسیی و پلۆرالیزم و لیبرالیزم ببات؟. ئەگەرچی وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە کارێکی سەختە و ئەوە گەمە سیاسییەکانی داهاتوون دیـاری دەکـەن چۆن رژێمە عەرەبییەکان خۆیان دادەڕێژننەوە.

لە هەمان کاتیشدا بە روونی دەبینرێت ئیسلامی رادیکاڵ

ناتوانێت وەك ئەڵتەرناتیڤ بێتە مەیدان، بەپێچەوانەوە مەرگی ئیسلامی ئسوڵی هاوکاتە لەگەڵ مەرگی ئەو رژێمە عەرەبییانەی هەنووکە رووخاون یان لە سەرەمەرگدان، چوون پێدەچێت ئەو زەوینەیەی ئیسلامی سیاسیی هێنابووە سەر سەحنەی سیاسەت لە بنەماوە لەنێو بچێت.

**ئیسلامی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤی دەیەکانی رابردوو بوو**

ئیسلامی سیاسیی لە نیشتمانی عەرەبیی ئیفرازاتی زۆر هۆکار بوو، لەوانە شەڕی ساردی نێوان هەردوو کامپی ئەو کاتەی جیهان، کە بینیمان کامپی سەرمایەداریی خۆرئاوایی بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، ئیسلامی سیاسیی کردە یەکێك لە مقاشەکانی دەستی خۆی بۆ دژایەتییکردنی بلۆکی سۆشیالیستیی خۆرهەڵات، ئەمەش بووە فاکتۆری بەهێزبوونی ئەو رەوتانە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، تەنانەت دوای گەشتی عەرەب ئەفغانەکان بەرەو مەیدانی جیهاد، دژی رووسیای کۆمۆنیستی، خوێنێکی زۆر رژایە دەمارە سڕبووەکانی ئیسلامی سیاسیی و جیهادیی لە دونیای عەرەبیدا، بەتایبەت کە لە میسری ناسریی و زۆرێك لە وڵاتانی تری عەرەبیدا بە زەبری هێز پەڕاوێز خرابوون.

لەپەنا ئەمەشدا یەکێکی تر لە فاکتۆرەکانی بەهێزبوونی رەوتی ئیسلامی فێندەمینتالیستی ئەوەی لە ئەدەبیاتی

ئیسلامی سیاسییدا پێی دەوترێت «رابوونی ئیسلامی»، دەگەڕێتەوە بۆ شکستی هەر دوو پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و بزووتنەوە چەپە تەقلیدیی و کلاسیکییەکانی وڵاتانی دونیای عەرەب هەر لە کەنداوەوە تا ئۆقیانووس. ئەگەر دیقەت بدەین ناسیۆنالیزمی عەرەب پاش ئەوەی وڵاتانی عەرەب لە دەستی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاریی بیانیی رزگار دەکات، لە بری ئەوەی بینای مرۆڤی عەرەب و کۆمەڵگەی عەرەب بکاتەوە، جۆرێك لە دیکتاتۆریی ئەرستۆکراتی و بنەماڵەگەریی هێنایە بوون، کە بە هەموو شێوە و ئامڕازێك مرۆڤی عەرەبییان دەچەوساندەوە.

بە لایەنی کەمەوە رژێمە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەکانی چەشنی میسر و تونس و یەمەن و جەزائیر و هتد.. لە بری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و کراوە دابمەزرێنن، هاووڵاتیانی خۆیان دەچەوساندەوە و دیلی کۆمەڵێك دروشمی نەتەوەپەرستانەی یۆتۆپییان کردبوون، ئەمەش سەرئەنجام بووە هۆی بەرینبوونەوەی سپەیسی نێوان رژێم و جەماوەر، ئەمە لەلایەك و لەلاکەی تریشەوە هێزە چەپەکان یان ئەوەتا ببوون بە بەشێك لە هاوپەیمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی دەوڵەتە عەرەبییەکان وەك لە نموونەی سوریادا دەردەکەوێت، یان ببوونە هێزی پاسیڤ و لاوازیی هیچ لەباردا نەبوو وەك لە

نموونەی میسردا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەمەش دەرگای واڵا کرد بۆ ئەوەی هێزی سێیەم وەك ئەڵتەرناتیڤی هەردوو هێزەکەی تر خۆی پیشان بدات و بێتە سەر شانۆ، ئەو هێزەش لە چەند دەیەی رابردوو ئیسلامی سیاسیی بووە.

ئێمە ئەگەر بەوردیی شیکاریی بۆ دۆخی ئیسلامی سیاسیی بکەین کە لە دەیەی حەفتا و هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، ئەڵتەرناتیڤی سەرەکیی رژێمە عەرەبییەکان بوو، ئێستا کەوتۆتە دۆخێکە بەرەو ئاوابوونی رۆڵی کارای خۆی دەچێت، چوونکە هەنووکە ئەو ئیسلامگەرایە لە دوو جەمسەری سەرەکیی پێکهاتووە، یەکێکیان لە بۆتەی قاعیدە و ئیسلامگەرای جیهادییدا خۆی بەرجەستە کردووە، ئەم جەمسەرە نەك شانسی ئەوەی نییە ببێتە جێگەرەوەی رژێمە عەرەبییەکان بەڵکو لە بناغەوە خۆی هێزێکی بێزراوە.

هەرچی باڵی دووەمیشە لە چەند ساڵی رابردوو وەك هێزی ریفۆرمیست و ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی کاری کردووە، ئەویش دیسانەوە لە قەیرانێکی سەخت و قووڵدا دەژی، بەلایەنی کەمەوە لەبەر ئەو فاکتۆرەی نەیتوانیوە تەرحێکی جیاواز لە تەرحی ناسیۆنالیزمی فەرمانڕەوا پێشکەش بکات، بەپێچەوانەوە لە باشترین حاڵەتدا ئەجیندای ئەم هێزە بە چەندان فرسەخ لە دوای ئەجیندای ئەو ناسیۆنالیزمە

فەرمانڕەوایەوە بووە کە ئێستا گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و لە غەرغەری مەرگدایە.

بۆیە بە بڕوای من ئیسلامی ئسوڵی ئەڵتەرناتیڤێکی دێرین و پێشووتری رژێمە عەرەبییەکان بوو، یان راستتر وایە بڵێین قۆناغی زێڕینی ئەوان چەند دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بوو نەك ئێستایەك کە خەریکە ناسیۆنالیزمی فەرمانڕەوا و ئیسلامی سیاسیی پێکەوە دەکاتە کەلەپوور.

## بۆچی ئیسلامی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤ نییە؟

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، ئیسلامی سیاسیی دەرهاویشتەی قۆناغێك لە قۆناغەکانی کۆمەڵگە عەرەبیی و ئیسلامییەکان بوو، بەڵام بە ئەزموون بۆ کۆمەڵگە عەرەبییەکان دەرکەوت ئیسلامگەرای رادیکاڵ ناتوانێت ببێتە ئەو بەدیلەی خەونی پێوە دەبینن، چوونکە لە بری ئەوەی ئیسلامی فێندەمینتالیستی کۆمەڵگەکانیان پێشبخات بەڵکو بۆ هەزاران ساڵ لەوەوپێش دەیگێڕێتەوە، ئەمە لەلایەك و لەلاکەی ترەوە ئیسلامی سیاسیی بە ئەزموون نیشانی داوە لە جیاتی رزگارکردنی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیی لەو قەیرانانەی تێیکەوتوون چەندین قەیران و تەنگژەی تریشی دەخاتە سەر.

بێجگە لەوەش وەك بیرمەندی ناسراوی عەرەب «سەمیر ئەمین»

بۆی چووە «یەکەمینی قوربانیانی دەستی ئیسلامی سیاسیی، میللەتانی ئیسلامی خۆیانن». چوونکە هێشتا لە دەسەڵات نین و هێزێکی کەمیان لە بندەستە هەڕەشە لە ژیان و ئازادیی هاووڵاتیان دەکەن، جا ئەگەر دەسەڵاتیان بەدەستەوە بێت، هەر مەپرسە چی دەکەن، لە باشترین حاڵەتدا ئەوە دەکەن بزووتنەوەی تاڵبان لە ماوەی شەش ساڵدا لە ئەفغانستان کردی.

ئەگەر بە ئینساف و واقیعبینییەوە قسە بکەین، کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگە عەرەبییەکان تەنیا نان و کار نییە، هەرچەندە ئەو دوو کێشەیە کەم نین، بەڵام یەکێك لە ئیشکالییاتە هەرە سترۆکتۆرییەکان لە نەبوونی ئازادیی سیاسیی و مۆنۆپۆڵی دەسەڵات و حکومی هەتاهەتایی و نەبوونی پلۆرالییەتدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش نەك بە ئیسلامی سیاسیی چارە ناکرێت، بەڵکو فێندەمینتالیزم هێندەی تر دەرگایان لەسەر دادەخا، چوونکە ئیسلامی سیاسیی بوونی خۆی بە سڕینەوەی هەموو ئەوانیترەوە گرێداوە، جۆرێك لە فاشییەت پەیڕەو دەکات، کە هەموو دەنگێکی دەرەوەی خۆی بە شایانی سەرکوت و لەنێوبردن دەزانێت.

هەر ئەم ترسەشە وای لە هزرمەندێکی ناسراوی وەك «هاشم ساڵح» کردووە بە دەنگێکی بەرز هاوار بکات «لە ئێستادا توندڕەویی ئیسلامی بۆ من لە فاشیزم ترسناکترە، چوونکە دەمامکی دینداریی و خواپەرستی لەسەر کردووە». هەنووکە

لە دونیای عەرەبیدا نـەك رۆشنبیران بەڵكو هاووڵاتیانی ئاسایی و سادەش لەو راستییە دڵنیا بوونەتەوە، ئیسلامی سیاسیی یەكێكە لە مەترسییە هـەرە سەرەكییەكان، هەر لەبەر ئەمەشە چەندین ساڵە پرۆسەی گۆڕانكاریی لە وڵاتانی عەرەبی دواكەوتووە، چوونكە هێشتا جەماوەر ئامادە نەبوون لە بەرانبەر موبارەك و بن عەلی و كێ و كێی تردا، ئیسلامی سیاسیی هەڵبژێرن، ئەگەرنا دەمێك ساڵ بوو ئەو تسۆنامییە هەڵیكردبوو بۆ راماڵینی ئەو سیستمە سیاسییانەی چەندین دەیەیە قوڕقوڕاگەی هاووڵاتیانی عەرەبیان گرتووە.

زۆرێك لە شرۆڤەكاران و پسپۆڕانی بواری ئیسلامی سیاسیی باس لـەوە دەكـەن چیتر بۆ لـەمـەودوا ئەستێرەی بەختی ئیسلامگەرای رادیكاڵ نادرەوشێتەوە، توێژەرێكی بەناوبانگی وەك «جیڵ كێبڵ» لە كتێبەكەی خۆیدا «پێغەمبەر و فیرعەون» پەنجە بۆ ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی ئیسلامی سیاسیی رادەكێشێت. هەر بۆیە «هاشم ساڵح» لە بارەی ناوەڕۆكی ئەو كتێبەوە دەنووسێت: تێزی سەرەكیی ئەم كتێبەی جیڵ كێبڵ بەمجۆرەیە: ئەو بزووتنەوە ئوسوڵییانەی لە ماوەی چارەگە سەدەی رابردوودا لە كۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەكاندا شوێن پێی خۆیان قایم كرد و سەركەوتنی جەماوەریی گەورەیان بەدەستهێنا، لە ئێستادا ئەستێرەی بەختیان لە ئاوابووندایە

و بـەرەو دواوە دەچـنـەوە. بـەڵام ئاخۆ هـۆکـاری ئەمە چی بێت؟. هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان ئەم توێژە کۆمەڵایەتییانەدا هەبوو: بۆرژوازییەتێکی ئیماندار لە شارەکان، لەگەڵ ئەو گەنجانەی بەدەست هەژاریی و نەبوونییەوە دەیانناڵاند، هەروەها ئەو توێژەش کە لە گەڕەکە میللیی و دووره دەستەکانی شارە گەورەکانی وەك قاهیرە و جەزائیر و دارولبەیزادا دەژیـان، سـەرەڕای خوێندکارانی زانکۆکان کە لە رۆشنبیرانی بزاوتە فێندەمینتالیستەکان بوون.

## شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی شۆڕشی ئیسلامی نییە

لە سەروبەندی شۆڕشەکانی تونس و میسر، ئایەتوڵا عەلی خامنەیی رابەری رۆحی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە یەکێك لە وتارەکانی خۆیدا لە نوێژی هەینیدا ئەو خۆپیشاندان و راپەڕینانەی وەك شۆڕشی ئیسلامیی و بە دیاریکراویی بە «بزووتنەوەی ئازادیی ئیسلامی» پێناسە کرد، داواشی کرد ئەو گەلانە وەك گەلانی سنووری قەڵەمڕەوی کۆماری ئیسلامی ئێران بن و شوێن پێی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران هەڵبگرن و کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران دابمەزرێنن.

هەرچەند ئەمە کەمێك حەماسەتی بە بڕێك لە هێزە

ئیسلامییەکان بەخشی و کەوتنە لێکچوواندنی ئەو شۆڕشانە بە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، تەنانەت هەندێك لە رۆشنبیرانی عەرەبی و ئیسلامی باسیان لە لێکچوونی مێژوویی راکردنی شاهنشای ئێران و بن عەلی دەکرد، کە لە یەك مانگدا بووە، بەڵام زۆر زوو لەلایەن راپەڕیوانەوە بە ئیخوان موسلیمینیشەوە وەڵامی عەلی خامنەیی دراوە، بەوەی خۆپیشاندان و راپەڕینەکانی ئـەوان ناچنە خانەی شۆڕشی ئیسلامییەوە بەڵکو شۆڕشن لە پێناوی نان و ئازادیی و دەستاودەستکردنی دەسـەڵات و جێکەوتی دیموکراسیی و لەناوبردنی حکومی هەتاهەتایی سەرۆکەکان. ئەمە لەلایەك و لەلاکەی ترەوە خەڵك بۆ ئاین و لەسەر پرسی ئاین راپەڕینی نەکردووە، تەنانەت ئۆلیڤییە روا وتەنی ئەو نەوەیەی ئێستا لە دونیای عەرەبیدا سەرمەشقی شۆڕش و خەباتن بۆ گۆڕینی رژێمەکان، نەوەیەکی پۆست ئیسلامن و بۆ ئەوان ئیسلامی سیاسیی دیاردەیەکی کۆنە و ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئەم قۆناغە بداتەوە.

رۆژنامەنووسی نـاوداری ئەمەریکی «تۆماس فریدمان» لە وتارێکدا لە «نیۆیۆرك تایمز» رەتیدەکاتەوە راپەڕینی هاووڵاتیانی عەرەبی راپـەڕیـن و شۆڕشی ئیسلامی بن و دەنووسێت: ئێستا خەڵکی وڵاتانی تونس و میسر، کۆتاییان بە دەستەڵاتی ئەو رژێمانە هێناوە و چەندین رژێمی دیکەی

وەکوو یەمەن و بەحرەین و عوممان و لیبیاش لە لەرزیندان. خەڵکی ئەو وڵاتانە لەبەر ئێمە یان وەکوو وەڵامدانەوەیەك بۆ بن لادن خۆپیشاندان ناکەن. ئەوان لەلایەن خۆیانەوە بۆ خۆیان ئەو کارە دەکـەن، چوونکە ئازادییان دەوێـت و دەیانەوێت چارەنووسی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیوویانە وەڵامدەرەوەیەکی بەهێزی مودێرن بۆ بن لادنیزم دروست بکەن، هەر بۆیە ئەلقاعیدە دەمی بەستراوە.

وەڵامی ئەلقاعیدە بۆ رووداوەکانی ئێستای جیهانی عەرەبی هاندانی خەڵکە بۆ دروستکردنی خەلافەت، بەڵام خەڵك هەر لە تونسەوە تا دەگاتە یەمەن، وەڵامی خۆیان هەیە بۆ توندڕەویی ئاینیی و ئەو رژێمانەی ماوەی دەیان ساڵە رۆژئاوا یارمەتیان دەدات، بێگوومان ئەو وەڵامە پێی دەوترێت دیموکراسی.

لەلای خۆیشیەوە «رۆبێرت کاپڵان» لە گۆڤاری «فۆرین پۆڵیسی»دا ئەم پرسە زیاتر روون دەکاتەوە و دەنووسێ: خۆپیشاندانی خەڵك دژ بەداگیرکاریی ئیسرائیل یـان دژ بە رۆژئـاوا و ئەمەریکا نییە، بەڵکو دژ بە رێـژەی بێکاریی، دیکتاتۆرییەت، گەندەڵی و نەبوونی ئازادییە، ئەمەیش گۆڕانێکی مەزنە لە مێژووی خۆرهەڵاتی نێویندا. بۆیە ناکرێت هیچ بـەراووردێـك لە نێوان ئەم شۆڕشانە و شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران بکرێت، چوونکە ئەمەی ئێستا شۆڕشی گروپێکی

ئیسلامیی نییە دژی هێزێکی عەلمانی، بەڵکو تەنیا تووڕەیی خەڵکە و لەناو خۆپیشاندەراندا کەسێکی هاوشێوەی ئایەتوڵا خومەینی نییە کە رابەرایەتی ئەو راپەڕینە بکات.

هەروەها ئەم راپەڕینانە کاریگەریی گەورەیان دەبێت و بەهۆیەوە سیاسەت لە جیهانی عەرەبیی ئاسایی دەبێتەوە و پێگەی رێکخراوی ئەلقاعیدەش بەرەو لاوازبوون دەڕوات. چوونکە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی لە وڵاتانی عەرەبییدا دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی دروشمە بریقەدارەکانی ئەو رێکخراوە چەکدارییە.

**ئیسلامی سیاسیی کورد گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکات**

لە کوردستان ماوەی مانگێك زیاترە پرۆسەی خۆپیشاندان لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوە دەچێت، ئەگەرچی خۆپیشاندانەکانی کوردستان لەلایەن هەر سێ ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت و ئاڕاستە دەکرێت، بەڵام نەبۆتە شۆڕش یان راپەڕینی جەماوەریی، تەنانەت هەندێك توێژەری بەناوبانگ و شارەزای وەك ئۆلیڤییە روا پێیانوایە ئەو خۆپیشاندانانەی لە دونیای عەرەبیشدا روودەدەن ناتوانرێت بە شۆڕش ناوببرێن چوونکە نە رابەرایەتی و رێکخستنی تۆکمە و دیاریان هەیە نە حزبێکی سیاسیی دیاریکراو بە رەسمی ئاڕاستەی دەکات، جا ئەگەر ئەوەی لە دونیای عەرەبیدا روو

دەدات بە شۆڕش حیساب نەکرێت و یان لە نێوان دوو کەوانەدا پێی بوترێت شۆڕش، ئەوە بێگوومان مافی ئەوەمان هەیە ئەو خۆپیشاندانانەی کوردستان بە شۆڕش ناوزەد نەکەین، ئەمەش رۆشنایی دەخاتە سەر هەڵاوێردی کوردستان لەو تیۆری «پولی دۆمینە»یەی هەنووکە لەسەر رژێمە عەرەبییەکان تاقیدەکرێتەوە، کە بەکەوتنی یەك پول کۆی پولەکانی تریش بەشێوەیەکی جادوویی بەدویدا دەکەون، ئەم ئەزموونەش نوێ نییە و درێژەدانە بە ئەزموونی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە ساڵی ١٩٨٩ کە یەك لە دوای یەك وەك پولی دۆمینە داڕوخان بەسەریەکدا.

ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان ئەگەرچی خاوەنی سیاسەتێکی ئۆپۆرتۆنیستی بووە بە درێژایی بوونی دەسەڵاتی کوردیی، بەڵام لەم قۆناغەدا بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر شەقام و جووڵاندنی جەماوەر لە دژی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرچی لێرەدا قسە لەسەر رەوایی جووڵاندنی شەقام نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئیسلامییەکانی کوردستان وەك هێزێکی تاریکبین و خاوەن گووتارێکی کۆنزەرڤاتیڤ گرەوێکی دۆڕاو دەکەن یان با بڵێین گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن.

چوونکە ئەگەر قەرارە دەسەڵات لە کوردستان بگۆڕێت

تەنانەت ئەگەر لە ڕێی ڕاپەڕین و شۆڕشیشەوە بێت، ئیسلامی ڕادیکاڵی کوردیی هیچ شانسێکی نییە بگاتە دەسەڵات، تەنانەت ئەمەریکا قووتبوونەوەی حکوومەتێکی ئیسلامی لە پەنای ئێراندا قبوڵ ناکات، لەوە زیاتریش گۆڕان هێزێکە بە ئاسانی قبوڵی نییە، ئیسلامی سیاسیی بەسەر ڕەنج و ماندوبوونی ئـەودا بازبدات و حکوومەتی خەلافەت دابمەزرێنێت، خۆ ئەگەریش سیستەم لە کوردستان نەگۆڕا و پرۆسەکە بوو بە کردەی چاکسازیی سیستەم، دیسانەوە زیانمەندی سەرەکیی ئیسلامی سیاسیی دەبێت، چوونکە بە گەشەی دیموکراسیی و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و تێپەڕاندنی قەیرانە قورسەکانی ئێستا، ئیسلامی ڕادیکاڵ هێندە بچووك دەبێتەوە وەك ئەوەی نەمابێت. لە حاڵەتی سێیەمدا ئەگەر وەزعەکە وەك هەنووکە بمێنێتەوە کە ئەمە ئەگەرێکی لاوازە، هەمدیسان ئیسلامی سیاسیی ناتوانێت هیچ قازانجێکی ئەوتۆ بکات بەڵکو ڕەنگە پاشەکشەی بەرچاو خۆیەوە ببینێت.

بەهەرحاڵ بارودۆخەکە بەرەو هەر وێستگەیەك بڕوات، ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان شانسی لەمە زیاتر بەهێزبوونی نییە کـە ئێستا تێیدایە، چوونکە بـارودۆخـی ناوخۆیی کوردستان، هەلومەرجی نوێی ناوچەکە، دەوڵەتانی زلهێزی جیهان، ڕێگە بەوە نادەن ئیسلامی سیاسیی ئەم دەسەڵاتە

نیمچە عەلمانییەی ئێستا لە کوردستان هەیە (بەهەموو کەموکوڕییەکانیشەوە) لە ناو بنات، ئەگەر کارێکی وا رووبدات ئەوە دەبێت لەلایەن هێزێکی عەلمانییەوە ئەنجام بدرێت، ئەو هێزەش ئەمڕۆ بوونی هەیە کە گۆڕانە. لەوە خەمناکتریش بۆ ئیسلامییەکان ئەوەیە سەرهەڵدانی گۆڕان بە پلەی یەکەم زەربەیەك بوو بۆ ئەوان، چوونکە پێش لە دایکبوونی گۆڕان تەنیا ئیسلامییەکان ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بوون، کەچی ئێستا گۆڕان تاکە ئەڵتەرناتیڤە، گۆڕان بێجگە لەوەی خەونی ئەوانی لەباربرد، زۆر زیرەکانەش رایکێشاونەتە ناو یارییەکەوە کە سەرئەنجامەکەی بە قازانجی خۆی تەواو دەبێت، خۆ ئەگەریش کۆتایی یارییەکە زیان و دۆڕانیش بێت، هێشتا گۆڕان بەنرخێکی هەرزانتر لە ئیسلامییەکان لێی دێتە دەرەوە.

*ئەم وتارە لە رۆژی ٢٩-٣-٢٠١١ لە ماڵپەڕی «دەنگەکان» بڵاوکراوەتەوە

-٥-

## ئیسلامگەرای توندڕەو .. ئیسلامگەرای میانڕەو

بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەیەکی وەك ئیسلامی سیاسیی پێویستیمان بە رووبەرو پانتاییەکی فراوانترە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گشتیی و لە تەواوی سیاقە جیاوازەکانەوە لەو دیاردەیە بدوێین، بەڵام من لێرەدا لەسەر سێ ئاست یان راستر بڵێم لەسەر سێ تەوەر قسە دەکەم کە بەم شێوەیە تەوزیفی دەکەم:

**تەوەرەی یەکەم : ئیسلامگەرا چییە؟**

دوا بـەدوای هـەڵـوەشـانـدنـەوەی دەوڵـەتـی خەلافەتی عوسمانلی لە دوانـزەی ئـازاری ساڵی ١٩٢٤دا لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە، بە چەند ساڵێکی کەم یەکەمین گروپی

ئیسلامی ریشەییخواز لە میسر بە نێوی گروپی (برایانی موسڵمان ـ اخوان المسلمین) دروست بوو کە مەهامی سەرەکی ئەم دەستەیە گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بوو بۆ سەر شانۆی سیاسیی، لێرەوە لە نێو دنیای ئیسلامیدا زەمینە سازبوو بۆ سەرهەڵدان و پێکهاتنی چەندین گروپی تری ئیسلامی رادیکاڵی کە هەموویان خەونیان بە گێڕانەوەی دەوڵەتی خەلافەتەوە دەدی، کە دەتوانین (إخوان المسلمین) بە دایکی هەموویان دابنێین، لە هەناوی ئەو گروپەدا چەندین گروپی تر دێنە دەرەوە کە هەر یەکێکیان بە ئاڕاستەیەکی جیاواز هەنگاو بەرەو ئەو خەونە دەنێت.

ئەم رەوتانە بێ هیچ خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و ژیربێژیی و دیدێکی نوێ و هاوچەرخ بۆ چەمکە قورئانی و ئیسلامییەکان بە هەمان تاکتیکی سەردەمی پێغەمبەر (محەمەد)ەوە، کەوتنە کار بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان یان باشتر بڵێین بۆ پاشەکشەپێکردنی جیهان بۆ دۆخی رابردوویەکی دوور کە لە تێڕوانینی ئەواندا ئەو رابردووە رابردوویەکی بێ خەوش و بێگەردە و کۆمەڵی پێشین (سلف) کۆمەڵێکی نموونەیی (مثالی) بێ هاوتا بووە، ئەرشیفی ئەو رابردووە بە رادەیەك خەنی و دەوڵەمەندە کە وەڵامی هەموو پرسیارە عەقڵانی و مەعریفییەکانی مرۆڤی کۆن و نوێ و کۆمەڵی کۆن و نوێی

داوەتــەوە، هەر بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ لە غەیری ئەم رابردووە پاکە بۆ شتێکی تر بگەڕێ.

هــەروەك چـۆن (ئەبوبەکری سدیق) دەیـگـووت (گـەر بۆ گوریسی ملی حوشترەکەم بگەڕێم لەنێو قورئاندا دەیدۆزمەوە) ئەم رەوتــەش بە هەمان شێوە رابــردوو و دینەکەی گشتگیر دەکات و دەیەوێ جارێکی تر کتومت بێ هیچ جیاوازییەك ئەو رابردووە وەك خۆی بگەڕێنێتەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی بابەتی و کۆمەڵایەتی دنیای نوێ کە دنیایەکە پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا. لەم حاڵەتەشدا کۆی ئیسلامگەرەکان بە توندڕەو و میانڕەوەوە هەمان خەونیان هەیە و تەنیا ستایڵی کارکردنی سیاسییان لێك جیاوازە، بەڵام لە دوا وێستگەدا هاوئامانج و هاوڕێگان.

سەرباری ئەمەش ئەم رەوتانە هاتوون تا دەروازەکانی عەقڵ کڵۆم بدەن و دەرگاکانی دیالۆگ دابخەن و بە شێوەیەکی نەقڵی و بێ بیرکردەوە لە نێو تێکستەکان و مێژوودا شوێنکەوتە بن، چوونکە هەموو جۆرە لۆژیکبازییەك لە فەرهەنگی ئەواندا یەکسانە بە زەندیق بوون (فمن تمنطق تزندق) و مافی بیرکردنەوە و رامان و هەڵوێستەکردن لە دەرەوەی کتێب و سوونەت و رای کۆی زانایان (إجماع العلماء) رەت دەکەنەوە، تەنانەت ئیخوانەکان دوژمنی سەرەکی ریفۆرمخوازیی و نوێگەرانی

بیری ئیسلامی بوون و بە هەمان شێوەی حەنبەلییەکان کەوتنە دژایەتیکردنی رۆشنفکران و موسڵمانانی نوێخواز، گەر لە رابردوودا حەنبەلییەکان بەربەستی یەکەمی بەردەم رەوتێکی عەقڵانی وەك (معتزلە) بووبن ئەوا ئیخوانەکان و ئیسلامگەرای هاوچەرخ بەربەستی سەرەکی بەردەم رێنسانسی ئیسلامی بوون کە (محەمەد عەبدە ـ جەمالەددین ئەفغانی) پێشەنگی بوون و هەنووکەش (د.نەسر حامد ئەبوو زێد ـ د.محەمەد ئەرگۆن و چەندانی تر) خەڵکانێکی ناسراون. لە هەمان بواردا.

**تەوەری دووەم : توندڕەویی و میانڕەویی**

بەر لە هەر شتێك جیاکاریی و پۆلێنکردنی ئیسلامگەرەکان بۆ سەر دوو پایەگا، کە یەکەمیان پایەگای توندڕەوەکانە و هەموو جۆرە عەقڵ و گفتوگۆ و زمانی پێکەوە هەڵکردنێك نراوەتە لاوە، بە پێچەوانەشەوە پایەگاکەی تر بڕوای بە دیموکراسی و دیالۆگ و هاوئاهەنگی هەیە و بیروڕاکانی خۆی بەسەر ئەوی دیدا ناسەپێنێ و بەشێوەیەکی بەرچاو کراوەیە کە زیاتر لەنێو ئەم پایەگایەدا پەنجە بۆ (إخوان المسلمین) درێژ دەکرێ. لە بنەڕەتەوە هەڵەیە، چوونکە لە راستیدا ئیسلامگەرای توندڕەو و میانڕەو بوونی نییە، هەر چەندە دەتوانین موسڵمانی توندڕەو و میانڕەو لێك جودا بکەینەوە، بەڵام ئەوی لەنێو ئاڕاستەی ئیسلامگەرایدا

بێت ناتوانرێت وەك میانڕەو وەسف بكرێت، چوونكە كۆی ئیسلامگەرەكان لە توندڕەویدا یەكانگیر و هاوبەشن.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەو ئیسلامگەرانە بكەین كە خۆیان بە میانڕەو دەزانن: ئایا باوەڕی خۆیان ئیلغا كردۆتەوە بە ئایەتەكانی جیهاد و هاندانی كوشتن و توندوتیژیی؟ ئایا میانڕەوەكان سورەتی (التوبة)یان لە قورئانەكەی بن باخەڵیان دەرهێناوە؟ ئایا میانڕەوەكان هێشتا بڕوایان وا نییە بەهەشت لە ژێر شەبەنگی شمشێردایە؟ ئایا میانڕەوەكان جورئەتی ئەوە دەكەن كە حەدیسەكانی جیهاد و تاڵانی پشتگوێ بخەن و بڵێن سەردەمی كارپێكردنیان بەسەرچووە؟ ئایا میانڕەوەكانیش تەكفیری ئەو كەسانە ناكەن كە رەخنە لە ئیسلام و پارتە سیاسییەكانیان دەگرن؟.

بێگومان تاكە شتێك رەوتی میانڕەو لە توندڕەو جیا دەكاتەوە لەوەدایە كە ئەوی یەكەمیان هەلومەرجی بابەتی خوێندۆتەوە و دەزانێت پارسەنگی هێز بەلای كێدا لارە، بەڵام ئەوی دووەمیان بەبێ تێگەیشتن لە زەمینە و واقیع بەشێوەیەكی هەڵچووانە بانگەشەی بەكارهێنانی زەبروزەنگ دەكات، گەر وردبینەوە لە مێژووی (إخوان المسلمین) لە نزیكەوە بەر ئەم راستییە دەگەین: بۆ نموونە لە سەرەتای كاری ئەو گروپەدا بەشێوەیەك دەردەكەون وەك كۆمەڵێكی ریفۆرمخواز، لەو ساتەوەختەشدا

(حسن البنا) دەیووت (لەگەڵ خەڵکی وەك دار وابن گەر بەردیان تێگرتن ئەوا ئێوە بەریان تێبگرن)، بەڵام لەوکاتەی کە دەبنە رێکخراوێکی تۆکمە و بە نفوز دەمامکەی سەرچاویان لادەدەن و لەم لەحزەیەدا (حسن البنا) دەڵێ (ئەوەی لەبەردەم هاووڵاتیانی میسردایە، هەڵبژاردنە لە نێوان دوو سەنگەردا: پەیوەندیکردن بە ئیخوانەوە یان دژایەتیکردنمان). بەنا، رێگەی سێیەم نابینێ و هەر دۆستایەتی نەکردن و قبوڵنەکردنێکی بە دوژمنایەتیکردنی تێدەگات.

تا دەگات بەوەی ئیخوانەکان هەڵدەستن بە دەرکردنی گۆڤاری (النذیر) کە لە راستیدا ناوی گۆڤارەکە هەڵگری گەلێك مانا و مەدلولاتی تایبەت بە خۆیەتی کە گرنگترینیان بریتییە لە تەعبیرکردن لە هەستی توندوتیژیی گروپەکە. ئیدی لە پرۆسەیەکی لەسەرخۆدا گروپەکە بەرەو رەوتێکی چەکداریی دەڕوات و (حەسەن بەنا)ش باسی جیهاد دەکات و ئەمجارەیان لە جیهادی دەروونـەوە باز دەدات بـەرەو جیهادی کوشتنی نەیاران. هەر لەم بارەوە بەنا دەڵی (جیهاد فەرزێکی پێویست و ئاشکرایە کە هەر دەبێ بکرێ). ئیدی لەم بەروارە بەدواوە ئەم گروپە چەندین جموجۆڵی چەکداریی و جیهادیی بەڕێدەخات کە تیرۆرکردنی (نەقراشی پاشا) نموونەیەکی هەرە بەرجەستەیانە.

لە کوردستانیش لەبەردەم هەمان ئەزموونداین، یەکگرتووی

ئیسلامیی کە راستەوخۆ لقێکە لە (إخوان المسلمین) و ناشکرێ بە هیچ جۆرێك مێژووی یەکگرتوو بە جیا لە مێژووی (إخوان) سەیر بکرێت، بێ لەوەشی یەکگرتوو لەو چرکە ساتەدا خۆی رادەگەیەنێ (١٩٩٤) کە هیچ مەترسییەك لەسەر کورد و پاکتاوی گەلەکەی نەماوە، رۆڵی هەبووە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیدا، هەرچەندە گەلەك هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی خۆیان بە جیا بگرن لە رەوتە ئیسلامییەکانی تر (کۆمەڵ و بزووتنەوە) بەڵام لە واقیعدا یەکگرتوو و هەموو ئەوانیتریش یەك ستراتیژییان هەیە و سەر بەیەك شێوەی بیرکردنەوە و دنیابینین بۆ دەرەوەی خۆیان و دەوروبەریان، بەڵام بە کەمێك جیاوازییەوە. کە دەتوانین بڵێین گەر گرووپی (أنصار الاسلام) باڵی عەسکەریی ئەو بزووتنەوەیە بێت، ئەوا یەکگرتوو باڵە سیاسییەکەیەتی.

رەنگە یەکگرتووی (میانڕەو) بەشێوەیەك پەرە بدات بە کولتووری زەبروزەنگ کە لە توندوتیژییەکەی (أنصار الاسلام) جیاواز بێ، لەوانەیە (أنصار) لەبەر مەنبوزبوونی خۆی و بچووکی قەبارەکەی توانای ئەوەی نەبێ لە نێو کایە کولتوورییەکەدا تیرۆر بەرهەم بهێنێ، بەڵکو تەنیا دەتوانێ فەزایەکی نائارام بەرجەستە بکات، بەڵام یەکگرتوو بەهۆی بەهێزیی و فراوانی قەبارەکەی لە توانایدایە کار لەنێو لایەنە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکات.

یەکگرتوو لە ڕێگەی ڕایەڵی ڕاگەیاندن و مینبەری مزگەوتەکانەوە فەتوا دەدات و مەلاکانیشی ڕۆژانە لە وتار و وەعزەکانیاندا نەفرەتی ئاسمان بەسەر هەموو ئەوانیتری دەرەوەی خۆیاندا دادەبارێنن!، دیسان ئەوە هەر یەکگرتووە دەیەوێت ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی نەیار بئاڵێنێتە تەلبەندی ڕقی خەڵك و وێنایەکی ناشیرینیان لە نێو زەینی خەڵکدا بۆ دروست دەکات و هەمیشە هەر ڕەخنەگرتنێك لە ئیسلامگەرەکان یەکسان دەکاتەوە بە ڕەخنەگرتن لە خوا و پێغەمبەرەکەی، چوونکە ئیسلامگەرەکان خۆیان بە سێبەری خوا دەزانن لەسەر زەوی. لەبەر ئەوە لە ستروکتۆرەوە ئەو پۆلێنکردنەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بە هەڵەداچوونە ئەگەر نا لە جەوهەر و ماهییەتدا هەموو ڕەوتە ئیسلامگەرەکان یەك شتن و دووڕووی دراوێکن.

## تەوەری سێیەم : ئیسلامگەرای کوردستان و کێشەی نەتەوەیی

لەم چاپتەرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئایا ئیسلامگەرەکانی کوردستان تا چەند بەشداربوون لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و شانبەشانی هێزەکانی دیکە لە سەنگەردا بوون بۆ بەرگریکردن لە کوردبوون و ستەملێکراوی ئەو گەلە؟ کە لە ڕاستیدا ئیسلامگەرەکان نەیانتوانیوە

(نەیانویستووە) لە قۆناغی سەختەکاندا بوونی خۆیان ئاشکرا بکەن، بۆ نموونە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (إخوان) لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو کەچی ساڵی (١٩٩٤) دوای راپەڕین لە ژێر ناوی (یەکگرتوو)دا خۆی رادەگەیەنێت، تەنانەت ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی خەباتی شاخدا تەواو بێدەنگن و وەك حەلقەیەکی نهێنی زۆر بچوك دەمێننەوە.

لە ماوەی رابردووشدا و لە ئەزموونی کارکردنی رەوتە ئیسلامگەرەکانەوە بەشێوەیەکی کرداریی بینیمان نەیانتوانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردایەتی و خەباتی سەربەخۆیی کوردستاندا کار بکەن، بە پێچەوانەوە خزمەتگەلێکی زۆری کولتوور و ناسیۆنالیزمی عەرەبیان کردووە، گەشەکردنی ئەم فۆرمە لە ئیسلامگەریی بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردنی بیری پان ناسیۆنالیزمی عەرەب، چوونکە ئیسلام رەگەزێکی هەر گرنگی عروبەیە! هەروەك (میشێل عەفلق)ی تیۆرسیۆنی بەعسیزم دەڵێ (پەیوەندیی نێوان عروبە و ئیسلام وەك پەیوەندیی جەستە و گیان وایە).

یەکگرتوو بە ریالی سعودی و دەوڵەتانی خەلیج بە ناوی فریاکەوتنی هەژاران و خێرخوازییەوە دەبێتە جێبەجێکاری پرۆژەکانی نەتەوەپەرستانی عەرەب، چوونکە جێگەی گومانە کە عەرەبە (خێرخوازەکان) بە تەنیا مزگەوت لە کوردستان

دروست دەکەن (وەك ئەوەی کەممان هەبێت). لە کاتێکدا لەو چرکەساتە زێڕینانەی کە یەکگرتوو مزگەوتی دروستدەکرد هەر ئەو جەماوەرە موسڵمانە بوو کە یەکگرتوو مزگەوتی بۆ بونیاد دەنا لە هەژارییەکی کەم وێنەدا دەژیا.

ئەو عەرەبەی کە ملیۆنەها دۆلار و ریال دەخاتە سەر حساب بانکی یەکگرتوو، بە خۆڕایی ئەم بڕە خەیاڵییە بە فیڕۆ نادات لەبەر ئەوەی دەزانێت بەهێزبوونی ڕەوتی ئیسلامی بونیادگەریی لە کوردستان بە مانای پووکانەوەی بیری نەتەوەییە و بەمەش ڕێگا تەخت دەبێت لەبەردەم عەرەب تا لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس بە زێدی ڕەسەنی خۆی بزانێ.

لە هەمووشی سەیر ئەوەیە کە یەکێك لە بەرپرسە باڵاکانی یەکگرتوو کە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەش لە (دەوحە) دەژی بە عەگال و دشداشەوە نوێژی بە کۆمەڵ دەکات و دوعا بۆ برا موجاهیدەکانی خۆی دەکات لە فلیپین و کشمیر بەبێ ئەوەی لە بیری بێ کە خەڵکی کوردستانە و گەلەکەی خۆیشی لە هەموو ئەوانە چەوساوەترە، بەڵکو لە هەمووشی گرنگتر عەرەبی دشداشە لەبەر ئەو غەدر و ستەمە گەورەیەی لە گەلەکەی کردووە.

*ئەم وتارە لەژمارە (٨٤) رۆژنامەی (جەماوەر) لەرۆژی ٢١-٦- ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

-٦-

## فەتوا و زەنگی کەنیسە

هاوزەمان لەگەڵ گرێدانی کۆنفرانسی یەکەمی کەنیسەی کورد زمان (ئینجیلی) گروپە توند و سەلەفییە ئیسلامییەکان تووڕەییان تەقییەوە و بە زمانی فەتوا و هەڕەشە هەڵوێستی خۆیان دەربڕی لە بەرامبەر بە مەسیحیبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی بە رەسەن موسڵمان. لە زۆرێك لە رایەڵە ئاینییەکانەوە هاتوهاوار بەرز بـووەوە گوایە ئەمە پرۆسەیەکی ترسناکی لە نێوبردنی ئیسلامە!!، لە کاتێکدا کەنیسەی ئینجیلی هیچ بانگەشەیەکی لـەو جـۆرەی نـەکـردووە، یانژی بەشێك لە ئیسلامگەری سیاسیی پرۆسەی بەمەسیحیکردن لە دنیای ئیسلامیدا بە کارێکی حـەرام و نەکردە دەزانـن و پێیانوایە مەترسی گەورەی دەبێت لە شێواندنی کۆمەڵگە.

ئـەو مافە بـە کەنیسەی ئینجیلی نــادەن لـە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا بانگەوازی ئاینەکەی بکات، بەڵام ئیسلامگەری

سیاسیی لە نێو جەرگە و چەقی خۆرئاوا و دنیای مەسیحیدا بانگەوازی ئاینەکەیان رادەگەیەنن و ساڵانە دەیان هەزار کتێبی شەرعی و ملیۆنەها نوسخە لە قورئان و تەفسیرەکانی بە زمانە جۆراو جۆرەکان رەوانەی خۆرئاوا و دنیای کریستیانی دەکەن. تەنانەت کەمپینێك بەناوی (رابوونی ئیسلامی)یەوە لە ئارادایە بۆ بانگەوازکردنی خەڵکانی مەسیحی و پەیڕەوکارانی ئاینەکانی دیکە بۆسەر ئاینی ئیسلام. قەشەیەکی وەك (ئەحمەد دیدات) و کۆمۆنیست و بیریارێکی وەك (رۆژیە گارۆدی) دەبنە موسڵمان ئەمە بەلای ئیسلامییەکانەوە کارێکی ئاسایی و گونجاوە، بەڵام گەنجێکی بێ ناوبانگ و دابڕاو دەبێتە مەسیحی، ئەوە سەری دنیایان لێدێتەوە یەك و وا دەزانن جیهان کاول بووە و سبەینێ کۆتایی دنیایە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان وەك رێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی زۆر بە پەرۆشییەوە چاودێریی ئەم مەسەلەیە دەکات و بە رادەیەك لێی توڕەبووە باڵانسی دەرچووە و هەر دەڵێی ئاور لە هەناویان بەربووە. بە دەیان شێوە و میکانیزم و رێگە سەرقاڵی ترساندن و زراوبردنی خەڵکن تا چیتر نەبنە مەسیحی، لەلایەکی تـرەوە بە چەندین گوزارشت و زمان لەهەوڵی ناوزڕاندن و پڕوپاگەندەی سەیر و سەمەرەن لە دژی ئەو کەسانەی بوونەتە مەسیحی و لەهەمان کاتدا لە دژی

کەنیسەی کورد زمان (ئینجیلی). لێرەوە هەوڵدەدەم کەمێك تیشك بخەمە سەر ئەم پرسە و وردتر و بە دیقەتتر هەڵوێستی ئیسلامگەری سیاسیی ئاشکرا بکەم.

## رۆژنامەی کۆمەڵ و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

رۆژنامەی کۆمەڵی ئیسلامی (کۆمەڵ) لەژمارە (٢٢٣)دا بە مانشێتی گەورە لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیوویەتی: (وەفدێکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لە سەردانی مامۆستا عەلی باپیردا: بە گاورکردن لە کوردستان پیلانە بۆ تێکدانی پەیوەندیی موسڵمان و مەسیحییەکان) ئەم مانشێتەی رۆژنامەی (کۆمەڵ) لەچەند روو و سیاقێکەوە جێگەی ئیست و لەسەر وەستانەوە:

أ-بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەری نەتەوەیی گەلی کلدۆئاشوورییە نەك باوەڕدان بە مەسیحییەت، ئەم بزووتنەوەیە رەوتێکی ناسیۆنالیستییە و کار بۆ دۆزی نەتەوەیی ئاشوورییەکان دەکات نەك بۆ ئاین، ئەگەر وا بوایە دەبوو ناوی بزووتنەوەی دیموکراتی مەسیحی بوایە.

ب-ئەگەر لە حاڵەتێکدا بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەرایەتی کریستیانەکانی عێراقیش بکات نابێت دەخالەت لەپرسێکی لەو جۆرەدا بکات، چوونکە بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری پارتێکی سیاسییە و بۆی نییە دەست لە کاروباری

ئاین و لاهوت وەربـدات، عیسای مەسیح خۆی ئەم هێڵەی کێشاوە و دەڵێ هەرچی کاری قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوی کاری خواوەندە بۆ خواوەند. سترۆکتۆری ئاینەکە وەهایە وەڵامی یەکلایکەرەوە و پابەند بەئاین لە دەسەڵاتی باڵای کەنیسە و کاردیناڵ و قەدیسەکان وەردەگرێت نەك لە پارتێك کە کارە سەرەکییەکەی بریتییە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی سیاسەت.

ج-ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەری کریستیانانە و دەتوانێ هەموو بڕیارێکیش بدات، بەڵام ناتوانێت دەرگای باوەرهێنان لەسەر خەڵك دابخات چوونکە ئاینی کریستیانی ئاینێکی تەبشیرییە و دەرگای واڵایـە بۆ هەرکەسێك پەیڕەویی لێبکات. یان بەواتایەکی تر مەسیحییەت ئاینێکی لۆکاڵی و تایبەت نییە بە گەل و نەتەوەیەك، لەم حاڵەتەشدا بزووتنەوەی دیموکراتی ناتوانێ ئەو مافە لە خەڵکانی تر وەربگرێتەوە لەمەڕ باوەڕهێنان یان نەهێنان بەئاینی کریستیانی.

د-وشـــەی گـــاور لەمانشێتەکەی رۆژنـامــەی (کـۆمـەڵ) دا بەکارهێنراوە، دڵنیام ئەم وشەیە لە زمانی وەفدەکەی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری وەرنەگیراوە لەبەرئەوەی ئەم گوزارەیە جۆرێکە لە سووکایەتی بە هەموو کریستیانێك، ئەو وشەیە لەلایەن خەڵکانی موسڵمانەوە وەك زاراوەیەکی نزم و

هاوشانی جنێو لە بەرامبەر کریستیانان دەردەبڕدرێت. ڕەگ و چاوگی وشەی (گاور) بەپێی زانیاریی من لە زمانی تورکیدایە و دروستترین ماناشی (کافرە) دیارە لەئیسلامدا چۆن لەکافر دەڕوانـرێـت؟. کافر لە دیـدی ئیسلامیدا شیاوی کوشتن و سووکایەتی پێکردن و دیل و کۆیلەکردنەوە.

### عەلی باپیر ڕۆڵی یوسف قەرەزاوی وازی دەکات

مەلا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی (میدیا)دا فەتوای کوشتن دەدات و هەڕەشە لەو خەڵکانە دەکـات بـاوەڕی خۆیان لەئیسلامەوە گۆڕیوە بۆ مەسیحی، ئێمە لە ماوەی چەندان ساڵی ڕابردوودا لە نزیکەوە و لەسەر شاشەی تیڤی فەتواکانی ئەم پیاوەمان دیـوە و زۆرجاریش لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا وەعز و هەڵوێستە توند و ئاگرینەکانیمان خوێندۆتەوە. عەلی باپیر دوای فەتوای لە ناوبردنی مەریوان هەڵەبجەیی چەکی فەتوای لە شان دانەنا بەڵکو بازاڕەکەی گەرمتر کردووە و هەنووکە بانگەواز بۆ کوشتنی ئەو دەستە گەنجە بە مەسیحی بووە دەکات.

ئیسلامییەکان لە تەواوی دنیادا خاوەنی زمانێکی ستاندار و فەرمین ئەویش زمانی فەتوا و هاندانی تیرۆرە، ئیسلامییەکانی کوردستان وەك بەشێکی دانەبڕاو لە ئیسلامگەری سیاسیی

وڵاتانی عەرەبی بە هەمان زمان و ستایڵ موخاتەبەی دەرەوەی خۆیان دەکـەن. عەلی باپیر وەك یەکێك لە وتـارە خوێنە دەمارگیرەکان وەستایەکی کارامە و پسپۆرێکی پڕۆفیشناڵی بواری فەتوا بەخشینەوە و هاندانی توندوتیژییە و لە زۆربەی حاڵدا دەگاتە شانی مامۆستا سەلەفییەکانی لە دنیای عەرەبیدا و هەندێ جاریش تێیاندەپەڕێنێت.

ئاخر دنیای عەرەبی، فەتوا و وتـاری مەلا دەمارگرژەگان هەناسەی لەبەر بڕیوە و لاشەی داڕزانـدووە، مزگەوت وەك کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست هەژموونی کردووە بەسەر ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ئابووریدا، لە وڵاتـانـی عـەرەبـی کونجێك نـەمـاوە ئاین و فەتوا خۆی نەخزانبێتە ناوی، هەناسەیەك نییە بارگاوی نەکرابێت بەوەعزی مەلاکان. نووسەری فەلەستینی نیشتەجێی نەرویژ (د.ئەحمەد ئەبومەتەر) دەنووسێ (رۆژانـە لەزیاتر ١٠٠٠٠٠ مزگەوت لە وڵاتانی عەرەبی بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز ئەم نزا و دوعایانە دەخوێنن: خودایە سەرمان بخە بەسەر فەلە و کافر و بێ بڕوایان، خودایە منداڵەکانیان هەتیو بکە، خودایە ژنەکانیان بێوەژن بکە، ماڵەکانیان وێران بکە هتد.. ئەم تێڕوانینە ئاینییە وایکردووە کە توندوتیژیی دژی مەسیحییەکان ببێتە شتێکی ئاسایی هـەروەك ئەو کـردەوە تیرۆرییانەی لە وڵاتی میسری

عەرەبی دژی قیبتییە مەسیحییەکان ئەنجام دەدرێت و موڵك وماڵیان بەتاڵان دەبرێت).

بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر سبەینێ بۆمبێك لەبەردەم کەنیسەی ئینجیلی بتەقێتەوە و کارەساتێکی خوێناویی لێبکەوێتەوە، مادام عەلی باپیرێك هەیە رەوایی دەدات بە کوشتن و خوێنی گەنجانی هەڵگەڕاوە لە ئاینی ئیسلام بە هەموو شێوەیەك حەڵاڵ دەکات. عەلی باپیر لە پەراسووی چەپی یوسف قەرەزاوی هاتۆتە دەرێ و کاری یەکەم و کۆتایی کردۆتە فەتوادان و دابەشکردنی دۆزەخ و بەهەشت بەسەر خەڵکیدا. یوسف قەرەزاوی وەك بازرگانێکی فەتوا و خوێنڕێژیی رۆژی (٣-٧-٢٠٠٤) لە رۆژنامەی (الاهرام العربی) فەتوای دا بۆ کوشتنی بیرمەندە موسڵمانە ئازادەکان و ناوینان (المرتدین) و بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵێ: فوقەهای ئیسلام لەسەر ئەوە کۆکن سزای مورتەد بدرێت، هەرچەندە لە دیاریکردنی جۆر و رادەی ئەمە کۆك نین، زۆربەی زۆریان دەڵێن دەبێ بکوژرێن ئەمەش نەك هەر رای هەرچوار مەزهەبەکەیە، بەڵکو رای هەر هەشت مەزهەبەکەیە.

عەلی باپیر بە وێنەی قەرەزاوی پاساوی شەرعی و کۆکیی فوقەهای ئیسلام بۆ فەتواکانی دەهێنێتەوە، ئەو نەك ئەوانەی بوونەتە مەسیحی بە شایەنی کوشتن دادەنێت بەڵکو ئەو

ڕۆشنبیر و بیریارانەی گومان دەکـەن یـان بە میتۆدێکی عەقڵانی و هاوچەرخ لە ئیسلام دەڕوانن بەمورتەد دەزانێت و تاکە سزای مورتەدیش لە ئیسلامدا لە کوشتن بەولاوە هیچی تر نییە. باپیر هەوڵدەدات بۆ پاساوی بەکارهێنانی توندوتیژیی حیکایەت دروست بکات لەوە زێدەتریش دەیەوێ شەرعیەتی توندوتیژییەکان لە دەمی خودی مەسیحییەکانەوە وەربگرێت، مانشێتەکەی ڕۆژنامەی کۆمەڵ بۆ ئەوەیە وێنایەك لە خەیاڵدانی خەڵکدا دروست بکرێت تەنانەت مەسیحییە ڕەسەنەکانیش دژی ئەم کردەیەن و بە ئاژاوە و دووبەرەکی لەقەڵەم دەدەن.

مـەریـوان وریـا قانیع دەنووسێت (هـەمـوو هێزێك کە توندوتیژیی بەکاردێنێ پێویستی هەیە کە حیکایەتێکی هەبێ، بۆ ئەو توندوتیژییەی بەکاریدەهێنێت). عەلی باپیر وەك ڕابـەری هێزێکی سەلەفی زۆر موشتاقی داتاشینی حیکایەتێکە بۆ ڕەواییدان بە فەتوا خوێناوییەکانی. یەکێك لەو حیکایەت و پاساوانەی ئیسلامگەری سیاسیی بەردەوام بە دژی مەسیحییەکان بەکاریدەهێنێ ئـەوە گوایە ئاینی جوولەکە و مەسیحی بە هاتنی ئیسلام نەسخ بوونەتەوە و ئاینی ئیسلامیش بەکۆتا ئاینی هەموو مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدەن. نووسەری عەلمانی عەرەب (عەفیف ئەخزەر) باوەڕی وایـە (سەیرکردنی یەهودییەت و مەسیحییەت وەك دوو

شەریعەتی نەسخکراو و لە قەڵەمدانی ئیسلام بە تەنیا ئاینی سەرگۆی زەوی کە تەنیا ئەوانە سەرفراز دەبن دەچنە ناویەوە یان بەپێویست زانینی ئەوەی تا رۆژی قیامەت جیهاد بەردەوام بێت بۆئەوەی تێکڕای مرۆڤایەتی بە زۆر بێت یان بە خواستی خۆیان ئیسلام بن، یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارە ئاینییەکانی تیرۆری ئیسلامی و رێگری گەورەشە لەبەردەم ئەوەی بەشێکی بەرفراوانی موسڵمانانی خۆرئاوا تێکەڵ بە کۆمەڵگە عەلمانییەکانی ئەوێ بن).

هەر ئەم هۆکارە رۆڵێکی بەرفراوانی هەبووە لە سەرکووت و چەوساندنەوەی مارۆنییە مەسیحییەکانی لوبنان و قیبتییەکانی میسر و گەلی دارفور لە باشووری سودان، وەك بینیمان هەر دوێنێ بوو جاشەکانی جەنجەوید ئەنفالی مەسیحییەکانی باشووری سودانیان کرد و گەورەترین تراژیدیای ئینسانیان خولقاند. د.شەفیع خزر دەڵێ (مێژووی نوێی سودان چەوساندنەوەی ئاینی بەخۆوە نەبینیووە، بەڵام سەپاندنی یاساکانی سێپتەمبەری ئیسلامی لەلایەن- نموویرییەوە- لەخۆی لەبەرامبەر تەنگژەیەکدا بینییەوە و دەوڵەت بوو بە دەزگایەکی تیرۆریستی و فاشی بەناوی ئاینەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەرەی ئیسلامیدا).

عەلی باپیر دەویەوێ هەمان ئەزموونی تاڵی عەرەبی

ئیسلامی لە کوردستان دووبارە بکاتەوە، بەڵام خۆشبەختانە چانسی ئەوە نییە بتوانێ دەسەڵات وەربگرێ یان پارتەکەی بەوجۆرە بەهێز و کاریگەر نییە، مەگەر بتوانێت لابەلا تەقینەوەیەك ئەنجام بدات. عەلی باپیر دەیەوێ رۆڵی یوسف قەرەزاوی وازی بکات و هەژموونی فەتوای خۆی فەرزبکات کە ئەرکی رەوتە عەلمانییەکانە پێشگیریی لێبکەن تا کوردستان نەبێتە جێگەی تاقیکردنەوە تاڵەکانی دنیای عەرەبی کە ئاین بە هەموو پنتەکانیدا رۆچووە. هەروەك (شاکر نابلیسی) دەڵێت (عەرەب تەسلیمی رۆشنبیرییەکی مزەوەری ئاینی بووە، بە جۆرێك وتاری وروژێنەری رۆژانی هەینی و بەرنامەی ئاینی و پەرتووکی ئاینی خاڵی جیاکەرەوەن لە نێوان تاڵ و شیرینییەکاندا هەروەها لە نێوان ئاین و سیاسەت و ئابووری و فێربوون و رۆشنبیریدا).

باپیر یەکێکە لەو سەرکردە ئیسلامییانەی خوازیاری ئەوەیە بەچەشنی وڵاتانی عەرەبی ئاین خاڵی یەکلایکەرەوە بێ نەك بابەتێکی رۆحی مرۆڤەکان. باوەڕم وایە عەلی باپیر پیاوێکی مەترسیدارە و لەوانەیە ئاڕاستەی کۆمەڵەکەی لە دواجاردا بۆ گروپێکی تیرۆریستی ببات و ببێتە قەرەزاوی لە فەتوادا و زەرقاوی لە تیرۆردا. بەڵام تاکە جیاوازیی قەرەزاوی و باپیر لەوەدایە: قەرەزاوی لە پەنا هەستە ئاینییەکەیدا خاوەنی

دیدگای عروبەیە و ساڵی ٢٠٠٢ کاتی شکاندنی موشەکەکانی سەدام وتی: وا دەزانم پەراسووەکانی من دەشکێنن!. کەچی عەلی باپیر ئامادە نییە بۆ گیانی سەدان هەزار شەهیدی کوردستان تەنیا خولەکێك بە پێوە رابوەستێ.

### کولتووری لێبوردن و ئیسلامگەری سیاسیی

بودا دەڵێت (هیچ رقێك بە رق چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە خۆشەیستی رق کەم دەبێتەوە و لەناو دەچێت). ئیسلامگەری سیاسیی نەك وەڵامی رق بە تیرۆر دەداتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر خۆشەویستیشدا شمشێر لە کێلان دەردەهێنێ. چوونکە تاکە زمان کە هەیەتی توندوتیژییە و لەسەر دڵڕەقی و کوشتن راهێنراوە، ناتوانێت بەرگەی پێکەوە ژیان و جیاوازبوون بگرێت، دەیەوێ لە رێگەی کینە و تیرۆرەوە دەست بەسەر دنیادا بگرێ و هەموو مرۆڤایەتی ملکەچی پەیامەکەی بکات، کولتووری لێبوردەیی و بەخشندەیی لە ویژدانیاندا نەچێنراوە، ناتوانن وەك کریستیانەکان نوێژ بۆ ئەوانە بکەن ستەمیان لێکردووە، ئارامیی ئەوەیان نییە گەر زللەیەك لەلای راستیان درا تەقەبولی بکەن چجای ئەوەی لای چەپیان شل بکەن.

باوەڕم وایە توندوتیژیی و رق لە ئیسلامی سیاسیی دەربهێنە هیچی نامێنێتەوە هەربۆیە ژینگەی گەشەکردنیان لە

کۆمەڵگە ئارام و جێگیرەکاندا نییە، هەروەك چۆن ئەو کەسانەی تەسلیم بە قەدەری ئیسلامگەربوون ئەو خەڵکانەن لە رووی دەروونییەوە نائارام و تووڕەن و خودانی کۆمەڵە گرێیەکی قووڵی نەکراوەن. جارێك لە ژنە سۆفی گەورە (رابیعەی عەدەوی)یان پرسی بەقەدەر ئەوەی لە عیشق و خۆشەویستی خوادا تواویتەوە هێندەش کینەت لە ئەهریمەنە؟ لە وەڵامدا وتی: خۆشەویستی خودا بە جۆرێك داگیری کردووم جێگەیەك نەماوە بۆ رق لێبوونەوە.

ئایا ناکرێت ئیسلامییە هاوچەرخەکانی چاوێك لە رابیعە بکەن و خۆشەویستی خودا داگیریان بکات لە بری رق و تووڕەیی و کینە؟ ئایا ناتوانن مرۆڤەکانیان خۆشبوێ پێش هەر ئینتمایەکی ئاینی و مەزهەبی؟ ئایا ناتوانن بە نەرم و نیانی و بە زمانی گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکانیان مامەڵەبکەن لە بری تەقاندنەوەی تاوەرەکانی بازرگانی و چاندنی مین لەژێر هێڵەکانی میترۆ؟. ئایا ناکرێت کاتێك کەسانێك ئاینەکەیان بەجێدەهێڵن لە بری تەقینەوەی بورکانی تووڕەییان بێدەنگی هەڵبژێرن و ئەو ئازادییە بە عەقڵی مرۆڤ بدەن کە چی هەڵدەبژێرێت؟. ئایا ناتوانن لە بری پشتێنی (تی. ئێن. تی) و چەکی سەرشانیان قەڵەم لەگیرفانیان دابنێن و شەڕ بخەنە دوو توێی کتێبەکانەوە؟.

ئەوە نییە (بیسمارك) دەڵێ (ئەگەر لەبری چەك بە قەڵەم شەڕ بکەیت دوژمن لەناو دەچێت). بۆچی ئیسلامییەکان ئەم وتەزایە ناکەنە دروشم و کاری پێناکەن ئاخۆ چاکتر نییە لەو ئازارە نەبڕاوەیەی بەسەر جیهاندا هێناویانە؟ بۆچی ستەمیان لە هەموو شتێك پێ باشترە؟ خۆزگە لە (سوقرات)ەوە فێربوونایە (ستەمت لێبکرێت باشترە لەوەی ستەم بکەیت) خۆزگە ستەمیشیان قبوڵ نەکردبا لەوە چاکتر بوو خۆیان ببنە جۆشدەری ستەمکاریی و بەردە گەورەکەی (بیلال) لە ژێریدا دەیناڵاند و بەنرکە نرك دەیوت (احد احد) بخەنە سەر سنگی گەنجێکی هەژار لە سووچێکی کەنیسەدا دانیشتووە تەرانیمە دەخوێنێ. گاندی وتەنی (هەر کەسێك خەڵك راونێ خۆشی ناحەسێتەوە) راونانی نووسەران و فەتوای رەش و مانۆڕی تیرۆر و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە گەنجێکی مەسیحی چ سوودێك بە ئاین دەگەیەنێ جگە لە نابووتکردن و ریسواکردنی؟.

من وا بیر دەکەوە مرۆڤ لە هەموو شت گرنگترە، مرۆڤ چەقی هەموو شتەکانە، ئەوە هەر مرۆڤیشە نرخ و بەها دەدات بەجیهان و ئەوانەی لە نێویدا هەن، کۆنفۆشیۆس بیست و پێنج سەدە پێش ئێستا هەمان بیروباوەڕی هەبوو. ئەو دەڵێ (ئەوە حەقیقەت نییە مرۆڤ بە نرخ دەکات بەڵکو ئەوە مرۆڤە

حەقیقەت بە نرخ دەکات). بە پێچەوانەوە لای ئیسلامگەراکان هەموو شکۆ و بەهایەکی مـرۆڤ بەستراوەتەوە بە جۆری بیروباوەڕ و ئاینەکەیەوە لە دنیابینی ئەواندا هەموو خەڵکانی دەرەوەی ئاینی ئیسلام بوونێکی بێ بەهایان هەیە، هەر بۆیە کوشتن و لە نێوبردنیان تەنیا جۆرێکە لە فەوتاندنی بێ بەهاکان و لە چوارچێوەی رۆتین و کارێکی ئاساییدایە.

**دنیای فرە رەنگ و فاشیزمی ئیسلامی**

مەریوان وریا قانیع دەنووسێت (یەکێك لە پێناسەکانی فاشییەت بریتییە لە هەوڵدانێکی گشتگیر و کۆگیر بۆ سڕینەوەی هەموو جیاوازییەك). فاشیزمی ئیسلامی باوەڕی تەنیا بە یەك حوکم و بە یەك جیهان هەیە، دەیەوێ مرۆڤەکان بە یەك چاو ببینن و بەیەك گوێ ببیستن و بەیەك دەم بپەیڤن، ئەوان جیهانێکیان دەوێ لە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیاندا بێت و ئاین تاکە سیستمی بەڕێوەبردن بێت، لە نێو کۆی ئاینەکانیشدا ئیسلام بەلایەقترین ئاین دادەنـێـن بۆ ئەو مەبەستە. فاشیزمی ئیسلامی بە سیاسەتی توندوتیژیی و بە رێگەی تەقاندنەوە و ئیرهاب و سەرکوتکردن دەیەوێ دنیا بە گوێرەی قورئان لە قاڵبدات و هەموو رەنگەکانی تر لەسەر شانۆی جیهان بسڕێتەوە.

فاشیزمی ئیسلامی سیمای راستەقینەی ئاینی ئیسلامی بە جۆرێك شێواندووە کە پێناسەی ئیسلام تەریب بووە لەگەڵ تیرۆر و توندوتیژیی، لە کاتێکدا چەندین تەوژم و مەزهەبی ئاینی لەمێژووی ئیسلامدا دەرکەوتوون لەسەر سترۆکتۆری خۆشەویستی مرۆڤەکانی دی و رێزگرتن لە باوەڕی ئەوانیتر. بۆ نموونە سۆفی بەناوبانگ (محیّدین بن عەرەبی) دەڵێت (لە پێشدا رووم لە برادەری خۆم وەردەگێڕا ئەگەر بیروباوەڕەکەی لەگەڵ مندا نەگونجابا، بەڵام ئەمڕۆ دڵی من بووتە پێشوازی هەموو چەشنە نیگارێك، لەوەڕگای مامزان، کونجی رەبەنان، بتخانە، کەعبە، تابلۆکانی تـەورات، مەسحەفی قورئان، من سەری خۆم بە ئاینی یەکێتی عیشق سپاردووە).

ئایا ئیسلامگەری سیاسیی ناتوانن ئیبن عەرەبی بکەنە سەرمەشقی خۆیان؟ بۆ نا. دەکرا موسڵمانانی ئەمڕۆ پەرە بەم کولتوورە بدەن کە لە بەرەبەیانی ئیسلامەوە لەسەر دەستی سۆفیێزم گەشەی کردبوو چوونکە جیهانی ئەمڕۆ ئەو کولتوور و روانینە دەخوازێت، ئاخر مرۆڤەکانی ئەم چەرخە دەیانەوێ سـەرەڕای جیاوازییەکانیان لە بیر و کـرداردا بە شێوەیەکی ئاشتەوایی لەسەر ئەم هەسارەیە درێژە بە ژیان بدەن. دنیای ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر پێویستی بەو جۆرە روانگەیە هەیە. ئەگەر جیاوازییەکان ببنە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە و دوور

نییە بۆ ئەبەد ئاوەدانی لەسەر گۆی زەوی کۆتایی پێبێت.

هەرچەندە مرۆڤەکان لە رووی ئاینییەوە جیاوازن، بەڵام کرۆکی هەموو ئاینەکان لەوەدا کورت دەبێتەوە هۆیەکن بۆ گەیشتن بە خواوەند و هەموو یەك ئامانجیان هەیە، هەروەك ئەفسەرێکی مارێنز وتی: ئاینەکان تەنیا لەسەر زەوی جودان ئەگەرنا لە ئاسمان و لای خـودا یەکسان و هاوشانن. ئەمە وەڵامـی ئەفسەرێکی سوپای ئەمەریکا بوو بۆ هاوڕێیەکم کە لێی پرسی ئایا تۆ کریستیانیت یان ئاینێکی ترت هەیە؟. ئەم دیدگایە لە مێژووی ئیسلامیدا شتێکی نامۆ نییە بەڵکو سۆفییەکان هەزار ساڵ لەمەوبەر هەمان روانگەی ئەو ئەفسەرە ئەمەریکییەیان هەبووە. د.فەرهاد شاکەلی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ سۆفییەکان دەیانووت (ژمـارەی ئەو رێگایانەی خەڵك دەگەینێتە خوا هێندەی ژمارەی خەڵکەکە خۆیەتی) واتە هەر کەسە رێگەی خۆی هەیە لە کاروانی گەیشتن بە خودا.

دەکرا ئیسلامی هاوچەرخ دەستی بەم کولتوورەوە بگرتبا و بیکردبایەتە ئاوێنەی سەردەم، تا ئەو ئاستەی چیتر تەنیا ئیسلام بە پیرۆز نەزانرایە و ئەوانیتر بە قێزەون و ناشیرین، دەبوو منەوەران و رابەرانی ئاینی لە هەوڵدا بوونایە بۆ لێککردنەوەی پیرۆزیی لە ئاینی ئیسلام هەروەك چۆن (د.محەمەد ئەرگۆن) لە هەوڵی کارێکی لەو جۆرەدایە. ئاخر ئەگەر رەش دژو پێچەوانەی

سپی بێت، قەڵە و پێچەوانەی لاواز ئەوە پێچەوانەی راستی درۆ نییە بەڵکو موقەدەسە، هەروەك نیچە دەڵێ (ئەوە بیروباوەڕی پیرۆزە دوژمنی سەرسەختی راستییە نەك درۆ).

دەکرا ئیسلامگەری سیاسیی لە بری شپرزەبوون و هەڵچوون لە بەرامبەر بە مەسیحیبوونی ژمارەیەك لاوی کورد حاڵەتەکەی بە ئاسایی و سانایی وەرگرتبا، هەق نەبوو بەناوی خوداوە قسەبکەن و ببنە وتەبێژی فەرمیی ئاسمان، خودا خۆی هەڵبژاردنی داوەتە دەستی مرۆڤەکان، ناکرێت ئیسلامییەکان خۆیان بکەنە نێوەند لەنێوان خودا و خەڵکی دا، حەلاج وتەنی (مرۆڤ بۆ هەناردنی نامەی خۆشەویستی بۆ خودا پێویستی بە نامەبەر نییە).

هیچ پرسگە و زاڵگەیەك لەبەردەم مرۆڤدا نییە بۆ پەیوەندییکردنی بە خواوەند. هەر لەم روانگەوە دەبوو ئیسلامگەری سیاسیی ئەو مافەیان بەخەڵکانی تر بە رەوا زانیبا بە چ شێوە و لە رێی چ ئاینێکەوە خواپەرستی دەکات یان هەر نایکات. فاشیزمی ئیسلامی هەموو رێگاکانی دیالۆگ و قبوڵکردنی ئەویتر و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە رەت دەکاتەوە و بڕیاری جەنگێکی نەبڕاوەی لەگەڵ هەموو ئایدیا و ئاینەکانی تر داوە تا ئەو ساتەی هەموو خەڵك دەهێنێتە سەر پەیڕەوکردنی ئیسلام و مزگەوتەکان جمەیان دێ لەخەڵك و محەمەدی

مەهدی لە ئاسمان دادەبەزێت.

**کۆتایی**

ئـەو گەنجانەی بوونەتە مەسیحی مافێکی ئاسایی و سەرەتایی خۆیان مومارەسە کردووە نەك تاوانیان کردبێ، هەر چەندە فشار و چاوترسێنی زۆر لەسەریانە یان خەڵکانێکی تر هەن لە ناخەوە حەز دەکەن ببنە مەسیحی، بەڵام باروکەشی کۆمەڵایەتی و ئاینی رێگرە لەبەردەمیان. هەندێك هەن هێشتا لە قۆناغی نهێنی ماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم)دان و ناتوانن بەئاشکرا باوەڕی خۆیان بەیان بکەن، چوونکە خوێنیان حەڵاڵ دەکرێ و کوشتنیان ئاسایترین کارێکە ئەنجام بدرێت. هەروەك چۆن لە دێریندا سۆفییەکان باوەڕی خۆیان دەشاردەوە لە ترسی خوێن رشتنیان، سەهرەوەردی ئەو خۆپارێزییەی سۆفییەکانی کردۆتە بەیتە شیعرێك و دەڵێ:

بالسر أن باحوا تباح دماؤهم

وكذا دماء العاشقين تباح

حافاهم فصفوا، قلوبهم

في نورها المشكاة والمصباح

ئـەمـڕۆ ئیسلام و هـێـزەکـانـی ئیسلام بـەئـەنـدازەیـەك مەترسیدارن بوونەتە مایەی نائارامی و پەشێویی لە تەواوی

جیهاندا، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی وەك برای نووسەر (ئازاد قەزار) بڵێم: ئیسلام سەرەتاکەی رزگاربوون و کۆتاییەکەی کۆیلەبوونە، لە پێشدا محەمەد و لەدوایدا بن لادنە. هەرچەندە پڕ بە دڵ حەز دەکەم هەڵەبم.

*ئەم وتارە لە ژمارە (١٨٦) رۆژنامەی (هەواڵ) لە ٢٤-٦- ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

-٧-

## ئیسلامی سیاسیی وەک دوژمنی دیموکراسی

نووسەری ناوداری عەرەب «د.عەلی حەرب» هەردوو زاراوەی موسڵمان و ئیسلامیی لە یەکتر جیا دەکاتەوە و پێیوایە، «ئیسلامیی موسڵمانێکی فێندەمینتالیستە کە ژیان لەسەر بنچینەی ئاینێك رێکدەخات». حەرب لەو بڕوایەدایە «ئیسلامییەکان: نیشتمان، کۆمار، دیموکراسیی، یاساکان، بەرژەوەندیی گشتیی، ژیانی هاوبەش رەتدەکەنەوە. تەنانەت هەندێکیان دەوڵەت وەك چەمك رەتدەکەنەوە و لە بری ئەوە زاراوەی خیلافەت بەکار دەهێنن». عەلی حەرب، نموونەی سەرکردەیەکی ئیخوانی میسریی بە بیر دەهێنێتەوە کە لە بەرامبەر پرسیاری ئەوەی لە خیلافەتدا هەیە نامیسرییەك حوکمی میسر بکات؟ وتی: میسرم بە لاوە گرنگ نییە، چوونکە خیلافەت لە هەموو شتێك لە پێشترە.

ئـەزمـوونـی ئیسلامی سیاسیی بـە درێـژایـی مـێـژوو، ئەو ڕاستییەی نیشانداوین، ئەم ڕەوتـە بە هەموو پەل و باڵەکانییەوە، بە توندڕەو و میانڕەوییەوە، هێزێکی ئەنتی دیموکراسییە و هەوڵی بێوچان دەدات، لە پێناوی گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ چەندین سەدە بەر لە نهۆ، بۆ کارێکی لەم چەشنە نەك دەبێت دیموکراسی ڕەتبکاتەوە، بەڵکو دەبێت بە هەموو شێوەیەك دوژمنایەتیشی بکات. لە ڕووی فکریشەوە ئیسلامی سیاسیی وەك هێزێکی کۆسمۆپۆلۆتیست، بڕوای بە خیلافەتی ئیسلامیی هەیە، کە ئەم جۆرە دەوڵەتە تیۆکراتییە بە پێی پێناسەکانی سەردەم، جگە لە دەوڵەتێکی سەرکوتکار و تۆتالیتاریی شتێکی زیاتر نییە.

ئیسلامییەکان، ئـەگـەرچـی سـوود لـە فـەزای کـراوەی کۆمەڵگەکان، یان دیموکراسیی وەردەگـرن، بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی پێگەی سیاسیی و جەماوەرییان، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجیان لەناوبردنی هەموو فەزایەکی دیموکراسییە، بە تایبەت وەختێك دەگەنە دەسـەڵات «وەك ئـەوەی ئەمڕۆ لە میسری ئیخوانیدا بەرجەستە بووە»، پاشەکشە بە هەموو ئەو دیاردە و بنەمایانە دەکەن، کە سەرئەنجام وەك ئەسپێك کۆمەڵگە بەرەو دیموکراسی ڕادەکێشن. بۆیە هێزە ئیسلامییەکان وەك دوژمنێکی باوەکوژی دیموکراسیی دەبینرێن و ئەزموونی ئەوان

له هەموو شوێنێك، ئەزموونی شەڕكردنە لەگەڵ فینۆمینەكانی دیموكراسیی.

ئیسلامی سیاسیی هێزێكە، بەرگەی فرە حزبیی، پلۆرالیزم، ئازادیی را دەربڕین و بۆچوونی جیاواز، خۆ تەرحكردنی ئەویتر، ناگرێت. ئیسلامی سیاسیی بڕوای بە دەستاودەستی دەسەڵات، ئازادییە سەرەتاییەكان و مافە مەدەنییەكانی هاووڵاتیان نییە، تەنانەت بـڕوای بە ئیتنیك و گروپە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكان نییە، بەڵكو دەیەوێ هەموویان لە چوارچێوەی تێفكرینی خۆیدا لە قاڵبدا، بە پێچەوانەشەوە دەبنە قوربانی ستەمكارییەكی رووپۆشكراو بە ئاین. ستەمكارییەك كە ئەوروپا لە سەدەكانی ناوەڕاست گیرۆدەی ببوو، ئەوەش قوربانییەكی ئەوەندە بێشوومارى لێكەوتەوە، هەرگیز مێژوو نەتوانێت لە یادی بكات.

«عـەبـدولـڕەحـمان راشــد» گـۆشـەنـووسـی رۆژنـامـەی «شەرقولئەوست» وردتر دیدی ئیسلامی سیاسیی لە هەمبەر دیموكراسی روون دەكـاتـەوە و دەنـووسـێـت: لە هەندێك ئەزموونـدا ئیسلامییەكان دیموكراسییان قۆستەوە بۆ ئەوەی رۆژەڤەكانی خۆیان بسەپێنن، هـەروەك ئـەوەی لە كوەیت روویـدا، كاتێك ئیخوانییەكان و سەلەفییەكان و شیعەكان كتێبیان قەدەغە كرد، ئاهەنگ و چالاكی هزرییان یاساغ كرد،

ئەمەش بۆ خۆی تۆقاندنێکی فکرییە. من دژی بەشداریکردنی حزبە ئیسلامییەکان نیم لە کاری سیاسیدا، ئەگەر ئامادەبن رێزی دیموکراسی بگرن، بەڵام هەروەك روونم کردەوە، ئەمە بۆ تەنیا جارێکیش روویننەداوە. پێویستە لەسەرمان دەرك بەوە بکەین سروشتی حزبە ئایدۆلۆجییەکان و گروپەکانی ئیسلامی سیاسیی لە هەردوو لایەنی تاکتیکی و فیکردا بە جۆرێکە، حزبەکانی دیکە رەتدەکەنەوە، هەرچەندەش باسی لێبوردەیی و هەرسکردنی دیموکراسی بکەن.

بە کورتی و کوردیی، ئەزموونی ئیسلامی سیاسیی لە ئەفغانستانی تاڵیبانەوە تا میسری ئیخوان، ئەزموونێکە تەرجومەی ئەوە دەکات، ئیسلامی سیاسیی هێزێکە دژ بە هەموو سترۆکتۆرە دیموکراسییەکانە.

*ئەم وتارە لە رۆژنامەی «پرس» لە رۆژی ١٥-٦-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-٨-

## کامەیە ئیسلامیی میانڕەو؟

هەمیشە ئەشکالم هەبووە لەگەڵ ئەو پۆلێنەی، ڕەوتە ئیسلامییەکانی دابەشکردووە، بەسەر دوو ئاڕاستەی، توندڕەو و میانڕەو. چوون لە بناغەدا هەردوو ڕەوتەکە لە دوا وێستگەدا بە یەك دەگەنەوە، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیی و سەپاندنی بیروڕا تایبەتییە ئیسلامییەکانی خۆیانە. دەتوانم بڵێم ئەو پۆلێنە هەڵەیەکی میتۆدییە. ئەگەر بۆ ناسینەوەی خودی ڕەوتەکانیش بێت، بۆ لەمەودوا پێویستمان بە تەسمیەیەکی تر هەیە، لەبەرئەوەی یەك ساڵ حوکمی «ئیخوان» لە میسر کە بە ڕەوتە میانڕەوەکە ناسراوە. بۆی سەلماندین ئەوەی بە هەڵەدا چووە لەم مەسەلەیەدا، ئێمەی عەلمانییەکانین، چوونکە «ئیخوان» هەر ئەو خەونەی هەیە پێشتر «بن لادن» یان «عەلی بلحاج» یان «سەید قوتب» هەیانبوو.

ئەگەرچی هێشتا خەڵکانێك هەن، مكوڕن لەسەر ناوزەدكردنی ئیخوان وەك رەوتی میانڕەو، بەڵام بە دیقەتدان لە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەكردنی ئەم رەوتە لە ١٩٢٨ەوە تا نووكە، پانۆرامایەكە و راستییەك نیشان دەدات: ئیخوان نەك ریفۆرمخواز و میانڕەو نییە، بەڵكو دایكی كۆی رێكخراوە ئیسلامییە تیرۆریستی و جیهادییەكانە. هەر خودی «حەسەن بەننا»ی دامەزرێنەی ئیخوان، پێشتر ئەندامی گروپێك بووە بە ناوی «كۆمەڵەی نەهی عەن مونكەر» كاری ئەم گروپەش ترساندن و هەڕەشەكرن بووە لەو كەسانەی گرنگیان بە ژیانی ئاینیی نەداوە. تەنانەت ئەوانەی وەك خۆی بیریان نەدەكردەوە، بە «خەواریج» پێناسەی دەكردن كە كاریان دروستكردنی ناكۆكییە لە ناو ئیسلامدا، بۆیە لە بەرامبەر ئەوانەدا دەیووت «هەرچی تەفرەقە بنێتەوە، بە شمشێر لێی بدەن».

هەر «بەننا» داوای لە مەلیك «فاروق» دەكرد، رێگریی بكات لە چالاكیی حزبە سیاسییەكان لە میسر، بەو پێیەی دەبێتە هۆی ناكۆكی، ئەوەش پێچەوانەی شەرعی ئیسلامە. جیا لەمەش لە «پەیامی جیهاد»دا بە راشكاوانە دەڵێت «جیهاد فەرزێكی پێویست و ئاشكرایە، هەر دەبێ بكرێت». مەبەست لە جیهاد لێرەدا جەنگانە لە دژی ناموسڵمانەكان، نەك رووبەڕووبوونەوەی دەروون. چوونكە بەننا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر بە سەحیح

نازانێت کە دەڵێت گەورەترین جیهاد، جیهادی نەفسە. دواتر لە هەناوی «ئیخوان»دا کەسێکی وەك «سەید قوتب» لە دایك دەبێت، کە باوکی رۆحی ئیسلامییە جیهادییەکانە، ئەم پیاوە لە کتێبی «مەشخەڵەکانی رێگا»دا هەموو جیهان رەتدەکاتەوە و دەڵێت «ئەمڕۆ هەموو جیهان لە جاهیلییەتدا دەژی». قوتب پێیوابوو ئیسلام بە زەبری شمشێر دەچەسپێت، بۆیەکا پێویستە موسڵمانی راستەقینە شمشێرەکەی لە کێلان هێنابێتە دەرەوە بۆ جیهاد.

بەشێوەیەکی گشتیی ئیخوان کە بە حساب باڵە میانڕەوەکەیە، بە درێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە بیسەلمێنێ رەوتێکی میانڕەوە و درێژە بە خەتی ریفۆرمخوازانەی «ئەفغانی و محەمەد عەبدە» دەدات. بەڵکو وەك «د.ماهر شەریف» دەڵێ «ئیسلامی سیاسیی کە گروپی ئیخوان موسلمین نوێنەری بووە، لە رەهەندی ریفۆرمە دینییەکەی ئەفغانی و عەبدە دابڕاوە و کاری بەسەرەوە نییە.. ئەو دابڕانە هەموو بەهرەکانی ریفۆرمی دینی وەك رەهەندێکی سەرەکیی ئەندێشە لە باربرد و دەشێ بە بەڵگەی شکستخواردنی بەرچاو روونیی فیکری عەرەب بژمێردرێت».

وەلێ ئیخوان هەندێك جار و لەو قۆناغانەی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە پڕۆژەی ئیجابیان هەبووە، وەك ئەوەی ساڵی ٢٠٠٤ی میسر، کە دڵی چەپڕەوێکی وەك «سادق جەلال

ئەلعەزەم»ی خۆشکرد بوو، تا ئەو رادده‌یـەی وتی «لەم پڕۆژە چاکسازییە هیچ شوێنێك بۆ گووتارە کۆنەکەی ئیخوان نەماوە، بگرە کۆمەڵێ فیکری لیبرالی مودێرنی دەوڵەتی مەدەنی لە خۆگرتووە». کەچی دوای ٨ ساڵ کە ئیخوان لە میسر دێتە سەر دەسـەڵات ئەم پڕۆژە بەناو چاکسازیخوازانە دەبنە بڵقی سەر ئاو و ئیخوان بۆ ماکە رەسەنەکەی دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە توندڕەویی ئایینی.

من پێموایە ئیسلامی سیاسیی بە گشتیی، بە «ئیخوان»یشەوە ناتوانن لەگەڵ کرۆکی سیستمی دیموکراتی و لیبرالیزم و مودێرنە هەڵبکەن، ئاخر بە هەڵەکردنیان لەگەڵ دیموکراسیدا، ناتوانن وەك حزبی ئایینی بمێننەوە، شێوەکەیان دەگۆڕێت بۆ شتێکی دیکە. هەروەك «هاشم ساڵح» بۆی چووە: لێرەوە ئەو پرسیارەی رووبەڕووی (میانڕەوەکان) دەکرێتەوە ئەمەیە: ئایا ئەوان رازی دەبن پرۆگرامەکانی خوێندنی ئاین بگۆڕدرێت، تاکو لە فقهی تەکفیرەوە بگوێزرێتەوە بۆ فقهی بیرکردنەوە؟ یاخۆ لە فقهی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بگوێزرێتەوە بۆ فقهی سەدەکانی مودێرنە؟. ئایا دەتوانن عەقڵیان فراوان بکەن و دەستبەردای دۆگماکانیان بن و تێبگەن کە پێشکەوتن شتێکە دەکرێت جێبەجێ بکرێت، بگرە پێویستە جێبەجێ بکرێت تەنانەت لە کاروبای ئاینیشدا؟.

وەك خۆم لەو بڕوایەدام، ئیسلامییەکان ناتوانن ئەمە بکەن، چوونکە ئەو بنەما فکریی و ئایدۆلۆجییەی دەستی بە باڵای ئەوانەوە گرتووە، لەسەر نەفیکردنی بەها مودێرنەکانی سەردەمی دیموکراسیی و لیبرالیزم راوەستاوە. ئیسلامی سیاسیی هەموویان بزافێکن بۆ پێشگیریی لەو سیستمە رۆژئاواییانە دروستبوون، تا ئەوەی کۆمەڵگە لە زەمەنی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست رابگرن.

لەوانەیە، کەسانێك هەبن، ئەم بیرکردنەوەی من بە پەڕگیریی یان بێویژدانی و بێ ئینسافی لە قەڵەم بدەن، بەڵام چاوەڕوانی ئـەوە نـاکـەم، چـی دەوتـرێـت، لـەبـەرئـەوەی ئـەو ئەزموونە تاقیکراوانەی ئیسلامی سیاسیی کە تا ئێستا بینیوومانە، بە زمانێکی راشکاوانە تەرجومەی ئەوەی بۆ کردووین، «میانڕەو و توندڕەو» تەنیا تەسمیەیەکی نائەقڵانی و نامیتۆدییە، چوونکە هەموو ئیسلامی سیاسیی توندڕەو و سەلەفین «سەلەفی بەو مانایەی خەونی گەڕانەوەیان هەیە بۆ پێشین». هەروەك لێرەدا قسەیەکی زۆر جوانی «راشد غەنوشی» گەورە ئیسلامیستی تونسی زۆر گونجاوە بۆ پاڵپشتی هزرینەکەی ئێمە کە دەڵێ «کاری خومەینی و حەسەن بەننا و مەودودی هەر یەك شتە».

*ئـەم وتـارە لە ژمـارە «١٨٢»ی رۆژنـامـەی «پـرس» لە رۆژی ٩-٧-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-٩-

## ئیخوان و ستەمکاریی ئاینیی

ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بدەینەوە، بە حوکمی ئـەوەی ئاین و فـەرمـانـڕەوایـی ئاوێتەی یەك ببوون، ستەمکارییەکی گەورەی ئاینیی سەرتاپای ئەوروپای داپۆشیبوو، ئەم ستەمکارییە گەیشتبووە راددەیەك نەك هەر بێباوەڕانی گرتبووەوە، بەڵکو پەیڕەوانی ئاینزا جوداکانی ناو یەك ئاینیشی نەبواردبوو. بۆ نموونە دادگاکانی پشکنین، جیا لەوەی سزای بێباوەڕانی دەدا، یان سزای هەموو دەنگێکی دەدا کە دژی دەسەڵاتی کڵێسا بەرز دەبـووە، هاوزەمان ئەم دادگا کاسۆلیکیانە کەمیان بە مەسیحییە پرۆتستانەکان نەدەکرد. بە کورت و کرمانجی، ئەزموونی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوەی پێی نیشانداین، تێکەڵاوکردنی ئاین و سیستمی فەرمانڕەوایی جگە لە ستەمکاریی ئاینیی هیچی تری لێ شین نابێت.

ئیخوان موسلمین بە هەمان نەفەسی کڵێسای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لە ژێر دروشمی «ئیسلام چارەسەرە» ماوەی ٨٥ ساڵە لە هەوڵی بێوچاندایە بۆئەوەی ئاین بکاتە بنەمای فەرمانڕەوایی سیاسیی. ئەگەرچی ماوەی ٨٤ ساڵ لە ژێر پەستانی حکوومەتە نیمچە عەلمانییەکانی میسردا بوون، بەڵام ئەوەی رابەرانی ئیخوان لە هەموو ئەو ماوەیەدا تیۆریزەیان کرد، دروستکردنی بنەمایەکی فکریی بوو بۆ بەستنەوەی ئاین و دەسەڵاتی سیاسیی بە یەکترەوە. وەلێ ئیخوان تا شۆڕشی یەنایری ٢٠١١ زیاتر وەك قوربانی دەهاتە بەرچاو، بەڵام فکری ئیخوان ئەوەی لێدەخوێنرایە لەگەڵ گەیشتنیان بە دەسەڵات، شێوەیان لە قوربانییەوە دەگۆڕێ بۆ جەلاد. ئەم شێمانەیەش لە ماوەی یەك ساڵی حکومی «مورسی»دا میسداقییەتی خۆی سەلماند.

رەنگە تا ئێستا وا زانرابێت، ستەمکاریی ئاینیی یان پشکنینی بیروباوەڕ تایبەتە بە ئاینی کریستیانیی، بەڵام لە واقیعدا ئەو تێزە کۆڵەوارە، چوونکە دەشێ لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر ئاین بکرێتە بناغەی فەرمانڕەوایی هەمان ستەمکاریی بێتە ئاراوە. هەروەك «هاشم ساڵح» باسی دەکات: زیاد لە جارێك ویستیان باوەڕمان پێبێنن دادگاکانی پشکنین تەنیا تایبەتە بە مەسیحییەت و هەرگیز ناشێت و ناکرێت لای ئێمە روودبات.

ئەڵبەتە ئـەوە قسەیەکی بێ بناغەیە، بەڵگە مێژووییەکان لە ئێستا و رابـردوودا، ئەو بۆچوونە بەتاڵ دەکەنەوە، رەوتی مێژوویی هەردوو ئاینەکە دەیسەلمێنێ تێگەیشتنی هەڵە و دۆگما بۆ ئاین، خۆ بە خۆ دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دادگاکانی پشکنین و زەبر و زۆرکردن لە ئایندا.

لە ماوەی یەك ساڵی حکوومی ئیخوان لە میسر، بەدەر لەوەی ژێرخانی ئابووری زیانی گەورەی بەرکەوت، کەرتی گەشتیاریی هەرەسی هێنا، هەڵئاوسان و بێکاریی گەیشتە لوتکە. لە هەمان کاتدا دەوڵەت بە شێوەیەکی چڕ کەوتە پەلاماردانی ئازادییەکان و سەرکوتی بیروڕای جیاواز و داپڵۆسینی مەعنەویی رۆشنبیران و دەمکوتکردن و دادگایکردنی هونەرمەندان. هەروەك «باسم یوسف» پێشکەشکاری کەناڵی CBC پێناسەی ئەو دۆخەی میسری بە چیرۆکی ئەلف لیلە و لیلە کردبوو. کە لەو چیرۆکەدا ئەندامانی ئیخوان، راگەیاندنکار و رۆژنامەوانان بە شەلاتی و بەڵتەچی «گێرەشێوێن» ناو دەبەن. ئیخوان شێوازی دایەلۆگ و لێکگەیشتنیان گۆڕی بە نەڕە نەڕ و خۆسەپاندن.

لەلایەکی تریشەوە، ستەمکارییەکی نوێ لە بەرامبەر قیبتییە مەسیحییەکان لە نەشونمادا بـوو، کە مەترسی کڵپەسەندنی جەنگێکی مەزهەبی لێدەکرا. ئەو ستەمکارییەی لـە مـاوەی یـەك سـاڵی حکومی ئیخواندا دژی قیبتی و

مەسیحییەکان بەڕێوەچوو نموونەی لە مێژووی میسردا نەبینرابوو. هەروەك «د.نەجیب جوبرائیل» راوێژکاری یاسایی کەنیسەی قیبتییەکان، ئاماژەی پێدابوو «لە سەردەمی موبارەکدا قیبتییەکان بە خراپترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەڵام لە سەردەمی مورسی خەڵتانی خوێن کران. لە زەمانی رۆمانییەکانەوە تا ئێستا رووبەڕووی کارەساتی وانەبوونەتەوە وەك ئەوەی هەنووکە رووبەڕووی دەبنەوە». ئەمەش ئەو دۆخەمان بیر دەخاتەوە کە بیرمەندی سودانی «حاج وەراق» لە بارەیەوە دوا بوو، کاتێك وتبووی «ئیخوان لە ئەزموونە باشەکانی مرۆڤایەتی داماندەبڕن».

خولاسە، ئیخوان نەك نەیتوانی لە ئاست داوا و خەونەکانی کۆمەڵگەی میسریدا بێت، بەڵکو دەیویست لە رێگەی ئیخوانیزە و ئیسلامیزەی کۆمەڵگە لەسەر شێوەی ئیسلامگەرایی ئیخوانیی، هەموو خەڵکی میسر لە قاڵب بدات، بۆ ئەمەش سڵی لەوە نەکردەوە حکوومەت لە دەزگایەکی ئیداریی و سیاسییەوە بکاتە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ و دامەزراوەیەکی سەرکوتکاری ئایینیی. لەبەر ئەم هۆیە، شۆڕشگێڕان لێنەگەڕان ئیخوان موسلمین لە بری پێشخستنی کۆمەڵگە، چەندین هەنگاو میسر بباتەوە بۆ دواوە.

پێشتریش «خەلیل ئەلعەنانی» لە کتێبەکەیدا «ئیخوانەکانی

میسر، ململانێی پەککەوتەیەك لەگەڵ رۆژگـار» باسی لەوە کردبوو، ئیخوان ناتوانێت ببێتە هێزێك لەگەڵ دیموکراسی هەڵبکات، چوونکە هیچ بڕوایەکیان بە بەهاکانی دیموکراسی نییە. ئەلعەنانی ئاماژەی بەوە دابوو «لە هەمبەر دیموکراسی سپەیسێکی گەورە هەیە لە ناو ئیخواندا. چوون ئەوان ئەم چەمکە وەك مومارەسە سەیر دەکەن نەك بەها. لەو سۆنگەیەی ئامادەییان هەیە بەشداریی هەڵبژاردن و خۆپیشاندان بکەن، بـەڵام قەت نەبووە بڕوایان بە دادپـەروەریـی و ئازادیی و یەکسانی هەبێ وەك بەهاگەلێکی گرنگی دیموکراسی». هەر لەم روانگەیەشەوە بوو لە ماوەی یەك ساڵدا، مورسی و ئیخوان لە بری ئـەوەی پایەکانی دیموکراسی لە میسر بەهێز بکەن، خەریکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ژێرخانە بوون کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرا ئەو وڵاتە بەرەو دیموکراسیی بپەڕێننەوە، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەش سەرقاڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتێك بوون کە جگە لە ستەمکاریی هیچی تری لێ چاوەڕوان نەدەکرا.

*ئەم وتارە لە رۆژنامەی «پرس» لە سەرەتای مانگی ٨-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-١٠-

## دوا پەردەی شانۆگەرییەکە یان کۆتایی ئیخوان؟

ئەگەرچی «ئیخوان» ماوەی ٨٤ ساڵ، هەوڵی بێوچانی دا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتە دەست، بەڵام لە یەکەم ئەزموونی خۆی لە دەسەڵاتدا، نەیتوانی لە یەك ساڵ زیاتر بەرگە بگرێت، چوونکە میسری ساتەوەختی دەسەڵاتی ئیخوان، بۆ یەك چرکەش پشووی بە خۆیەوە نەبینی، بەڵکو ئەجیندا مەترسیدارەکانی ئیخوان و مورسی، زیاتر تـاوی بە ئاگری شۆڕشێك سەند کە دژ بە ستەمکاریی لەو وڵاتە بەرپاکرابوو. ئیخوان جیا لەوەی دەیویست بەرنامە وشکهەڵاتووە ئاینیی و ئایدۆلۆجییەکەی خۆی بسەپێنێت و کۆمەڵگەی میسریی لە چوارچێوەی بەرنامەی ئاینی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئیخواندا لە قاڵب بدات، لە هەمان کاتدا لە رووی ئابووری و خزمەتگوزاریی و بوژانەوەی بژێویی هاووڵاتیان و پەیوەندیی

دیبلۆماسییەوە، میسری زۆر بەرەو دۆخێکی خراپتر لەو دۆخە برد کە دەسەڵاتی سیاسیی بە دەستی «موبارەك»ەوە بوو.

لە ماوەی یەك ساڵی ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی ئیخواندا، رەسیدی جونەی میسریی بە رێژەیەکی بـاوەڕ پێنەکراو لە بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی دابەزینی بە خۆیەوە بینی، کەرتی گەشتوگوزار کە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی ئابووری میسر بوو، زیانی چەند ملیار دۆلاریی بەرکەوت. عەجز لە بودجەی گشتیی دەوڵـەتـدا، گەیشتە دوو هێندەی ساڵانی پێشووتر، رێژەی بێکاریی گەیشتە سیانزە لە سەد، بواری بەرهەمهێنان گەیشتە بارێکی زۆر ترسناك، کە زیانەکانی لە چەندین ملیار دۆلار تێپەڕیان کردبوو. بەرنامەی ئیخوانەکان نەك نەیدەتوانی ئەم کێشە زۆر قووڵانە بە پێی پرۆسێسێك بەرەو چارەسەر ببات، بەڵکو خودی دەسەڵات رۆژ لە دوای رۆژ قەیرانەکانی قووڵ و قووڵتر دەکردەوە.

لە سەر هەموو ئاستەکان، کۆمەڵگەی میسری پاش شۆڕش، وەزعی لە کۆمەڵگەی میسری پێش شۆڕش، خراپتر بوو، ئەم دۆخەش بۆ شۆڕشگێڕان و خاوەنە راستەقینەکانی راپەڕینی دژی ستەمکاریی کە گەنجان و رەوتە عەلمانییەکانن، قابیلی قبووڵکردن نەبوو. چوونکە مورسی و ئیخوان دەیانویست ئەو بڕ و پەراوێزە ئازادییەی پێشتر لەو وڵاتـەدا هەبوو، لە

ڕێگەی سەپاندنی بیر و باوەڕە سەلەفیی و وشکهەڵتووەکانی خۆیانەوە لە بەینی ببەن. هەر بۆیە مەترسییەکی گەورە لەسەر بواری هونەریی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکە کەسی هەبوو، لەبەرئەوەی ئیخوان دەیویست هەموو ئەوانە لەسەر ستروکتۆری کولتووریکی کۆنی بیابانشینی تەمەن ١٤٠٠ ساڵە وێنا بکاتەوە.

کۆمەڵگەی میسر، شارستانێتی گەلی میسر، کە قووڵاییەکی زۆر دێرینی هەیە، لە بەردەم هەڕەشەی ئیخوان و ئەو ئەجیندا ترسناکەدا بوو کە مورسی تەمای پیادەکردنی بوو. ئیخوان ڕێگاکانی توندوتیژیی مەعنەویی بە کاردەهێنا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە خۆی رادەست بکات، ئەم واقیعەش بۆ میسرێکی چاوگی فیکر و سیاسەت و رۆشنگەریی عەرەبی، نەك هەر مایەی قبوڵکردن نەبوو، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو رەوتە بوو کە شۆڕش لە پێناویدا لە دژی موبارەك بەرپاکرا.

لە میسری ژێر دەسەڵاتی ئیخوان، هاووڵاتیبوونی تاك بە تاکی میسرییەکان «ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئاینیی خۆیان ڕێکنەخستبایە» لە بن هەڕەشەدا بوو. چوونکە ئیخوان هەرچەندە بانگەشەی میانڕەویی بکات، بەڵام سەرئەنجام نەیدەتوانی لە خەونە گەورەکە خۆی دەرباز بکات کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیۆکراتییە. لە مێژوودا روویندەداوە

هیچ دەوڵەتێکی ئاینی، دیموکراسی بوو بێت، بەڵکو دەوڵەتی ئاینی و دیموکراسی دوژمنی باوەکوژی یەکترن. هەروەك «ئەدۆنیس» شاعیر و بیرمەندی عەرەب ئاماژەی بۆ دەکات: مافی تاك لە باوەڕ و ئاینپەروەریی هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت، ئەوە مافێکە من رێزی لێدەگرم و داکۆکی لێدەکەم. بەڵام کۆمەڵگە بەو سیفەتەی گشتێکە، لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونی ئاینی ناڕوات بەڕێوە، بەڵکو لەسەر هاووڵاتیبوونی مەدەنی دەبێت. تەنیا بەمەش مافەکانی مرۆڤ، دوور لە باوەڕ و ئینتیما و توخم و رەگەز و بنەچەیەکی کۆمەڵایەتی، مسۆگەر دەکرێت. هەر بەکارهێنانێکی سیاسییانەی ئاین، بۆ خۆی شێوازێکی توندوتیژییە نەك لە دژی جەستە، بەڵکو لە دژی رۆحیش.

کۆمەڵگەی میسر، پێشبینیان هەبوو بۆ ئەو رەوتەی ئیخوان گرتوویەتییە بەر، بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە، مورسی کە لە پشتییەوە رابەری گشتیی ئیخوان و بەرنامەیەکی جەهەنمی ئیسلامی سیاسیی ئامادەیی هەبوو، خواستی هەبوو، میسر بکاتە نموونەیەکی تاقیکراوەی ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی ئیخوان، ئەزموونێکی دەسەڵاتداریێتی لەسەر بنەمای ئاینێك یان خوێندنەوەیەکی دیاریکراو بۆ ئاینێك قاچی لەسەر عەرد دانابوو. بەڵام ژ بەرئەوەی ئەو بەرنامە و خەونەی مورسی و ئیخوان هەیانبوو، دژی هەموو بەها مەدەنیی و مودێرنەکانی

ژیانی هاوچەرخی مرۆڤایەتی بوو، دژی سکۆلاریزم و دیموکراسیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئایندەی پێکەوە ژیان بوو، نەیتوانی لە قۆناغی دەڵەمەیی تێپەڕێت و لەگەڵ لە دایکبوونیدا بوو بە جەستەیەکی ساردەوە بوو. هەر بۆیە بەمشێوەیە دوا پەردەی شانۆگەرییە لەسەر رۆڵی کارەکتەری ئیخوان دادرایەوە.

*ئەم وتارە لە ژمارە «٢٥» گۆڤاری «شەپۆل» لە رۆژی ٥-٧-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-١١-

## گەڕانەوە بۆ خەونەکانی شۆڕش

خۆشبەختانە هەر لە دەستپێکەوە لەو بڕوایەدا بووم، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کە لە تونسەوە تاوی سەند و تا نهۆش لە سوریا بەردەوامیی هەیە، شۆڕش نین لە پێناوی ئامانجی ئاینیی، بە دیوێکی تردا فاکتۆری سەرەکیی لە تاوسەندنی شۆڕشەکان، بەرەنگاریی سەرکوتی ئاینیی نەبوو، یان ئامانجی لێی هەوڵدان نەبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاینیی، یاخۆ ئیسلامی، بەڵکو لە سترۆکتۆرەوە ئەم شۆڕشانە شۆڕشی نان و ئازادیی بوون، شۆڕش بوون لە پێناوی باشترکردنی هەلومەرجی ژیان لە کۆمەڵگە عەرەبییەکان، شۆڕش بوون لە پێناوی بەرینکردنی مەوداکانی ئازادیی و چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتی، کە هەر یەك لەمانە بەشێکە لە کرۆکی دیموکراسیی، کە لە دونیاشدا هیچ نموونەیەکی دیموکراسیی بە بێ بوونی عەلمانییەت لە ئارادا نییە.

ئەگەرچی لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، جۆرێك لە رەشبینی و نائومێدیی لە هەمبەر ئەو شۆڕشانە تەنگی پێ هەڵچینبووین، بەو پێیەی لە بۆشایی دەسەڵاتدا و لە دوای رووخانی رژێمەکان لە میسر و تونس، کێرڤی رێکخراوە ئیسلامییەکان رووی لە هەڵکشان کرد و لە دوا وێستگەشدا «ئیخوان موسلیمین» لە رێگای هەڵبژاردنەوە توانی هەلەکە بە ئاسانی بقۆزێتەوە و دوای ٨٤ ساڵ تەمەنی سیاسیی بگاتە سەر عەرشی دەسەڵات. بەڵام هەروەك بیرمەندی ناسراوی عەرەب «هاشم ساڵح» بۆی چوو بوو، «لە قۆناغی یەکەمدا لە باتی پێشەوە چوون، پاشەکشەیەك دێتە ئارا». بێگومان هاتنە سەر دەسەڵاتی ئیخوان، فۆرمێك لە پاشەکشەی شۆڕش بوو، یاخۆ هەرەسی خەونی شۆڕشگێڕان بوو، بەڵام ئەم پاشەکشەیە لە ساڵێك زیاتری نەخایاند.

ئیخوان لە میسر تووشی مەستییەکی جادوویی ببوو، بەوەی پێیوابوو، ئەوەی تا ئێستا رێگربووە لە بەیەك گەیاندنی ئیخوان و دەسەڵات، تەنیا بوونی رژێمێکی پۆلیسی و میلتانتی وەك رژێمی موبارەك بووە، لەم سۆنگەوە سەرمەست بوون بەوەی میسرییەکان سەرسامن بە بەرنامەی ئاینیی ئیخوان، بۆیە لە ماوەی چەند مانگێکدا هەموو شتێکیان لە بیر کرد، بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان خستە تەنەکەخۆڵی کۆشکی

کۆمارییەوە، لە بری باشترکردنی هەلومەرجی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی میسر، دەستیان دایە پرۆسەی ئیخوانیزەی کۆمەڵگەی میسریی، ئەمەش ناکۆك بوو بەو رۆحە شارسانییەی گەلی میسر کە لە فیرعەونەکانەوە دەستپێدەکات تا هەنووکە. بۆیە کۆمەڵگەی میسریی زۆر زوو لە پەیام و پرۆتۆکۆلەکانی ئیخوان تێگەیشت، زۆر زوو دەرکیان بە مەترسییەکی گەورەتر کرد لە بەردەمیاندا کە چەند قاتی رژێمەکەی موبارەك مەترسیدارتر بوو.

هاشم ساڵح، بیرمەندی گەورەی عەرەب دەڵێ «دیکتاتۆریی ئایینی گەلێك مەترسیدارترە لە دیکتاتۆرییەتی سەربازیی، چوونکە یەکەمیان راستەوخۆ و بێ جیاوازیی هەڕەشە لە ئازادیی بیر و را و بیرکردنەوە و دەربڕین دەکـات». گەلی میسریی بە هۆشیارییەوە و بە تێگەیشتن لەوەی «ئیخوان» سەرقاڵی ئیسلامیزە و ئیخوانیزەی کۆی دامـەزراوە و کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانە لەو وڵاتە، بە تێگەیشتن لەوەی «ئیخوان» لە جێگەی دیکتاتۆریی پۆلیسی و سەربازیی پێشوو، سەرقاڵی رۆنانی دیکتاتۆریی ئایینییە، بەردەوامیان بە شۆڕش دا، یان بە مانایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ خەونەکانی شۆڕش، گەڕانەوە بۆ بەهاکانی شۆڕش. لەم نێوەندەدا «مەیدانی ئازادیی قاهیرە» بە دەنگێکی بڵند ئەوەی دووپاتکردەوە، شۆڕش کۆتایی نەهاتووە،

بەڵكو هێشتا شۆڕش درێژەی هەیە.

ئەوەشی لە میسر روویدا، «واتە پرۆسەی لادانی مورسی لە دەسەڵات» نەك ناچێتە چێوەی كودێتاوە، بەڵكو بە هەموو شێوەیەك رەنگ و مۆدیلێكی تری شۆڕش بوو، چوونكە كودێتا لەلایەن كەمینەیەكی سوپاوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوەی لە میسر روویدا، سوپا بە دیفاكتۆ كەوتبووە ژێر كارتێكردنی ئەو خرۆشانە گەورەییەی لە شەقامی میسرییدا دەبینرا. ئەگەرچی مورسی سەرۆكێكی هەڵبژێردراو بوو، لە رێگەی سندووقەكانی دەنگدانەوە گەیشتبووە دەسەڵات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، خەڵك ناتوانن لە رێگەی چالاكی مەدەنی و خۆپیشاندان و شۆڕشی سپییەوە، سەرۆك لا بدەن. بە پێچەوانەوە ئەوەی لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیموكراسیی فێری بووین ئەوەیە، شەقام دەتوانێت بە خۆپیشاندانی سەرتاسەریی كە لانیكەم گوزارشت لە رای زۆرینەی هاونیشتمانیان بكات، سەرۆك لا بدات.

من پێموایە لادانی مورسی و هەرەسهێنان بە حكوومەتەكەی ئیخوان لە میسر، سەرەتایەكی نوێیە لە ئاستانەی گەڕانەوەی خەونی شۆڕش، ئەو شۆڕشەی سەرەتا گەنجەكان دەستیان پێكرد و دواتر ئیخوان لە كاتی زانینی سەرەو لێژبوونەوەی دەسەڵاتی موبارەك، خۆی بەسەردا سەپاند. ئەم دەلاقەیەی لە میسرەوە كراوەتەوە دەكرێ لە تونس و لیبیا فراوانتر

بکرێ، هەرچی سوریاشە لەوە دەچێت ببێتە مەقبەرەی کۆی ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیرییەکانی ئەم ناوچەیە. ئەوەی من لەم چرکەساتە و لەگەڵ گەڕانەوەی خەونی شۆڕش وەبیرم دێتەوە، کۆپلەیەك لە گۆرانی «شۆڕش»ی «ڤیرۆنیکا ساسۆت»ە کە دەڵێت «هەموو شتێك بۆنی وەڕسیی لێدێت، بەڵام ژیان پێویستە جۆرێکی تر بێت». خاوەنەکانی شۆڕش لە میسر لەسەر هەمان ریتم بە دەنگێکی بەرز بە ئیخوان و دەسەڵاتی ئیخوانیان وت، گەرچی لە سایەی حوکمی ئێوە هەموو شتێك بۆنی وەڕسیی لێدێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ژیان بە جۆرێکی تر بێت. لەوەش گرنگتر بە کردەوە هەنگاویان نا بۆ جۆرێکی تری ژیان.

*ئەم وتارە لە ژمارە «١١٠٦» رۆژنامەی «هاوڵاتی»، لە رۆژی ٢٥-٧-٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.

-١٢-

## ئیسلامییەکانی کوردستان چی دەتوانن و چی ناتوانن؟

لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین رەوتی ئیسلامی سیاسیی لە باشووری کوردستان خۆیان خزاندە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوە, وەلێ پێش ئەو مێژووە گروپی برایانی موسڵمان (اخوان المسلمین) کار و چالاکیان دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و ژێرزەمینی بوو, بەشێوەیەکی گشتیش قۆناغی کاری ئاشکرای ئیسلامییە کوردەکان دەکەوێتە پاش هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لە ئێران, شتێکی شاراوەیش نییە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆی لە عێراق چەندین رەوتی وەك کۆنگرەی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە باشوور، بزووتنەوەی ئیسلامی لە باکوور دامەزراند, بە تایبەتی ئێران لە کاتی جەنگیدا لەگەڵ

عێراق دەیویست بەرەیەکی تری جەنگ لە دژی عێراق بکاتەوە لەلایەن خودی عێراقییەکان خۆیانەوە. دوای ڕاپەڕینی ئازاریش کە ئیسلامییەکان هیچ نەخش و رۆڵێکی ئەوتۆیان تێیدا نەبوو، بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیان کرد بە چالاکی و ئەو کەمپینەشیان ناونا: (رابوونی ئیسلامی لە کوردستان).

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆشدا چانسێکی زۆریان لەبەردەمدا کرایەوە تا بتوانن گەشە بدەن بە کار و جموجۆڵەکانیان و ببنە هێزێکی سەرەکی و خاوەن جەماوەرێکی فراوان، هەر بۆیە قڵشتی جەنگی ناوخۆ بە زیان بەسەر هەموو لایەن و پارتە سیاسییەکاندا شکایەوە جگە لە ئیسلامییەکان. لەمیانەی ئەو شەڕەدا بە پاڵپشتی ئێران بەشێك لە ئیسلامییەکان بوونە تەرەفی شەڕ و پارتە سکۆلارەکانیان ناچار دەکرد کە دان بنێن بە دەسەڵاتی ئەواندا بەتایبەتی کە دەیانوویست لەناوچەی شارەزوور و هەورامان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەن، بەڵام بەشێکی تر لە ئیسلامییەکان کەخۆی بە باڵی میانڕەو حسێب دەکات و پارچەیەکە لە (اخوان المسلمین) لە کوردستان، بە پارە و پیتاکی دەوڵەتانی کەنداو سەرگەرمی ئیسلامیزەی کۆمەڵگە بوون، هەر لەو زەمینە و لەو بارودۆخە بێ سەر و بەرییەی جەنگی ناوخۆ دەیان کۆڕ و کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسیی ئیسلامی دەستیان دایە کارکردن

که سەرەنجام دابەشبوون بەسەر دوو ئاڕاستەدا:

ئاڕاستەی یەکەم: خۆی لە توندڕەوەکاندا دەبینییەوە کە لە لوتکەدا (انصار الاسلام) هەبوو لە دامێنیشدا بزووتنەوە و کۆمەڵی ئیسلامی، ئەمانە بە پاڵپشتی قاعیدە و ئێران فوویان بە بوقی (جیهاد)دا کردبوو لە دژی دەسەڵاتی خۆجێی کوردستان.

ئاڕاستەی دووەم: خۆی بەباڵی میانڕەو دەزانێت و لە یەکگرتووی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتەوە، میانڕەویی لای ئەمانیش تەنیا بەشێکە لە تاکتیکی قۆناغێکی دیاریکراو، ئەگەر نا ئەمانیش دوا وێستگەیان دروستکردنی کۆمەڵگەی خەلافەتە.

سەرجەم ئەم هێزە ئیسلامییانەش خاوەنی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی نین بەڵکو پرۆگرام و کار و چالاکیان گێڕانەوەی دەسەڵاتی قورئان و ئیسلامە و زۆرترین خزمەتی کولتوور و رۆشنبیری عەرەبی و نەتەوە داگیرکەرەکانی تری کوردستان دەکەن، چوونکە ئەوان ئەوەندەی باسی (شەهید) بوونی فەلەستینییەکان دەکەن لەسەر دەستی (زایۆنیزم)، بە چارەکی ئەوە لاپەڕەکانی مێژووی ئەنفال و لە ناوبردنی جەماعی کورد هەڵنادەنەوە.

ئەوان ئەوەندەی شاگەشکە دەبن بە دەرچوونی پارتی

دادوەریی و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا، هیچ موهتەم نین بە دۆسیێی کورد لە تورکیا و بەهیچ کلۆجێکیش باسی فایلی ئۆجەلان و پەکەکە ناکەن و تا ئێستاش بە زاریاندا نەهاتووە تاکە وشەیەك بخەنە راژەی ئۆجەلان و کوردەوە لە تورکیا. ئەوان هێندە باسی گەریلا تیرۆریستەکانی چیچان دەکەن و گرنگی بە هەواڵەکانی گرۆزنی و سەرایڤۆ و دارولسلام دەدەن ئەوەندە بە لایانەوە گرنگ نییە کورد لە تورکیا و سوریا و ئێران چارەنووسی بەکوێ دەگات و چۆن و بە چ جۆرێك لە ژێر ستەمدا راگیراون.

ئەوان ئەوەندەی خەڵك ئامادە دەکەن بۆ حەج و زیارەتی مەککە و مەدینە، نیو هێندە خەڵك ئامادە ناکەن بۆ رێپێوانێك کە بەیداخی کوردستانی تێدا بشەکێتەوە. ئەوان ئەوەندەی باسی محەمەد و خەلیفە عەرەبەکان و مێژووی دەسەڵاتی ئومەویی و عەباسی و عوسمانلی دەکەن, بە هیچ جۆرێك باسی دەوڵەتی میدیا و زەند و میرنشینە کوردەکان و دیاکۆ و میری لەپ زێڕین و پاشا کۆرە ناکەن. ئەوان ئەوەندەی منداڵی شەش ساڵ و هەشت ساڵ رادەکێشنە حوجرە و قورئانیان پێ دەخوێنن هەر هیچ باسی ئاڤێستا و گاتاکان ناکەن بەڵکو بە کتێبی زەندیکەکان ناودێری دەکەن.

ئەوان بەقەدەر ئەوەی خەڵك هاندەدەن بۆ زەکات و نوێژ و ئایینپەروەریی و چی و چی هێندە خەڵك جۆش نادەن بۆ

کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی. ئەوان ئەوەندەی باسی (برا) موسڵمانەکانیان دەکەن لە واقواق و بنی دنیا کەچی ئاوڕێك لە هاونیشتمانییە کوردەکانیان نادەنەوە لە ژێر چەپۆکی بێگانەدا. ئەوان ئەوەندەی شانازیی بە (هارونە رەشید و حەسەن بەنا و سەید قوتب)ەوە دەکەن پێیان شەرمە شێخ مەحموود و قازی و بارزانی و قاسملۆ بە رەمزی خۆیان ناوزەد بکەن, ئەوان دەتوانن پەنجا هەزار کەس بهێننە سەر شەقام داوای ئازادکردنی مەلا عەلی باپیر بکەن کەچی ناتوانن پێنج هەزار کەس هاندەن داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیشی لەگەڵدا بکەن.

ئەوان سیحری ئەوەیان هەیە سەدان و هەزاران کەس لە مزگەوتەکاندا بە دیار خورافە و جەهل و مێژووی خوێناویی ئیسلامەوە رادەژەنن کەچی ناتوانن پێنج سەد کەس بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بهێننە سەر شەقام. ئەوان دەتوانن هەڕەشە لە خەڵکی کۆمۆنیست و لیبراڵ بکەن و تەنانەت تیرۆریشیان بکەن کەچی ناتوانن فیشەکێك بەرامبەر بە دوژمنی نەتەوەکەیان بتەقێنن. ئەوان دەتوانن لەسەر جادە و کۆڵان هویها لە ئافرەتی مەدەنی بکێشن و دەیانەوێ بەحیجاب تەعریبیان بکەن کەچی ناتوانن هویها لە عەرەبی هاوردە و بەرەی تورکمانی بکێشن، بەڵکو دۆستی یەکترن.

ئەوان دەتوانن عەبدولخالق مەعروف و فەرهاد فەرەج شەهید بکەن کەچی ناتوانن پارێزگاریی لەپێنج مەتری خاك و سنووری کوردستانەکەیان بکەن. ئەوان دەتوان لە دوورترین جێگاوە و ئامڕازەکانی تەقاندنەوە و تلیاك بهێنە کوردستان کەچی ناتوانن کۆمپیوتەرێك یان تەلەفزیۆنێك بۆ ئەم وڵاتە بهێنن. ئەوان دەتوانن سەدان حوجرە و مزگەوت و بارەگای سیاسیی بکەنەوە کەچی ناتوانن پردێکی داڕوخاو چاك بکەنەوە, ئەوان دەتوانن دادگا لە نووسەر و قەڵەم بەدەستی ئازا و ئازاد و عەلمانی بگرن کەچی ناتوانن داوا لەسەر عەلی کیمیایی قەید بکەن.

ئەوان دەتوانن خەڵك رابێنن لەسەر تیرۆر و تەقاندنەوە و رق و تۆڵە کەچی ناتوانن وانەکانی خۆشەویستی نیشتمانیان فێربکەن, ئەوانەی دەتوانن زۆر شت بکەن لە دژی کورد و راژەی عەرەب. کاتێکیش دەڵێین ناتوانن مەبەستمان ئەوە نییە کە دەستیان گیراوە بەڵکو ئەوەیە نایانەوێ بیکەن. لە دواجاردا دەڵێین ئەوان توانیان فشار بخەنە سەر پارتی و یەکێتی تا کورسییەکانی خۆیان لە پەرلەمان لە حەوتەوە بۆ نۆ زیاد بکەن کەچی نەیانتوانی رستەیەکی بە سوود بۆ ئاشتبوونەوەی ئەو دووپارتە بهۆننەوە.

*ئەم وتارە لەژمارە (١٠) رۆژنامەی (نێوەند) لەرۆژی ٢٠-١٢-٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

-١٣-

## ئیسلام و عروبە دوو رووی یەک دراون

هەمیشە بۆ قسەکردن لەسەر ئیسلام و عروبە و پەیوەندیی ئەو دووانـە بەیەکەوە دەمانباتەوە سەر هەمان پرسیاری ئایا مریشك لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە؟ لەڕاستیدا وەڵامەکە بەهەر بارێکدا بێت هەر راستە، بە هەمان شێوەش ئەگەر بڵێین عروبە بەرهەمی ئیسلامە، یان ئیسلام بەرهەمی عروبەیە ناکەوینە هەڵەوە و لەهەر بارێکدا بێت وەڵامێکی گونجاوە، چوونکە ئیسلام و عروبە دوالیزمێکن کە بووون مێژوو و سەرهەڵدانیان ئاوێتەی یەکتری بووە و بە یەکدی بەستراوەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین دوو رووی قەڵبی دراوێکن کە توندوتیژیی و تیرۆر و ئەنفال و شمشێرە. عەرەب هەمیشە بە دەستێکی شمشێری هەڵگرتووە لە پەنا دەستێکی قورئانیدا، قورئانیش کەرتەلۆکی هەڵسوڕان و کارکردنی عروبەیە، ئەگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆز و بنەمایی کۆمۆنیزم بێ، ئەوا قورئان کتێبی پیرۆزی عروبەیە.

له واقیعیشدا نامەیەکی عەرەبیانەیە و هیچی دی، بۆ هۆ نییە عەرەبەکان هەمیشە پارێزگاریی دەکەن لە مانەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی و ڕێ دەگرن لە هەوڵی وەرگێڕانی بۆ سەر زمان و هەر ڕێنووسێکی تر، بەڵکو ئەوان تەنیا ڕێگە دەدەن بە تەفسیر و خوێندنەوەی ئایەتەکان (ئەمەش لە چوارچێوەیەکی تەسکدا) هەر هەوڵێك بەدەر لەمە مەحکومە بە کوفر و زەندیك بوون، لە کاتێکدا دەبینی تەورات و ئینجیل وەك دوو نامەی ئاینیی و (ئاسمانی) بۆ سەر چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدراون، هەر کەس و نەتەوەیەك دەتوانێت بە زمانی ڕەسەنی خۆی بیانخوێنێتەوە.

بە دیوەکەی تریدا قورئان فاکتۆرێکی بە عەرەبکردن و سڕینەوەی ئەویتری غەیرە عەرەبە، ئەمەش لەڕێگەی بە پیرۆزگرتن و بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەیدا، هەروەها عەرەبەکان هاتنی یەکەم و دوا پێغەمبەری عەرەبی (محەمەد) تەنیا بۆ عەرەب نازانن بەڵکو بۆ هەموو جیهان، بەڵام دەبێت سەروەریی هەر بۆ عەرەب بێت و چینی ئەریستۆکراسی قورەیش دەسەڵاتی درێژخایەن و جاویدانی سەرجەم کۆمەڵگای خەلافەت جڵەو بکات.

عەرەبە ئیسلامەکان لە سەردەمی فتوحاتدا کە هاتن کولتوور و ترادیسیۆن و ژیار و شارستانی و پەرستگا و

کتێبخانە و نامە پیرۆزەکانی تری نەتەوە بە موسڵمانکراو و نیشتمانە تازە داگیرکراوەکانیان لەناوبرد، کە سەرلەشکری عەرەبی ئیسلامی (سەعدی کوڕی باوکی وەقـاس) گەیشتە شاری (مەداین) نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفە نارد کەچی لەو هەموو کتێبە بکات لە شارەکەدا، (عومەر) لەوەڵامدا دەنووسێ مادام قورئانمان هەیە بە ئاویاندا بدە یان بیانسووتێنە، بۆیە ئەویش زۆر (مەردانە) دەست دەکات بە سووتاندنی کتێبخانەکانی ئەو شارە.

لە یەکێك لەو دیکۆمێنتانەی لە کوردستان دۆزراوەتـەوە، هۆنراوەیەکە بەدیالێکتیکی هەورامی کە ئاماژە دەکات بە ئەنفال و لەناوبردنی پەرستگا و ئاتەشگاکان و کوشتنی پیاوان و بەغەنیمەت گرتن و کەنیزەککردنی ئافرەتانی کورد، کە ئەمە یەکەمین ئەنفالی کـوردە لەسەر دەستی عەرەب و یەکەمن سەرەتاکانی دەرکەوتنی عروبە و ناسیۆنالیزمی خێڵەکی عەرەبە. دواتر لە سەردەمی (عبدالملك بن مروان)ەوە مەرسوماتی دەوڵەت و نوسراوەکان و نووسینی سەر دراوەکان و هەموو نووسراوەکانی تری دەوڵەتی خەلافەت بەعەرەبی کران و بە هەموو شێوەیەك کارکرا بۆ لەناوبردنی کولتووری کورد و فارس و گەلانی تری ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی- عەرەبی.

بۆ نموونە لە سەردەمی یەکێك لە خەلیفەکانی عەباسیدا تابلۆیەکی پاشماوەی ساسانییەکان لە عێراقدا مابووەوە کەچی بەفەرمانی خەلیفە ئەو تابلۆیە لەناوبرا!. بێ لەمانەش هەموو موسڵمانە غەیرە عەرەبەکان، چین و توێژاڵی خوارەوەی کۆمەڵ بوون و بە چاوێکی کەمتر سەیر دەکران، بە موالی و شوعبی ناودەبران، رۆژێك لە رۆژان بۆیان نەبووە بەشداریی بکەن لە پێکهاتە و ژیانی سیاسیی و ئیداریدا لە نێو خەلافەتی ئیسلامیدا، سەرباری ئەوەش سەرکوتکراون، تا ئەو ئاستەی نەیانتوانیوە ژن لەعەرەبەکان بخوازن و لە دوا جاریشدا هەروەك (کافرەکان) جزیە و سەرانەیان لێ سەندراوە.

بە درێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئومەوی و عەباسی، کورد و بلوج و فارس و ئازەر و ئاشووری سەرکوتکراون و شۆڕش و راپەڕینەکانیان بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن و جۆرەها ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی پوکێنراوەتەوە و رۆحی نەتەوەییان خراوەتە ژێر پێی فیوداڵە خێڵەکییەکانی عەرەبەوە. لە سەردەمی نوێشدا عەرەب هەر بە چەکی ئیسلام و قورئانەوە دێتە گۆڕەپان و بەرگی دین دەکاتە بەر هەموو ئەو تاوان و دڕندایەتی و جەنگ و کاولکارییانەی کە دەیانکات، دینی عەرەبیش پاڵپشت و پشتیوانییەتی.

سەددام کورد قڕانی ناونا ئەنفال، حکوومەتی سودان

کوشتنی مەسیحییەکان بەغەزا دادەنێت، قیبتییەکانی میسر بە ناوی بڵاوکردنەوەی فەسادی ئەخلاقییەوە جەهەنمیان بۆ دادەخرێت. هەموو عەرەبیش کێشەیەکی جوگرافی و مێژوویی وەك کێشەی عەرەب- جوولەکە دەبەسنەوە بە ئیسلامەوە و بە هەموو ئیسلام تێدەکۆشن بۆ لەناوبردنی جوولەکە و ئیسرائیل. بۆیە ئیسلام و عروبە ئاوێتەی یەکترن و وەك مەلێك وان کە هەر یەکێکیان باڵێکییەتی، بۆئەوەی کردەی فڕین بەئەنجام بگەیەنرێت دەبێت هەردوو پاڵەکە بەهاوشانی یەکتر لە کاردا بن.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٨٧) رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە١٢-١٠-٢٠٠٦بڵاوبووەتەوە.

-١٤-

## یەکگرتووی ئیسلامی هاوپەیمانی فەلوجەیە

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی عێراق، قڵشت و ناکۆکی کەوتە نێوان پێکهاتەکانی لیستی هاوپەیمانی پێشووی کوردستان کە یەکگرتووی ئیسلامی یەکێك لە رەگەزە سەرەکییەکانی بوو، دواتریش یەکگرتووی ئیسلامی و چەند باڵێکی لاوازتری هاوپەیمانی کوردستان بڕیاریاندا بە لیستی تایبەتی خۆیان بچنە ناو پرۆسەکەوە. ئەم جیابوونەوەیەی یەکگرتووش قسە و باسێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە چ لەسەر ئاستی شەقام چ لەسەر ئاستی ناوەندی سیاسیی و رۆشنبیریی.

لەم نێوەندەشدا پارتی و یەکێتی تەواو قەڵس و بێزاربوون و لە هەندێ رایەڵ و کەناڵی راگەیاندنەکانیانەوە هێرشیانکردە سەریان و بە خیانەتکار و قاچاخچی و هاوپەیمانی تیرۆریستان و زەرقاوی لەرقەڵەمیاندان، لێ من بۆ خۆم لەمە هیچ لاریم

نییە، بەڵکو ئەم رایەی ئەمڕۆ پارتی و یەکێتی پێی گەیشتوون یان راستتر ئێستا دەیدرکێنن دەربارەی یەکگرتوو پێش چەندان ساڵ رۆشنبیرانی سکۆلار و چەپەکان باسیان کردووە و دەیان جاریش حەزەریان داوە بەدەستەڵات لە بارەی سامناکیی و کوشندەیی ئەندێشەکانی یەکگرتوو.

بۆ جاری یەکەم نییە یەکگرتوو هەڵوێستی وەها نێگەتیڤ و ترسناك دەگرێتەبەر، بەڵام دکارێ ئەمەیان بە لوتکەی هەڵوێستە ناکوردانە و نابەرپرسەکانی یەکگرتوو بزانین!، هەرواش یەکگرتووی ئیسلامی وەك باڵی (اخوان المسلمین) لە کوردستان خاوەنی سیاسەتێکی دیماگۆگی و پراگماتیکین، هەر بۆیە نەك ئەم هەڵوێستە بەڵکو دەبێ فیشەك نان و سەنگەر گرتن لە گەلی کورد چاوەڕێ بکەین لێیان. لێرەوە هەوڵدەدەم سەرنج و بۆچوونەکانم لە چەند خاڵێکدا پوخت بکەمەوە.

١- هەندێ خەڵکی سادە و ئاسایی وا تێدەگەن هەڵوێستی دژایەتی و دوژمنایەتیکردنی کورد لە مرۆڤی موسڵمان و باوەڕدار بە ئیسلام ناوەشێتەوە، مخابن ئەزموون ئەوەی نیشانداوە دین هیچ کات رێگر نەبووە لە بەردەم خیانەتکردن لە نیشتمان و نەتەوە و خاك. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی خۆمان بدەینەوە و بمانەوێ ئەم راستییە بەدی بکەین (سەلاحەدینی ئەیوبی، مەلا ئیدریسی بەتلیسی، مەلای خەتێ، سەعید

نەورەسی..هتد..) لەو جۆرە موسڵمانانەن ئەگەر بە پێوەرە نەتەوەییەکان بیانپێوین دەچنە ریزی خیانەتکاران و دوژمنانی گەلەکەیانەوە. ئەوجا لەو پۆلە مەلا و نیمچە پێغەمبەرانە بگەڕێ جەنگی دۆڕاوی «سەدام»یان بە داستانی قادسیەی دووەم و جیهاد لە پێناوی خودا و جەنگی پیرۆز ناوزەد دەکرد. لەبەرئەوە موسڵمانبوون و نەبوونی یەکگرتوو هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و ئیسلامیش هەرگیز نەبووەتە رێگری هیچ کەس لە هەر جۆرە خیانەتکردنێك.

٢- هەندێك خەڵك تەنانەت کەمێك لە دەستەبژێرە رۆشنبیرەکەش یەکگرتوو وا لەقەڵەم دەدەن موسڵمان نییە لەبەرئەوەی هەڵوێستی لەمجۆرە لە موسڵمانان ناوەشێتەوە! ئەم جۆرە روانینە چیتر نییە جگە لە پاڕانەوە بۆ ئاینی ئیسلام و مەعسوم و بێگەرکردنی کەسێتی موسڵمان. سەمەرە و گاڵتەجاڕییەکە لێرەدایە ئەگەر یەکگرتوو موسڵمان نەبێ، ئەی کێ موسڵمانە؟ بێ هیچ گومان و دوو دڵییەك یەکگرتووی ئیسلامی نوێنەری جۆرێك لە تەفسیر و تەئویل و رێچکەیە لە ئیسلام، هەر هەوڵدانێك بۆ خستنە دەرەوەی یەکگرتوو لە بازنەی ئاینی ئیسلام هەوڵێکی رەنج بەبا و بێ سوودە.. تەنانەت ئەوەندە بێ مانا و گێلانەیە وەك دەرکردنی لینین و بەڵشەفیك وایە لە کۆمۆنیزم، یان دەرکردنی هیتلەر و پارتەکەی لە نازیزم.

٣- یەکگرتووی ئیسلامی لە سەرجەم پێشهات و هاوکێشە سیاسییەکانی رابردوو بەشدار و هاوبەشی پارتی و یەکێتی بووە، ئەشەدوبیلای بۆ سیاسەتە چەوتەکانی پارتی و یەکێتی دەکـرد. کاتیَ ئەمڕۆ جـودا دەبێتەوە لە لیستی ئـەوان، بە دڵنیاییەوە جۆرێکە لە گەمەی سیاسیی و هەوڵدانێکیشە بۆ زانینی هێز و سەنگ و قورسایی خۆیان، بۆئەوەی بزانن تاچەند دەتوانن بەو پلانەی خۆیان هەیانە ئیسلامیزەی کۆمەڵگەی کوردستان بکەن. لەلایەکی ترەوە (حزبی ئیسلامی عێراق) کە هاوپەیمانی یەکگرتووە و هەردووکیان لە خاڵی (اخوان المسلمین)دا یەکدەگرنەوە, هێزی یەکەم و سەرەکی سێگۆشەی سوونەنشینە. رەنگبیَ بیانەویَ لەگەڵ ئەو حزبە هاوپەیمانی ببەستن لەپێناوی دورستکردنی فراکسیۆنێکی ئیسلامی سوونی لە پەرلەمانی عێراق و دەسەڵاتی دادێی ئەم وڵاتە (ئەمە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر).

٤- یەکگرتووی ئیسلامی لە کاتی جیابوونەوەی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان باسی گەندەڵی ئیدارە و هەر دوو پارتە سەرەکییەکە دەکات! وەك ئەوەی گەندەڵی دیاردەیەکی نویَ بێت و ئەمڕۆ پێی زانرابێت. یەکگرتوو چەند ساڵە بۆ باسی گەندەڵی ناکات؟ ئایا یەکگرتوو خۆی پشکی بەرناکەویَ لەو گەندەڵییانە؟ خۆ ئەوان لە حکوومەتی پارتیدا بەشداربوون و

وەزارەتی دادیان بەدەستەوە بوو بۆ دادی هیچ گەندەڵکارێکیان نەکرد؟.

ئەی یەکگرتوو خۆی کەم گەندەڵی کردووە؟ ئایا راکێشانی دەیان ملیۆن دۆلار و ریال لەملاولاوە کە کەس نازانێ بۆچی دێ و چی لێدێ گەندەڵی نییە؟. ئایا کەم گەندەڵی دەکرێ لە دارایی تایبەتی یەکگرتوودا؟ ئاهەنگە سەدان هەزار دینارییەکەی کوڕی عەلی قەرەداغی گەندەڵی نەبێ چییە؟ من دەڵێم پارتی و یەکێتی تاسەر ئێسك و مۆخ گەندەڵ و دزن، بەڵام ئایا بەرپرسەکانی یەکگرتووش هەروەك پارتی و یەکێتی گەندەڵ نین؟ وەك ئەوان خاوەن کۆشك و تەلار و ریزە ئۆتۆمبێل نین؟ ئەی سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی بەرپرسەکانی یەکگرتوو گەر گەندەڵی نەبێ ئاخۆ چییە؟.

٥- یەکگرتووی ئیسلامی پارتێکی سەربەخۆی کوردستانی نییە و گرێدراوی (اخوان المسلمین)ە. تا ئەم دەقیقەیەش (رێبەری گشتیی- مرشد العام) لە میسرەوە تەوجیهات و رێنماییان بۆ دەنێرێ. گەر یەکگرتوویەك ریمۆند کۆنترۆڵەکەی لەدەرەوەی وڵات بێ و لەوەش کارەساتبارتر ئەو دەرەوەی وڵاتە دژی هەموو دەسکەوتێکی بچووك و گەورەی گەلی کورد بێ دەبێ چی لێ چاوەڕوان بکرێ؟ ئەو (اخوان المسلمین)ەی یەکگرتوو پارچەیەکە لێی و شانازیی پێوە دەکات دوژمنی

سەرسەخت و شێلگیری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە.

ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلی کوردیان بە هەڵگەڕانەوە لە دین و نۆکەرایەتی زایۆنیزم و بە دەستی شەیتانی گەورە (ئەمەریکا) لە قەڵەمدا. هەنووکە یەکگرتوو سوجدەی بەندایەتیان بۆ دەبات. ئەم کلکایەتی و پاشکۆیەتییەی یەکگرتوو ئەوەندە ئاشکرا و دیارە (هەروەك درەوشانەوەی ئەڵماس وایە لە ژوورێکی تاریکدا). هەر لەبەرئەم هۆیە ئەو هەڵوێستەی یەکگرتوو بە دەستی دەرەوە دەزانم یان بە جۆرێك لە جۆرەکان فاکتۆری دەرەکی ڕۆڵی تێدا بینیووە.

٦- یەکگرتووی ئیسلامی و بەرپرسە باڵاکانی هاتوون فرمێسکی تیمساحانە بۆ دیموکراسی هەڵدەڕێژن و وا رادەگەیەنن جیابوونەوەی ئەوان بۆ مانادارکردنی دیموکراسییە، بۆئەوەیە ململانێ و کێبڕکێی دیموکراسی لە کوردستان دروست بێ!!! ئەوان کە تووشی فۆبیا بوون لە بەرامبەر هەموو ئەو سیستمانەی هەڵقوڵاوی ژیاری خۆرئاوان لە نێویشیاندا دیموکراسی، ئەوان کە دینەکەیان بە ڕەها و ڕاستی بێ چەند و چوون دەزانن و کۆی تێکستە قورئانییەکانیش دژی ئاوها سیستمێکە ئیتر باسی دیموکراسی و مانادارکردنی دەبێ چ کۆمیدیایەك بێ؟ ئەوان کە هاتوون ئازادیی بخنکێنن و دارکاریی مافە فەردیی و مەدەنییەکانی خەڵك بکەن. بە چ

رووبەکەوە دێن باسی ئەو چەمکە دەکەن و بگرە خۆیان دەکەنە دەم سپی و کەوا سووری بەرلەشکری دیموکراتی؟. ئاخر ئەوان مەلا کرێکار وتەنی دیموکراسیان تەنیا بۆ ئەوەیە دیموکراسی پێ لەناوببەن.

٧- جاشایەتی و چڵکاوخۆریی یەکگرتوو بۆ عەرەب بەتایبەت بۆ وڵاتانی چەوری کەندا و لە هیچ کەس شاراوە نییە، بەڵام نەگبەتی کورد لەوەدایە مرۆڤێك لە ترسی وەحشییەت و دڕندەیی سەددام و فیراری پسووڵەیەکی خەفیفەی هەڵگرتووە ئێستا بۆتە پەڵەی شەرمەزاریی نێوچەوانی و لێی نابێتەوە، کەچی حزبێکی سیاسیی وەك یەکگرتوو سەرلەبەر جاشە و کەسیش لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێ!!!. پێم سەیرە یەکگرتوو باسی کوردایەتی و کوردبوون دەکات لە ساتێکدا پیاوێکی وەك (عەلی قەرەداغی) کە وەك عومەری کوڕی خەتاب وایە لەلایان لە دەوحە و دوبەی بە دشداشە و عەگالەوە سواڵ بۆ یەکگرتوو دەکات.

پارتی و یەکێتی لەهەموو کەس باشتر دەیانزانی یەکگرتوو هەروا بە خۆڕایی لە کەنداوەوە ئەم هەموو پارەیەیان بۆ نایەت ئەگەر عەمیل و چڵکاوخۆری عەرەب نەبن، بەڵام خۆخەریکردنیان بە ململانێی ناشەریفانەی نێوانیان وایکرد ئەمانە هەڵبتۆقن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە بکەن. من بۆخۆم

هیچ گومانم نەبووە لە جاشایەتی یەکگرتوو، ئێستاش بەوپەڕی یەقینەوە ئەمەم بەدۆکۆمێنت بۆ دەرکەوت، چوونکە ئەمڕۆ یەکگرتوو هاوپەیمانی فەلوجەیە.

٨- بەدرێژایی دە ساڵی رابـردوو، رۆشنبیران و چەپ و عەلمانییەکان خەتەرناکیی یەکگرتوویان نیشانی دەسەڵاتی سیاسیی دەدا، بەڵام نەك ئەوەی دەسەڵات مێش میوانی نەبوو بەڵکو زۆرجار بۆیان دەپاڕانەوە، (مام جەلال) دەهات پۆڵێنی ئیسلامییەکان دەکرد، لەو ریزبەندییەدا یەکگرتوو موسڵمانی رەسەن و میانڕەو بوو، لەولاوە پارتی کردبوونییە هاوبەش و هاوپەیمانی خۆی، وەزارەتی پێدابوون، لەولاتریشەوە رەوتە عەلمانی و چەپەکان ئەوەندەیان وت و رێسا بوو بە چەنەبازیی و هیچشیان بەرنەکەوت.

زۆربـەی جاریش پیاوە گرگنە خۆ بەسکۆلارزانەکانی دەسەڵات لە قەباعەتدا دەیانووت نا یەکگرتوو قەڵغانێکی چاکە لە بەرامبەر ئەوانەی کورد بە کۆمۆنیست ناو دەبەن. هەندێکی تر فەلسەفەیان دادەتاشی و کاوێژی ئەوەیان دەکرد گوایە یەکگرتوو روویەکی تری دیبلۆماسییەتی کوردە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئێستاش یەکگرتوو بۆتە (ئیبلیس) لێیان و گوپ و دەمی خۆیان بۆ پڕ کردوون لەجنێو و تانە و توانج، بەڵام یەکگرتوو هیچ نەگۆڕاوە، ئەوەی گۆڕاوە ئەوانن، ئەوە

پارتی و یەکێتی بوون بە هەڵەدا رۆیشتن و یەکگرتوویان کرد بە کەڵەگا بەسەرمانەوە.

٩- پێویستە بزانرێت نووسەری ئەم بابەتە بۆ پارتی و یەکێتی ناپاڕێتەوە، بەڵام ناڕازیبوونم لە پارتی و یەکێتی نابێتە هۆی ئەوەی دەستخۆشی لەم هەڵوێستەی یەکگرتوو بکەم. رەنگبێ من مەبەستم لەو هەڵوێستەیان ئەوە نەبێ بەم کارەیان زیان بە بەرژەوەندیی کورد دەگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەز هەر لە بنەڕەتەوە دژی هەر هەڵبژاردنێکم بۆ عێراق بێ یان دیسان جارێکی تر کوردستان لەحیم بکاتەوە بە عێراقی عروبە و گۆڕی بە کۆمەڵەوە. لێ هەڵوێستەکەی یەکگرتوو زۆر ئۆپۆرتۆنیستانە و غافڵگیرانە بوو. هەرچەندە دەشزانم سبەینێ لەگەڵ پارتی و یەکێتی دەبنەوە بە برای گیانی بە گیانی، بەڵام نەیاریی من لەگەڵیان نەك پەیوەندیی بە پارتی و یەکێتییەوە نییە بەڵکو نەیاریکردنێکی جاویدانی و ئەبەدییە لەگەڵیان.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢) گۆڤاری (راستەرێ) لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبووەتەوە.